هاشم سالّح

# ئایین.
# فاشیزم.
# مەرگ

کۆمەڵە وتار

وەرگێڕانی
هەورامان وریا قانع

www.hoshyari.com

# پێڕست

## بەشی یەکەم

چۆن و لە کوێدا ئیخوان موسلمین و برنارد لویس بەیەکدەگەن؟............ ٧
کامەیە ژیانی سەرکەوتوو؟........................................................ ٢١
فەندەمێنیتالێزمی تاریکبین و ئەو جەنگەی هەر دەبێت ڕوبدات.............. ٣٤
مۆدێرنە چۆن لە ڕاڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لایدا؟.............................. ٤٥
بن لادن دەنگێك لە قوڵایی ئەشکەوتە تاریکەکانەوە............................ ٥٩
ئایا بەڕاستی چوینەتە ناو سەردەمی جیهانگیری گەردونییەوە؟............... ٦٧
پەتای تیرۆر لەبەردەم دەروازەی هۆڵەندا........................................... ٧٧
تاریکبینەکان لەبەردەم جەنگێکی دۆڕاودا........................................... ٨٧
ململانێی نێوان بیرلێکراو و بیرلێنەکراو............................................. ٩٥
گواستنەوە لە دینداری توندڕەوەوە بۆ دینداری عەقڵانی......................... ١٠٣
ئایا محەمەد ئارکۆن گۆڕاوە؟....................................................... ١١٣
یەکێتی ئەوروپا.....هەڵەی زیرەکەکان.......................................... ١٢١
جیهانی عەرەبی، ئایا بەبێ فەندەمینیتالێزم...................................... ١٢٩
تۆبلێی ئەزمونی یەکێتی ئەوروپا بۆ عەرەب سەرکەوتوبێت؟.................. ١٣٧
قەسابخانەکەی لەندەن و فاشیزمی فەندەمینیتالێزم.............................. ١٤٥
کامیکاز....ژیان دژ بە کامیکازی مەرگ.......................................... ١٥٣
مێژوو لە ئاستی ڕوکەش و لە ئاستی قوڵیدا........................................ ١٦١
سیستەمی فیدراڵی لەعێراق باشترین سیستەمی سیاسییە ............... ١٦٩



ترس لە ئازادی بۆ؟.................................................................. ١٧٧
جان جاك ڕۆسۆ..بیرمەندێك لە زەمەنی ڕاوەدونانندا............................ ١٨٩

## بەشی دووەم

ئەو شاعیرەی مرد تاکو شیعر بژی................................................. ٢٠٣
شاعیرێك لەسەر لێواری شێتبون ژیا.............................................. ٢١٣
ڕینیە ماریا ڕیلکە...................................................................... ٢٢٣
نامەکانی ریللکە بۆ کچێکی هاوڕێی سەفەرەکانی............................... ٢٣٣

# بەشی یەکەم

## چۆن و لە کوێدا ئیخوان موسلمین و برنارد لویس بەیەکدەگەن؟



بە هەموو پێوەرێك ئەم کتێبە کتێبێکی نایابە و قسەوباس لە کێشەیەك دەکات کە لە ئێستادا جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، مەبەستم کێشەی پەیوەندیی نێوان ئاین و سیاسەتە لە ئیسلامدا. ئەم کتێبە خۆی لە کۆمەڵێ پرسیاری توند یاخود ڕوگیر لانادات، پرسیارگەلێك لە جۆری: ئایا بە ڕاستی ئیسلام ئاینی توندوتیژییە وەك ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی خۆرئاوا دوای یازدەی سێپتێمبەر وایدەردەخەن؟ ئایا بەڕاستی ئاینی ئیسلام لە ڕەگ و ڕیشەوە لە ئاینەکانی دیکە جیاوازترە؟ وەك ئەوەی "برنارد لویس" و بەشێکی گەورە لە توێژەرو خۆرهەڵاتناس و ڕۆژنامەنوسە ڕۆژئاواییەکان پێیان وایە؟ ئایا بەڕاستی ئاینی ئیسلام جیاکردنەوەی نێوان دین و دنیا یاخود نێوان رۆح و زەمەن ڕەتدەکاتەوە، بە پێچەوانەی مەسیحیەت کە هەر لە سەرەتاوە ئەو دوانەی لەیەك جیاکردۆتەوە، وەك ئەوەی "برنارد لویس" و دەیان رۆشنبیری دیکە، لەوانەش رۆشنبیرانی عەرەب بانگەشەی بۆ دەکەن.

بە مانایەکی دیکە: ئایا ئاینی ئیسلام لە جەوهەردا ئاینێکە دژ بە عەلمانیەت و ئازادی، لە کاتێکدا مەسیحیەت ئاینێکە عەلمانیەتی قبوڵەو ڕێگەی پێدەدات؟ بەوشەیەکی دیکە و بە کوردییەکی پەتی بڵێین: ئاخۆ ئاینی ئیسلام ئاینی دواکەوتن و نەزانی و دەمارگیرییە، لە کاتێکدا ئاینی مەسیحی ئاینی پێشکەوتن و شارستانیەت و لێکبوردنە؟

"محەمەد شەریف فەرەجانی" پرسیارگەلێکی زۆر دەخاتە ڕوو. ئەو بەوپەڕی بوێری و شارەزاییەکی فراوان و بە توانایەکی باشی شیکردنەوەو ئەنجامگیرییەوە وەڵامیان دەداتەوە. دانەر لە دوو بەرەوە ئەم جەنگە بەڕێوە دەبات: یەکەمیان بەرەی خۆرهەڵاتناسە فەندەمینیتاڵیستەکان و لە سەروی هەمووشیانەوە "برنارد لویس"ی پیرە ڕێوی، دووەمیان بەرەی فەندەمینیتاڵیستە ئیسلامییەکانە بە هەموو جۆر و ڕەنگێکیانەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەی تێیگەشتوین، ئەم دوو ڕەوتە (بەرەیە) کە زۆر دژبەیەکن، کەچی لە هەندێ تێزی سەرەکیان دەربارەی ئیسلام بە شێوەیەکی بابەتیانە پێکدەگەن و هەمان ئەو ئەحکامە پێشینانە دەچەسپێنن کە پێشتر لە خۆرهەلأت و خۆرئاوادا باووبلأوبووە.

یەکەم تێزیش ئەوتێزەیە کە دەڵێ ئیسلام دین و دنیایە و بە پێچەوانەی ئاینی مەسیحی ڕازی نابێت ئەو دوانە لێکدی جیابکاتەوە.

سەبارەت بەم مەسەلەیە (جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت) ئیخوان موسلمینەکان هەمان ئەو شتانە دەڵێن کە "برنارد لویس" دەیانڵێت و قسەکانی ئیخوان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ قسەکانی "برنارد لویس"دا نییە. تەنها یەك جیاوازی نەبێت، ئەویش ئەوەیە: "برنارد لویس" ئەو حاڵەتە بە نیشانەی پاشکەوتنی شارستانیەت دادەنێ، کەچی ئیخوانەکان ئەو حاڵەتە بە نیشانەی سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر هەموو ئاینەکانی دیکەدا دادەنێن!..

هەموو بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی توێژەری تونسی بە توانا تەرخانکراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێزەی سەرەوە و بە درۆخستنەوەی. ئالێرەوەیە گرنگی ئەم کتێبە دەردەکەوێ کە عەقڵەکان ڕزگار دەکات و کتێبەکە دروست لەکات و ساتی خۆشیدا بلأوبوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم تێزە ئەوەندە بە شێوەیەکی بەرفراوان هەیمەنەی کردبوو بەسەر ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و خەڵکانی سادە لە خۆرهەلأت و خۆرئاوادا، خەریك بوو بگەینە ئەو وەهمەی کە ئەو تێزە تێزێکی تەواو ڕاستە و هیچ گفتوگۆ و مشتومڕێکیش قبوڵ ناکات. ئەمە چ جای پێداچونەوەو ڕەخنەلێگرتن. ئیسلام لە تێڕوانینی ئەوانەوە ئاینێکی شمولی، تۆتالیتاری، هەموانییە (کلیانی) کە هەرگیز ڕێگەنادات بە جیاکردنەوەی بواری ئاینی لە بواری دنیایی، ئیدی ئەی موسوڵمانان خۆتان سەغڵەت مەکەن و هەوڵمەدەن بەرەو پێشەوە پێشبکەون یاخود گەشە بکەن، چونکە ئاینەکەتان بە تەواوی ئەوە ڕەتدەکاتەوە و ڕێگەی



پێنادات، هەربۆیە هەموو هەوڵەکانتان شکست دێنێت، لێرەوە ئەوەی لەسەرتانە بیکەن ئەوەیە خۆتان بدەنە دەست قەدەرەکان و گوێڕایەڵی لێکدانەوە کۆنەکانی پیاوانی ئاینی و حوکمی تیۆقراتی و سیستمە ستمگەرەکان بن.

بگرە تەنانەت "مەکسیم ڕۆدنسۆن"ی مارکسی، مادی، پێشکەوتوخواز، کەوتە داوی "برنارد لویس" و تێزە بەناوبانگەکەی (کە هەمان تێزی موسوڵمانە کۆنزەرڤاتیڤەکانە، پێویستە ئەوەمان لە بیرنەچێت). "برنارد لویس"یش وەك ئوسوڵییەکان دەڵێ: "ئیسلام بە بەراورد بە ئاینە یەکتاپەرستەکانی دیکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئیسلام بە پێچەوانەی ئاینەکانیتر ڕازینابێت بە جیاکردنەوەی ئاین و سیاسەت لەیەکتر" یاخود بە جیاکردنەوەی کێشە تیۆلۆژییەکان لەگەڵ کێشە سیاسییەکان، ئەمە لە کاتێکدا ئاینی جولەکە و ئاینی مەسیحی ڕێگە بە جیاکردنەوەیان دەدەن، لێرەوە ئەو دوو ئاینەی دیکە ڕێگە بە پێشکەوتن و گەشەکردنیش دەدەن.

ئابەم شێوەیە لە هەموو لایەکەوە دەرگاکانمان بەڕودا داخراوە و چیتر دەرفەتێك بۆ هاتنە دەرەوە نەماوە. ئەی کەواتە چی بکەین؟ چارەسەر چییە؟ چارەسەر وەك ئەوەی دانەری کتێبەکە دەڵێ: "ئەوەیە تەماشای مێژووی هەستپێکراوی هەردوو بەرەکە بکەین، واتە بەرەی خۆرهەلأتی ئیسلامی و بەرەی ئەوروپای مەسیحی. لەوێدا دەبینین مەسیحییەت لەو کۆمەڵگایانەدا کە هەیمەنەی کردبوو بەسەریاندا" هەمان ئەوشتانەی کردووە کە ئیسلام کردویەتی. مەسیحیەت تەنها دوای زنجیرەیەك شەڕی فیکری و سیاسی و بگرە سەربازی ڕازیبووە عەلمانیەت وەربگرێ و کلێسا لە دەوڵەت جیابکاتەوە. لێرەوە سەبارەت بەو حاڵەتە ئیسلام هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی نییە و ئاو بێنە و دەست بشۆ.

بەم جۆرە هەموو تێزەکەی "برنارد لویس" و ئیخوان موسلمین پێکەوەو خۆبەخۆ مانایەکیان نامێنێ و شکست دێنن! لە ئێستادا

هۆكاری دواكەوتویی كۆمەڵگا ئیسلامیەكان ناگەڕێتەوە بۆ جەوهەری ئاین، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێكی هەڵە لە ئاین! واتە بە دروستی تێگەیشتنی تاریكبینانەی تۆتالیتاری.

با بەشێوەیەكی بەراوردكاری و وردبینییەوە تەماشایەكی واقعی مێژوویی هەستپێكراو بكەین، ڕاستە ئینجیل دەڵێ: (ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەر و ئەوەی هی خودایە بۆ خودا)، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەوەی مەسیحییەت هەر كە دەرفەتی بۆ ڕەخسا و ساڵی ٣٣٠ زاینی كاتێ ئیمپراتۆری رۆمانی "قوستەنتینی گەورە" ئاینی مەسیحی وەرگرت، دەستبگرێ بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا، پاشان لەسەردەمی هەموو ئیمپراتۆرو پاشاكانی دواترا بووە ئاینی دەوڵەت. دروست وەك ئیسلام لە سەردەمی خەلیفەكان و سوڵتانەكان، هەر لە ئەمەوییەكانەوە تادەگاتە سەر عوسمانیەكان، بگرە تاكو ئێستاش.

ئاینی مەسیحی هەروا بە ئاسانی ڕازی نەبوو دەسەڵاتی سیاسی لێوەربگیرێتەوە، بەڵكو لە ڕێگەی هێز و دوای شۆڕشی فەرەنسی كە پیاوانی ئاینی لەسەرتەختی دەسەڵات هێنایە خوارەوە. بگرە تەنانەت دوای سەركەوتنی شۆڕشی فەرەنسی و دامەزراندنی ڕژێمێكی كۆماری عەلمانی تازە لەسەر داروپەردوی ڕژێمی كاسۆلیكی پاشایەتی كۆن، كەچی مەسیحییەت بۆ ماوەی سەد ساڵ بەردەوام بوو لە دژایەتی كردنی بزاوتی پێشكەوتن و گەشەكردن، واتە تاكو كۆتایی سەدەی نۆزدە. مەسیحیەت تەنها ئەو كاتە بە تەواوی تەسلیمی ئەمری واقع بوو، كە هەستی كرد ئیدی دژایەتی و بەرگریكردن هیچ سودێكی نییە، بگرە گەر بەردەوام بێت لەسەر دژایەتی كردنی بزاوتی مێژوو و پێشكەوتن، ئەوا هەموو شتێ لە دەستدەدات. كەچی دوای هەموو ئەوانە دێن و پێت دەڵێن: مەسیحیەت ئاینێكی عەلمانییە، یاخود تاقە دینێكە ڕێگە دەدات لە ڕژێمی تیۆقراتی تاریكبینی سەدەكانی ناوەڕاست بێتە دەرێ و ..هتد.

ئەم قسانە پێچەوانەی ڕاستییە مێژووییەكانن.. خۆشبەختانە



"محەمەد شەریف فەرەجانی" لە بەرەی توێژەران و خۆرهەڵاتناسانی رۆژئاوا لایەنگرانی خۆی هەیە، ئەوانە هەموویان لایەنگری "برنارد لویس" و عەقڵیەتە چەقبەستووەكەی نین. لە نێو ئەو خۆرهەڵاتناسە عەقڵ كراوانەدا "ئۆلیفیە كارییە" كە مامۆستای زانكۆی سۆربۆنە لە پاریس. ئەم مامۆستایە ساڵی ١٩٩٣ كتێبێك بەناونیشانی (ئیسلامی عەلمانی یاخود گەڕانەوەی كەلەپورە گەورەكەی ئیسلام) بڵاودەكاتەوە، لەو كتێبەدا بەشێوەیەكی روون و ئاشكرا ئەو تێزە ڕەتدەكاتەوە كە دەڵێ مەسیحییەت هەر لە سەرەتاوە و لە جەوهەریشدا ئاینێكە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، ئاینێكە بەشێوەیەكی ئاشكرا رۆح لە زەمەن جیادەكاتەوە، هەر ئەویشە لە كۆمەڵگا ئەوروپییە تازەكاندا ڕێگای بۆ گەشەكردنی عەلمانیەت و ئازادی تاكە كەس خۆشكرد، كەچی ئیسلام بە پێچەوانەی مەسیحییەوە ئاینێكی تیوقراتی دواكەوتووە، واتە ڕێگە تەنها بە سیستمە ستەمگەرەكان دەدات و دیموكراسی ناتوانێ بە هیچ جۆرێك لە سێبەریدا گەشە بكات و پێش بكەوێ.

ئەم توێژەرە فەرەنسییە ئاوا دەڵێ: ئیسلام تەنها دوای دەركەوتنی بە سیازدە ساڵ (واتە دوای گەشتنی پێغەمبەر بۆ یەسرب) بە زەبری هێز لە سیاسەتەوە گلا. پاشان نزیكەی سێ سەدە لە سیاسەت جیابوەوە، دواجار لەسەر دەستی ئیخوان موسلمین و بزوتنەوە ئوسوڵییەكان یاخود (جیهادییە) هاوسەردەمەكان بە سیاسی كرایەوە، بەڵام ئاقاری مێژووی ئاینی مەسیحی جیاوازترە، ئاینی مەسیحی دوای سێ سەدە لە دەركەوتنی ئینجا بە سیاسی كرا، پاشان بۆ ماوەی چەندین سەدە بەردەوام بوو، ئەم ئاینە تەنها دوای دەركەوتنی سەدەی ڕێنیسانس و رۆشنگەری و مۆدێرنە لە سیاسەت جیاكرایەوە.

لێرەوە "ئۆلیفیە كاریە" دەگاتە ئەم دەرئەنجامە: هەردوو ئاینەكە بە هەمان ڕێگا بە سیاسی كراون ، لەم لایەنەوە پێویست ناكات جیاكاری بكرێت لە نێوانیاندا. چیرۆكی ئەوەی گوایە مەسیحیەت هەر لە

سەرەتاوە ئاینێکی عەلمانی بووە و پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبووە، ئەفسانەیەکە لەبەردەم تاقیکردنەوە مێژووییەکاندا خۆی ڕاناگرێ.

کاتێ بارودۆخی ئابوری و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری لە کۆمەلگا ئیسلامییەکاندا گەشە دەکا و پێشدەکەوێ، ئەوا ئەو کۆمەلگایانە دەبنە کۆمەلگایەکی عەلمانی وەك کۆمەلگا ئەوروپییەکان. لێرەوە مەسەلەکە تەنها مەسەلەی کات و بەرزبونەوەی ئاستی گوزەران و بلأوبونەوەی خوێندنێکی ڕۆشنگەرانەیە و هیچی تر.

لێکۆڵەرێکی دیکەی فەرەنسی کە ناوی"ئیمانویل تۆدە" و خۆرهەلأتناس نییە، پشتگیری ئەو تێزەی سەرەوە دەکات. ئەم لێکۆڵەرەوە لە توێژینەوەکانیدا ئاوا دەڵێ: بەسە چیتر ئەوەندە هێرش مەکەنە سەر عەرەب و موسڵمان و ئیسلام و توندڕەوی و دواکەوتویی.. هتد. عەرەب هەموویان دەمارگیر و خوێنڕێژ نین لەسەر شێوەی بن لادن و زەرقاوی و هاونمونەکانیان، وەك ئەوەی ئێوە پێتان وایە. بەڵكو ئەوان ئێستا لە قۆناغی پەڕینەوەیەکی ژیاری گەورەدا دەژین. قۆناغی گواستنەوەیەکی شپرزە و سەخت کە پڕە لە توندوتیژی و تەقینەوەی بورکانی. ئێمەی ئەوروپیش لە سەدەکانی رابردودا: سەدەی دادگاکانی پشکنین جەنگە ناوخۆیی و مەزهەبییەکانمان بینی، دوای ئەوە ئینجا گەشتینە کەناری ئارام، پاش چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان ئینجا بوینە کۆمەلگای هێمن و بێوەی و شارستانی. لێرەوە کەس لە کەس باشتر نییە. موسڵمانەکان، عەرەب بن یاخود غەیری عەرەب، دوای ئەوەی ئەم قۆناغە توند و ڕوگیر و دژوارە دەبڕن- قۆناغی پەڕینەوەی ژیاری گەورە – ئەوسا دەگەنە هەمان ئەنجام. بۆیە دەبێ زۆر ئاگاداری ئەوەبین نەکەوینە داوی ئەحکامی ڕەگەزپەرستی یاخود تایفەگەری کە کۆمەلێ کلێشەی فراوان و بەربلأوی هەیە، وەك ئەوەی بڵێین: عەرەب دواکەوتون چونکە لە ڕەگەزێکی (هەمەجی)ن و پابەندی نیزام و پێشکەوتن نابن، موسڵمانەکانیش دەمارگیرن چونکە لە جەوهەردا



ئاینەکەیان ئاینێکی دەمارگیرە، بە پێچەوانەی ئاینی مەسیحی و جولەکەوە. ئەمانە قسەی منالأنی سەرشەقامن نەك قسەی زانا و ڕۆشنبیران.

دواتر "محەمەد شەریف فەرەجانی" دەچێتە سەر مەسەلەیەکی دیکە کە پەیوەندی بە مەسەلەی یەکەمەوە هەیە، ئەویش ئەمەیە: ئاخۆ ئیسلام لە جەوهەر و ناوەڕۆکیدا ئاینێکی توند و تیژە یاخود نا؟ ئایا لەم لایەنەوە وەك دەڵێن لە مەسیحی و جولەکەو ئاینەکانی دیکەی جیهان جیاوازترە؟ بە مانایەکی تر، بە وشەیەکی سادە و ساکار: تۆ بڵێی قورئانی پیرۆز لەو کارە توندوتیژ و تەقینەوانە بەرپرسیاربێت کە بزوتنەوە پەڕگیرەکان لە ئێستادا چ لە جیهانی عەرەبی و چ لە دەرەوەی جیهانی عەرەبی پێیهەڵدەسن؟

ئا لێرەدا دیسانەوە توێژەری تونسی کە مامۆستایە لە زانکۆی (لیۆنی دووەم) هەرگیز خۆی لە مەسەلە ئاڵۆزەکان لانادات، دەبینین بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا یەکسەرە دەچێتە ناوجەرگەی بابەتەکەوەو پاشان دەگاتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە: قورئانی پیرۆز وەك هەموو دەقە ئاینییە گەورە و دامەزرێنەرەکانی دیکە، هەڵوێستێکی دوولایەنەی (مزدوج) لە کێشەی توندوتیژی هەیە. واتە قورئان ئایەتی تێدایە ڕێگە بە توندوتیژی دەدات، ئایەتیشی تێدایە باس لە ئاشتی و دورکەوتنەوە لە توندوتیژی دەکات. هۆکەشی ئەوەیە قورئان پەیوەستە بەو بارودۆخە مێژووییەوە کە پێغەمبەر و موسڵمانەکانی سەرەتا تێیدا ژیاون. بارودۆخێك پڕبووە لە بەرەنگاربونەوە و بەنەیار و دوژمن دەورە درابوو، بەلأم دواجار لە قورئانی پیرۆزدا رۆحی ئاشتی سەردەکەوێت بەسەر رۆحی توندوتیژی و بە دوژمن تەماشاکردنی ئەوانی دیکە. لێرەوە ئایەت هەیە ڕێگە بە توندوتیژی دەدات و ئایەت هەیە ڕێگە بە ئاشتی دەدات و ئایەت هەیە بانگەشەی دەمارگیری دەکات و هەیە بانگەشەی لێکبوردن و غەفران

دەکات. ئەی کەواتە ئیش بە کامەیان بکەین؟ ئایەتەکانی دووەم لە ئایەتەکانی یەکەم زیاترە، هەروەها رۆحی گشتی قورئان رۆحی رەحمەت و لێکبوردن و بەخشینە، لەبەرئەوە نابێ لە گرنگی و بایەخی ئەم ڕەهەندە کەمکەینەوەو چاوی لێبپۆشین وەك ئەوەی بزوتنەوە فەندەمێنتالێزمە توندڕەوەکانی ئێستا جێبەجێی دەکەن. ئەم هەڵوێستەی فەندەمێنتالیزمەکان خیانەتە لە قورئانی پیرۆز و دەرچونە لە جەوهەری ڕێنماییەکانی و مەبەستە بەرز و بڵندەکەی.

قورئان هەرگیز ئامانجی توندوتیژییەکی کوێرانە یاخود خۆڕایی نییە وەك ئەوەی ئێستا زەرقاوی لە عێراقدا پێیهەڵدەستێ، زەرقاوی پێش ئەوەی یەکێك لە بارمتە بیانییەکان لە بەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکاندا سەربڕێ، هەرجارەی ئایەتێکی قورئان دێنێتەوە کە لە سیاقی خۆی جیایکردۆتەوە، ئەمە کارێکی نابەجێیە، ئەمە رۆحی قورئان نییە و بەهیچ شێوەیەکیش گوزارشت لە جەوهەری قورئان ناکات.

پاشان بیرمەندی تونسی، "برنارد لویس" تاوانبار دەکات و دەڵێ: تێڕوانینی "برنارد لویس" بۆ ئیسلام پاڵپشتی تێڕوانینی ئوسوڵییە دەمارگیرەکانەو پشتگیریان دەکات. "لویس" ئاوا دەڵێ: لە ئەساسدا ئیسلام ئاینی توندوتیژییە و لەسەر بنچینەی جیهاد و شەڕوشۆڕ ڕاوەستاوە و؛ زەوی دابەشدەکات بۆ (دار ئیسلام و دار حەرب) و جیهادیش پێویستە بەردەوام بێت تاکو هەموو بەشەریەت ملکەچی ئیسلام دەبێت، هەر بۆیە نابێ جیهاد ڕاوەستێت..

"فەرەجانی" دەڵێ ئەم قسانە گەرچی بەشێوەیەکی فراوان لە ئەدەبیاتی ئوسوڵییەکان و ئیخوان موسلمیندا بەربڵاوە، بەڵام زۆر دوورن لە ڕاستییەوە. زاراوەی (دار ئیسلام و دار حەرب) هیچ ئەساسێکی لە قورئاندا نییە، ئێوە گەر قورئان بکەنەوە و هەمووی بخوێننەوە، ئەوا شتێکی لەم جۆرەی تێدا نادۆزنەوە. لێرەوە ئەوە زاراوەیەکی نادروستە و



هیچ ڕەوایەتییەکیشی نییە، جگە لەوەش وشەی (ئاشتی یاخود ئاشتەوایی) ٤٩ جار لە قورئاندا هاتووە. ئەو ئایەتانەش کە بانگەشەی لێکبوردن و نەخێر بۆ ڕق و کینە لە ئاینەکاندا دەکات، دەیان جار دووپاتکراونەتەوە.. ئەی کەواتە چی لەو هەموو ئایەتە بکەین؟

ئایا بیانسڕینەوە یاخود ڕەتیانبکەینەوە وەك ئەوەی زەرقاوی و بن لادنو زەواهیری و ئەوانەی وەك ئەوانن دەیکەن؟ ئاخۆ مافی ئەوەمان هەیە ئەو ئایەتانە بسڕینەوە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و رون لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە لە قورئانی پیرۆز لادەدەین و دێینەدەرێ و خیانەت لە ڕێنماییەکانی دەکەین؟

با گوێ لە هەندێ لەو ئایەتانە بگرین:

"یاایها الذین امنوا ادخلوا في السلم كافة ولا تتبعوا خطوات الشیطان انه لكم عدو مبین" (البقره ٢٠٨).

"وان جنحوا للسلم فاجنح لها و توكل على الله انه هو السمیع العلیم" (الانفال ٦١).

"وقال یا رب ان هؤلاء قوم لایؤمنون، فاصفح عنهم وقل سلام فسوف یعلمون" (الزخرف ٨٨-٨٩)

هەروەها ئەو ئایەتانەی کە بانگەشەی لێکبوردن و نەخێر بۆ دەمارگیری ئاینی دەکەن، ژمارەیان زۆرە، لەبەرئەوە ئێمە لێرەدا تەنها ئەم چەند نمونەیە دێنینەوە:

" وقل الحق من ربكم فمن شاء فلیؤمن و من شاء فلیكفر" (الكهف ٢٩).

"لا اكراه في الدین قد تبین الرشد من الغي فمن یكفر بالطاغوت و یؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقي لا انفصام لها و الله سمیع علیم" (البقرة ٢٦٣).

مەزنترین و گەورەترین ئایەتیش کە بانگەشەی لێکبوردن و کرانەوە دەکات لە ئیسلامدا ئەم دوو ئایەتەیە:

"یا ایها الناس انا خلقناكم من ذكر و انثى و جعلناكم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم ان الله علیم خبیر" (الحجرات ١٣).

"وانزلنا الیك الكتاب بالحق مصدقا لما بین یدیة من الكتاب و مهیمنا علیة فاحكم بینهم بما انزل الله ولا تتبع اهواءهم عما جاءك من الحق لكل جعلنا منكم شرعة و منهاجا ولو شاء الله لجعلكم امة واحدة ولكن لیبلوكم فیما اتاكم فاستبقوا الخیرات الی الله مرجعكم جمیعا فینبئكم بما كنتم فیه تهاتف" (المائده ٤٨).

دەكرێ ئەم ئایەتە گرنگەی دیكەش بخەینە پاڵ ئەو دوانەی سەرەوە، ئەم ئایەتە بە كەمێ گۆڕان و دەستكاریكردنی سوكەوە سێ جار لە قورئاندا هاتووە، لەو بڕوایەدام ئەم ئایەتە دەكرێ وەك ئەساسێك بۆ گفتوگۆی نێوان ئاینەكان یاخود لانی كەم وەك دانپیانانی ئاینەكان بەیەكتر تەماشا بكرێ:

"ان الذین امنوا و الذین هادوا و النصاری و الصابئین من امن بالله و الیوم الاخر و عمل صالحا فلهم اجرهم عند ربهم ولا خوف علیهم ولا هم یحزنون" (البقره ٦٢).

دواتر پڕۆفیسۆر "محەمەد شەریف فەرەجانی" ئاوا دەڵێ: بەڵام ئەو ئایەتانەی كە بانگەشەی توندوتیژی دەكەن، ئەوانیش لە قورئاندا هەن و پێویست ناكات ئینكاری بكەین، بەڵام بەردەوام ئەو توندوتیژییە توندوتیژییەكی مەرجدار بووە:

"فان قاتلوكم فاقتلوهم كذلك جزاء الكافرین" (البقرة ١٩١)

"و قاتلوا فی سبیل الله الذین یقاتلونكم ولا تعتدوا ان الله لایحب المعتدین" (البقرة ١٩٠).

هەروەها ئایەتی پێنجەم لە سورەتی تۆبە كە بە توندوتیژترین ئایەتەكان دادەنرێن، لەبەرئەوە پێیان دەڵێن ئایەتی شمشێر. لەگەڵ ئەوەشدا تەماشا دەكەین ئەو ئایەتانە بەم شانە كۆتاییان پێدێت: "خودا بەخشندەو میهرەبانە!" هەروەها دوای ئەو ئایەتانە چەند



ئایەتێكی دیكە دێن باس لەوە دەكەن لەگەڵ كافرەكاندا میهرەبان بن و بەشێوەیەكی باش مامەڵەیان لەگەڵدا بكەن:

"فاذا انسلخ الاشهر الحرم فاقتلوا المشركین حیث وجدتموهم و خذوهم واحصروهم واقعدوا لهم كل مرصد فان تابوا و اقموا الصلاة واتوا الزكاة فخلوا سبیلهم ان الله غفور رحیم. وان احد من المشركین استجارك فاجره حتي یسمع كلام الله ثم ابلغه مامنة ذلك بانهم قوم لایعلمون" (التوبة ٥-٦)

دواتر دانەر ئەم پرسیارە دەخاتە ڕوو: كتێبی جولەكە، تەورات لە هەندێ بەشیدا پڕە لە توندوتیژی، لەگەڵ ئەوەشدا كەسێك نایەت بڵێ ئاینی جولەكە لە جەوهەردا ئاینی توندوتیژییە وەك ئەوەی بە قورئان یاخود ئیسلامی دەڵێن! بۆ نمونە تەماشای (سفر تثنیە الاشتراع و سفر صموئیل الاول و الثاني) بكە. تەنانەت كتێبی مەسیحییەكان ئینجیل كە بە میهرەبان و لێكبوردن بەناوبانگە، لە هەندێ شوێنیدا چەند بڕگەیەك هەیە ئاماژە بە توندوتیژی دەكات: " وا تێنەگەن من هاتووم ئاشتی بۆ زەوی بهێنم، من هاتووم چەك، بگرە شمشێر بێنم، هاتووم كوڕ و باوك، كچ و دایك، بوك و خەسو لەیەكتر جیابكەمەوە، ئیدی دوژمنی مرۆڤ خاو خێزانەكەیەتی" (ئینجیلی مەتی).

گەرچی لە ئینجیلدا بە پێچەوانەی تەورات و قورئانەوە، ئایەتی توندوتیژی زۆر كەمە. بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەوەی بەشێ لە مەسیحییەكان بە درێژایی مێژووی كۆن، بە ناوی ئاینەكەیانەوە چەندین قەسابخانە و كوشت و كوشتاریان ئەنجام نەدابێت. لێرەوە

خەڵكی بەردەوام وەفادار نابن بۆ ئاینەكەیان و وەك پێویستیش پابەند نابن بە ڕێنماییەكەیەوە، هەندێ جار بەرەو ئاراستەیەكی ئاشتیانە لێكدانەوە بۆ ئاینەكەیان دەكەن و هەندێ جاری دیكە ئاراستەی لێكدانەوەكان بەرەو توندوتیژی دەبەن، ئەمەش بەپێی بارودۆخ و وەرچەرخانە مێژووییەكان. (تەماشای دادگاكانی پشكنین بكە لە سەدەكانی ناوەڕاست، تەماشای ئەو كوشتارە تایفەگەری و ئەو جەنگە مەزهەبییەی نێوان كاسۆلیك و پرۆتستانتەكان بكەن).

دەكرێ هەمان شت لەسەر ئەو ئاینانەی دیكەش بڵێین كە یەكتاپەرست نین، وەك بودی و هیندۆسی و ئەوانی تر. ئەوانیش لە پێناو داگیركردن و یەكخستنی هندستاندا چەندین جەنگیان بەرپاكردووە.

دواجار بە كورتییەكەی هەموو ئاینەكان كۆمەڵێ پرنسیپی جوامێرانەی تێدایە كە داوای خۆشەویستی دەكات بۆ ئەویتر، بەلاَم لە هەمان كاتدا بۆ بلاَوكردنەوەی خودی خۆی و پەرشبونەوەی بە هەموو لایەكی زەویدا، پەنای بردووەتە بەر هێز. لێرەوە لەلایەك هەندێ پرنسیپی بەرز و بڵند هەیە و لەلایەكی دیكەوە كۆمەڵێ پراكتیكی عەمەلی لەسەر ئەرزی واقع هەیە. لە نێوان ئەو دوانەشدا جیاوازییەكی زۆر هەیە! ئەمەش مانای ئەوەیە پێویستە لەناو مێژوودا تەماشای ئاین بكەین نەك لە دەرەوەی مێژوو، وەك ئەوەی موسڵمانە تەقلیدییەكان دەیكەن. ئەوانە وێنەیەكی نمونەیی قەشەنگ سەبارەت بە ئاینەكەیان دەكێشن كە هیچ پەیوەندییەكی بە واقعەوە نییە. هەمیشە جیاوازییەك



هەیە لە نێوان ئاین وەك شتێكی پاك و بێگەرد یاخود وەك كۆمەڵێ بەهای ڕۆحانی بەرز و كۆمەڵێ پرنسیپی ئەخلاقی جوان لەگەڵ ئاین وەك ئایدۆلۆژیایەكی دەسەلاَتدار یان وەك ئایدۆلۆژیایەكی سیاسی كە ئامانجی خۆ فراوانكردنە لەسەر حسابی ئەوانی دیكەو ملكەچكردنیان. هەموو ئاینەكان لە ساتێك لە ساتەكاندا بوونەتە ئایدۆلۆژیایەكی دەسەلاَتخواز، بگرە بونەتە ئایدۆلۆژیایەكی سەركوتكەر، هەر ئەمەشە مانای لێكۆڵینەوە لە ئاین لەناو مێژودا نەك لە دەرەوەی مێژوو.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٥/١٠/٣

## کامەیە ژیانی سەرکەوتو ؟



گومانی تێدانییە لەم چەند ساڵەی دوایدا "لۆك ڤێری" کۆمەڵێ سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، ئەوەتا ماوەی دە ساڵێکە کتێبەکانی بە سەدان هەزار دانەی لێدەفرۆشرێت و بۆ دەیان دۆسێی (الملفات)جیهانی وەردەگێڕدرێت، لە هەمان کاتدا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە کۆڕو کۆنفرانسە جیهانیەکاندا بووەتە ئەستێرەیەکی ڕۆشنبیری، دواجار هەموو ئەو سەرکەوتنانە لە حکومەتەکەی ئێستای "جاك شیراك"دا ڕەنگیدایەوە و بووە وەزیری پەروەردە و توێژینەوەی زانستی. ئیدی دوای هەموو ئەوانە لەچی کەمە تاکو دێت کتێبێك بە ناونیشانی (ژیانی سەرکەوتو مانای چییە)دەنوسێ.

بەڵام لە ڕاستیدا ڕەنگە ناونیشانی کتێبەکە خوێنەر فریوبدات، هەڵبەتە بیریاری/وەزیر مەبەستی سەرکەوتنی مادی نییە لە ژیاندا، یاخود مەبەستی کۆکردنەوەی ئۆتۆمۆبێلی جۆراو جۆر نییە لە حەوشەی ماڵەوەدا و بوونی ژمارەیەکی حسابی خەیاڵاویی نییە لە بانکێدا و گەشتن بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی نییە لە کۆمپانیایەکی گەورەدا...هتد. بەڵکو مەبەستی شتێکی دیکەیە.

ئێمە هەمومان ئەو ڕاستییە دەزانین ڕۆژێ لە ڕۆژان ژیانمان کۆتایی پێدێت، ڕەنگە پێش ئەوەی کۆتایی پێبێت بپرسین: ئایا ژیانێکی سەرکەوتو و گونجاو ژیاوم؟ تەنانەت پێش ئەوەی کۆتایی بە زیندەگیمان بێت، هەر لە سەرەتای ژیاندا دەپرسین: ژیان و دواڕۆژم چۆن چۆنی پێکەوەبنێم؟ لە ژیاندا چۆن سەرکەوتوو دەبم و بە چ شێوەیەك بونی خۆم دەسەلمێنم؟ لە دێرزەمانەوە هەموو ئاین و

فەلسەفەکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە. هەر هەموویان ڕەچەتەیەکی ئامادەکراو یاخود کۆمەڵێ پەند و ئامۆژگاریمان پێشکەش دەکەن کە وامان لێدەکات لەسەر ڕێگای ڕاست بڕۆین و ژیانێکی باش و کامەران و سەرڕاستانە بگوزەرێنین.

ئەم (وەڵامانەیە)، "لۆك ڤێری" لە کتێبە قەبە و پوختەکەی کە پێنج سەد لاپەڕەیە، دەیانخاتەڕوو. ئەم کتێبە لە گەلێك ڕووەوە گرنگ و بایەخدارە و بێگومان کتێبێکی سەرکەوتووە. مەبەستم لە سەرکەوتوو ئەوە نییە کە "لۆك ڤێری" نهێنی ژیانی دۆزیوەتەوە، ئەو نهێنیەی گەورە فەیلەسوفانی ڕابردوو نەیانتوانی بیدۆزنەوە و پێینەگەشتن. من بۆیە ئەمە دەڵێم چونکە دانەری ئەم کتێبە لە بابەتێك ئالاوە بە پێی زانیاری من بەم دواییانە کەس نەیوێراوە خۆی لەقەرەی بدات. من دەمەوێ بڵێم دانەر زانیویەتی چۆن (توانا فەلسەفییەکەی) بە درێژایی پێنج سەد لاپەڕە بە لێهاتوویی و لێزانانە بخاتەگەڕ.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی چێژێکی ڕاستەقینە بە مرۆڤ دەبەخشێ. عاشقانی فەلسەفە و هەوادارانی بیرکردنەوەی قووڵ دوای خوێندنەوەی ئەم سەفەرە دورودرێژە، کە لە "ئەرستۆ" و یۆنانەوە دەستپێدەکات تاکو دەگاتە ئەمڕۆ، بە تێپەڕین بە فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست وەك "ئیبن ڕوشد" و "تۆما ئەکیونی" پاشان فەیلەسوفانی مۆدێرنە لەگەڵ ڕاوەستانێکی زۆر لای "نیتچە" بێهیوا و نائومێد نابن. بێگومان ناتوانم لەسەر هەموو وێستگەکانی ئەم کتێبە گەورەیە ڕاوەستم کە پێویستە بە خێرایی



وەرگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، بەڵکو تەنها ئاماژە بە هەندێ لە تەوەرە فیکریەکانی دەکەم، یاخود ڕاستتر ئاماژە بە فیکرەی سەرەکی کتێبەکە دەدەم کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی کتێبەکەی گرتۆتەوە و بڕبڕەی پشتی کتێبەکە پێکدەهێنێت.

زۆر بە کورتی دەڵێم "لۆك ڤێری" دەیەوێ (ئاینێکی تازە) بۆ خۆرئاوا دامەزرێنێ! ڕەنگە هەندێ بڵێن ئەم هیوا و ئاواتەی "لۆك ڤێری" لەخۆبایبونێکی زۆری تێدایە. با مەسەلەکە بە شێوەیەکی دیکە ڕونبکەمەوە. ئەم فەیلەسوفە گەنجە کە تەمەنی نەختێك لە پەنجا زیاترە-واتە لە نەوەی ئێمەیە- دەیەوێ خۆرئاوا لە قەیرانی شارستانیەتەکەی ڕزگاربکات. ڕاستتر دەیەوێ خۆرئاوا لە هەڵئاوسانی شارستانیەتەکەی ڕزگاربکات. ئەو دەزانێ خۆرئاوای ئەمڕۆ بەدەست قەیرانێکی ڕۆحی یاخود مەعنەوییەوە گرفتارە.خۆرئاوا لە ناوەوەی خۆیدا هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکات، بۆ دەربازبونیش تەنها دوو چارەسەری لەبەردەمدایە، یەکەمیان ڕۆچون و شۆڕبونەوەی هەرچی زیاترە بەنێو فەلسەفەی ماتریالیزمی بەرخۆر تاکو دوائاست، وەك ئەوەی لە ئێستادا زۆربەی زۆری خەڵکی خۆرئاوا پێیهەڵدەستن و جێبەجێی دەکەن. ئیدی هیچ پرسیارێك سەبارەت بە مانای (بوون) ناخرێتەڕوو. چونکە (بوون) هیچ مانایەکی نییە تەنها تێرکردنی هەست و شەهوەتە مادییەکان نەبێت، لە خواردن و خواردنەوە و سێکس و گەمە و ڕابواردن زیاتر. ئەمەش ئەو پرۆژە ژیارییەیە کە کۆمەڵگا ئەوروپییە دەوڵەمەندو پێشکەوتووەکان بەدەستیان هێناوە و

لە سەرمایەداریدا گەشتوەتە دوا ترۆپکی. چارەسەری دووەمیان ئەوەیە خۆرئاوا بگەڕێتەوە بۆ ئاینە بنەڕەتیەکەی کە دوای سەرکەوتنی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە و فەلەسەفەی ماتریالیزم لێی دەربازببوو. بێگومان مەبەستمان لەمە گەڕانەوەی خۆرئاوایە بۆ مەسیحیەت. ڕەنگە خۆرئاوا بۆ دڵدانەوەی خۆی یاخود بۆ تێرکردنی لایەنی مەعنەوی ژیان، پەنابەرێتە بەر ئاینەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور بە تایبەتی ئاینی بودیی.

بەڵام "لۆك ڤێری" پێشنیاری چارەسەری سێیەم دەخاتە بەردەم فەرەنسییەکان، لەوێشەوە دواجار دەیخاتە بەردەم هەموو مرۆڤایەتی، لەبەر ئەم هۆیەیە من وتم "لۆك ڤێری" ئاواتەخوازی ئەوەیە ئاینێکی تازە بۆ مرۆڤایەتی دامەزرێنێ، بەڵام ڕەنگە دانەر زاراوەی (ئاینێکی تازە)ی بەدڵ نەبێت، بۆیە بابڵێین ئەو دەیەوێ فەلسەفەیەکی تازە دامەزرێنێ کە هەم فەلسەفەی ماتریالیزم و هەم ئاینە تەقلیدییەکان پێکەوە تێپەڕێنێت. ئایا هەوڵدانەکەی سەرکەوتوو بووە یاخود شکستی هێناوە؟ ئەمە ئاینده وەڵامی دەداتەوە.

لە ڕاستیدا شتی گرنگ و بایەخدار لە کتێبەکەدا تەنها وەڵامەکانی دانەر نییە، بەڵکو وەڵامی ئەو فەیلەسوفانەشە کە پێش ئەو ژیاون، دانەر وەڵامی ئەو فەیلەسوفانە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و بە جۆرێکی ورد و تۆکمە دەخاتەبەردەست. هەموو فەیلەسوفە گەورەکان تێڕوانینی خۆیان سەبارەت بە (بوون -وجود-) خستووەتەڕوو، بۆ نمونە کارێکی زۆر باش و بەجێیە وەڵامی "ئەفلاتون"، "ئەرستۆ"،



"ڕواقییەکان" یاخود بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەی یۆنانی بزانین. پاشان کارێکی زۆر جوان و پڕ بایەخە وەڵامی "دیکارت"، "سپینۆزا"، "فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری"، "نیتچە"، "فرۆید" بزانین.

هەموو فەلسەفەیەکی گەورە بە مانایەك لە ماناکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە: بوون چ مانایەکی هەیە؟ لە کوێوە دێین و بۆ کوێ دەچین و چارەنوسمان چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارە گرنگ و جەوهەریەیە بە درێژایی سەردەمەکان مرۆڤی توشی دڵەڕاوکە کردووە، هەموو فەیلەسوفێکیش سەبارەت بەو پرسیارە وەڵامی تایبەتی خۆی هەیە. وەڵامەکان یەك لەدوای یەك دێن، کەچی پرسیارەکە وەك خۆی بە خۆڕاگری دەمێنێتەوە و مادام ژیان و مردن بەردەوامە، ئەوا ئەم پرسیارەش وەك خۆی دەمێنێتەوە.

"لۆك ڤێری" لە مێژوویی فیکری ئەوروپیدا سێ وەڵامی گەورە کە بەدوای یەکدا هاتون لەیەکتر جیادەکاتەوە. ئەو وەڵامانەش بریتین لە:

١- چرکەساتی یۆنانی
٢- چرکەساتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست
٣- چرکەساتی مۆدێرنە.

دانەر چرکەساتی یەکەمیان بەچرکەساتی کۆسمۆپۆلیتزم ناودەنێ، واتە ساتی گەردونیانە، هەروەها ئەم چرکەساتە بە بڵندگەرایی بابەتیانە(التعالي الموضوعي)وەسفدەکات. فەیلەسوفە یۆنانییەکان کاتێ باس لەژیانێکی خۆش و بەختەوەر دەکەن، ئەوا لە چوارچێوەی سیستمێکی سەرتاپاگیری گەردونیانە بە ئەرز و ئاسمان و هەموو

شتەکانی ناوییەوە قسەی لێدەکەن. لێرەوە ژیانی مرۆڤ تەنها بە بەراوردکردن لەگەڵ شتێکی دەرەکی مانای هەبووە. شتێك لە دەرەوەی دەسەڵات و توانای مرۆڤە. ئەو شتەش ئەم گەردونە جوان و قەشەنگەیە کە بە شێوەیەکی نایاب دروستکراوە و لە هەموو لایەکەوە دەورەی داوین. لەبەر ئەمە مرۆڤی گریکی لەو بڕوایەدابوو ئەو پەیوەستە بەم جیهانەوە و هەر بۆ ئەم جیهانەش دەگەڕێتەوە. هەموو مانای ژیانیشی لەو پەیوەستبونەیەوە وەردەگرت، پەیوەستبونی خۆی لەگەڵ سیستمێکی گەردونی کە لە دەرەوەی هێز و تواناکانیەتی. هەر ئەم پەیوەستبونە ئۆرگانییە یاخود (لەئامێزگرتنە-الاحتضانیة)بوو- گەر ئەم دەربڕینە شیاوبێت- ترس و دڵەڕاوکەی مردنی لەبەردەم مرۆڤی گریکیدا کەم دەکردەوە. چونکە دواجار ئەم گەردونە سەرتاپاگیرە مرۆڤ لە ئامێز دەگرێ و تێیدا فەنادەبێت. واتە لە هەموویەکی گەورەی ناکۆتادا فەنادەبێت.

دواتر چرکەساتی تیۆلۆژیای مەسیحی دێت کە بە درێژایی پێنج سەد ساڵ هەیمەنەی بەسەر ئەوروپادا هەبوو، واتە تاکو سەدەی هەژدە یاخود نۆزدە. لەو چرکەساتەوە مرۆڤی ئەوروپی داخلی نێو قۆناغێکی بڵندگەرایی خواوەندانەی دیاریکراو بوو. گومانی تێدانییە گریکەکان مانای بڵندگەرایی و ڕەبانییەتیان زانیوە، بەڵام بەلایانەوە ئەو مانایە مانایەکی دیاریکراوی نەبووە. بەلایانەوە هەموو گەردون مانای مەزنیو خواوەنداری و جەبەروتی دەگەیاند. کەچی لە دەستپێکردنی مەسیحیەت و بە شێوەیەکی گشتی هاتنی ئاینە یەکتاپەرستەکانەوە،



تێڕوانینەکان بۆ خودا گۆڕانی بەسەرداهات. یەزدان لەو تێڕوانینانەدا کرایە دەرەوەی گەردون، چونکە ئەو خۆی دروستکەر و خالقی گەردونە، ئەمە لە کاتێکدا بەلای فەیلەسوفانی گریکەوە خودا و گەردون تێکەڵ بەیەك بوون، نەك خودا لە گەردون جیابوبێتەوە یاخود لە دەرەوەی گەردون بێت. لێرەوەیە بە پێی قسە و تێڕوانینی پیاوانی کڵێسا و بیرمەندانی مەسیحییەوە فەیەلەسوفانی گریك بە کافر و گومڕا ناودەبران. ئیدی لەوکاتەوە ژیانی خۆش یاخود سەرکەوتوو ملکەچی تێگەشتنێکی دیکە بوو لە بڵندگەرایی.. تێگەشتنێك تەواو لە تێگەشتنی گریکی جیاوازبوو. لەو کاتەوە چیتر مەسەلەکە تەنها پەیوەست نەبوو بەوەی شوێنێکی گونجا و لەناو ئەم گەردونە فراوان و گەورەیەدا بدۆزیتەوە و تێکەڵی ببیت وەك ئەوەی گریکەکان پێیان وابوو، بەڵکو هەموو مانای ژیان لەوەدا کۆکرایەوە تۆ خۆت بخەیتە بەردەم ڕەحمەتی خودا و ملکەچی قەدەری بیت و پابەندی فەرمان و ئامۆژگاریەکانی بیت. گەر ئەوەت جێبەجێکرد ئەوا دەربازدەبیت و ژیانت دەبێتە ژیانێکی خۆش و سەرکەوتو و خوداش لێت ڕازیدەبێ.

گومانی تێدانییە تێڕوانینی گریکەکان بۆ بڵندگەرایی کەمتر لایەنی ئاینی لەخۆدەگرت بە بەراورد بە تێڕوانینی مەسیحی، بۆچی؟ چونکە لە تێڕوانینی گریکەکاندا سیستمێکی خواوەندیانە بۆ جیهان لکاوە-نوساوە-بە خودی جیهان خۆیەوە، نەك لێی جیاوازبێت، وەك ئەوەی لە ئاینە یەکتاپەرستیەکاندا بەدیدەکرێت. لەم ئاینانەدا گەردون لەلایەن خالقێکەوە دروستکراوە و نە ئەبەدی و نە ئەزەلیشە. هەروەها لە

تێڕوانینی گریکەکاندا (ئەو دنیا) بوونی نییە، واتە شتێك نییە ناوی ژیانی پاش مردن بێت. هەروەها ئیمان لای کەسی مەسیحی شوێنی مەعریفەی گرتەوە، بەپێچەوانەی فەلەسەفەی یۆنانی و "ئەرستۆ تالیس"ەوە کە مەعریفە شوێنی ئیمانی گرتبوەوە. لێرەوەیە وەحی لای مرۆڤی مەسیحی شوێنی عەقڵی گرتەوە. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم هەموو جیاوازیانەدا، کەچی ژیانی مرۆڤ لەهەردوو سیستەمەکەدا، بە بەراوردکردنی لەگەڵ شتێکی دەرەکی کە لە دەرەوەی توانا و دەسەڵاتی مرۆڤە، مانای هەبوو. ئەم شتە دەرەکیەشە بە "بڵندگەرا" ناومان ناوە.

دواتر چرکەساتی مۆدێرنە دێت و بە تەواوی کۆتایی بە (بڵندگەرایی) دێنێت و پێوانەی ژیان بە ئاستی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی دەستەبەرکردنی شتە مادییەکان دەپێوێت. واتە بە پێوانەی ئەم بوونە هەستپێکراوەی کە ڕۆژانە بە هەموو خۆشی و ناخۆشیی، تاڵی و شیرینییەکیەوە تێیدا دەژین. هیچ شتێ نە لە پێش و نە لەدوای ئەم ژیانەوە نییە، هەروەها شتێکیش نییە ناوی ژیانی دوای مردن بێت! ئالێرەدا دابڕانی مۆدێرنە بە بەراورد لەگەڵ فیکری ئایینی پێشخۆی دەردەکەوێ. ئەم دابڕانەش ئەوروپا نەیتوانی هەزمیبکات تەنها دوای تێپەڕینی سێ سەدە نەبێت، تەنانەت تاکو ئێستاش هەندێ توێژ و گروپ هەیە ناتوانێ ئەوە هەزمبکات و سورە لەسەر تێڕوانینی مەسیحیانە بۆ ئاین و هیوادارە جگە لەم ژیانە ژیانێکی دیکە هەبێت، ژیانێکی ئەبەدی و نەمر.

فەیلەسوفانی مۆدێرنە هەموو سیستمە تیۆلۆژی و میتافیزیکیەکانی



پێشتریان لێکهەڵوەشاندەوە و لەوبیروڕا جێگیرانە تەنها پاشماوەیەکی کەڵەکەبووی ماوەتەوە. لەبەر ئەم هۆیەیە مرۆڤی ئەوروپی ئێستا لەڕوی ماناوە هەست بە بەتاڵییەك دەکات و لە ڕوی ڕۆحیشەوە نائومێد و بێهیوایە. لە لۆژیکی مۆدێرنەدا ژیانی سەرکەوتو چیتر بە ڕادەی دڵسۆزی و وەفداری بۆ عەقیدەیەکی ئاینی تایبەت یاخود بۆ پرنسیپێکی میتافیزیکی دیاریکراو ناپێورێت، بگرە ژیانی سەرکەوتو بە تەنها وشەیەك بریتییە لە ژیانێکی: (چڕ و پڕ). ئایا تۆ ژیانێکی چڕ و دەوڵەمەندانەی پڕ لە خۆشی و لەزەت ژیاویت؟ کەواتە ژیانت ژیانێکی سەرکەوتووە. ئایا ژیانێکی ناخۆشی لێوان لێو لە خەم و پەژارە و دوور لە هەموو خۆشییەکی مادی و لەزەتێکی بەرخۆریانە ژیاویت؟ کەواتە تۆ ژیانت نرخی توێکڵی پیازێکی نییە. ئەم تێڕوانینە مەنفەعی و مادییە بۆ ژیانی مرۆڤەکان، ئەوەیە لە ئێستادا هەیمەنەی بەسەر کۆمەڵگا ئەوروپییەکان یاخود بەشێوەیەکی گشتی بەسەر خۆرئاوادا گرتووە. ئەم تێڕوانینە بەتەواوی ملکەچی فەلسەفەی مادیی ڕوتە، بەڵام خۆ ئاژەڵیش دەخوا و دەخواتەوە، ئیدی جیاوازی چییە لەنێوانیاندا؟ فەیلەسوفانی مۆدێرنە بە جۆرێك چەمکی بڵندگەرایان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرکێشا کە بەتەواوەتی لەبەرچاو نەماوە و لە ئاسۆی ژیانی ڕۆژانەی گەلانی ئەوروپیش سڕاوەتەوە. ئەمەش یەکەم شتبوو لە قوڵایی ناخەوە ئێمەی کوڕوکاڵی گەلانی موسڵمان و عەرەبی هەژاند، کاتێ لە خۆرهەڵاتەوە چوینە زانکۆکانی ئەوروپا.

"دیدرۆ" بەو پێودانگەی تیۆلۆژیای مەسیحی کۆمەڵێ شتی خورافات و بێمانایە لێکیهەڵدەوەشێنێتەوە، "فیورباخ" بەو پێودانگەی مەسیحیەت

ستەمگەرە هێرشی کردە سەر و "مارکس" وتی ئاین تلیاکی گەلانە و "نیتچە" گورزی قورسی فەلسەفەکەی بۆخاتری تێکشکاندنی هەموو بیروباوەڕە پێشینەییەکان خستەگەڕ، بەو پێودانگەی ئەوانە دروستکراوی مرۆڤن نەك دروستکراوی ئاسمان. "فرۆید"ئاینی مەسیحی و یەهودی وەك ئەوەی نەخۆشییەکی (نیرۆس-عصاب)یانەبێت بۆ مرۆڤایەتی، پێناسەکرد.

بەڵام ئەو فەیلەسوفانە گەر کاتی خۆی هێرشیان کردۆتە سەر مەسیحیەت، لەبەر ئەوەبووە ئەوکات و لە سەردەمی ئەواندا مەسیحیەت هێزێکی سەرکوتکەر بووە و لەمیانەی هەژمونی کڵێسای کاتۆلیکی و فەندەمینیتاڵیزمی توندڕەوەوە هەڕەشەی لە ئازادی فیکر دەکرد. بەڵام ئێستا بارودۆخەکە تەواو جیاوازە، هەنوکە ئاین لە کۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا وەك بڵێی هیچ ئامادەگییەکی نەماوە.

لێرەوە ئەم پرسیارە دێتەپێشەوە: ئایا خۆرئاوا لە سەرکەوتن و چونەپێشەوەیدا نەگەشتووەتە دەرگایەکی داخراو؟ ئایا پێویست نییە لەسەری بە جۆرێکیتر بگەڕێتەوە بۆ بڵندگەرایی؟ ئایا ناکرێ لە دەرەوەی شتە مادییەکان و سەرکەوتنە خاڵییەکان مانایەکی دیکە بە ژیانمان بدەین؟ ئەم مانایە چییە و چۆن دەتوانین پێیبگەین؟ کتێبەکەی"لۆك ڤێری" وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، گەرچی وەڵامەکانی قەناعەتی تەواویان پێنەکردم، بەڵام شایەنی ئەوەیە بەوردی و بە تێڕامانەوە لێی بڕوانین، ئەوەش وەستانێکی دیکەی گەرەکە.



**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط٢٦/١/ ٢٠٠٣

## فەندەمینیتاڵیزمی تاریکبین و ئەو جەنگەی هەر دەبێ ڕوبدات



لە کاتێکدا کێەشەی فەندمینیتاڵیزم و فەندەمینیتاڵیست تەواوی جیهانی گرتۆتەوە، هیچ چارەیەکم نییە تەنها ئەوە نەبێت بەنێو زەمەندا ڕۆبچم و بگەڕێمەوە بۆ دواوە، تاکو بزانم ئەوروپا چۆن چۆنی کێشەی خۆی لەگەڵ فەندەمینیتاڵیزمی خۆیدا چارەسەرکردووە. من لە زۆر شوێنی دیکەدا وتوومە، بە تایبەتی لەسەر ڕوبەری ڕۆژنامەی (الالشرق الاوسط) کێشەی فەندەمینیتاڵیزم (ئوسوڵیەت) شای کێشەکانە و دایکی هەموو کێشەکانیشە. ڕۆشنبیرانی عەرەب یاخود موسڵمان ناتوانن دەستنیشان و چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن تەنها دوای تێپەڕینی زەمەنێکی درێژنەبێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە سەرجەم توانا باشەکانمان، بە درێژایی ئەم سەدەیە یاخود لانی کەم تاکو نیوەی ئەم سەدەیە بخەینەگەڕ. پێویستە لەوە تێبگەین هەندێ کێشە هەیە بەم زوانە چارەسەرناکرێن، ئەم کێشەیە هێندە گەورە و فراوانە بە تەنها توانا و هەوڵی نەوەیەك دەرەقەتی نایەت، بەڵکو پێویستی بەوەیە چەندین نەوە ئیشی تێدابکات، تاکو لەناوی دەبات یاخود لێی ڕزگار دەبێت. بەڵام ئەمە پاساو نییە بۆ ئەوەی نەوەی ئێستامان لەبەرامبەر ئەوەی کە ڕودەدات، دەستەوئەژنۆ دانیشن. کێشەکە هەرخۆی و لە خۆیەوە چارەسەرنابێت. بەڵکو پێویستە بیرمەندەکان لەسەرجەم بوارە جیاواز جیاوازەکاندا لە دەورەی کۆببنەوە و قسەوباسی لەسەربکەن.

گەر تەماشای ئەزمونی ڕۆشنگەری ئەوروپا بکەین، دەبینین ئەزمونێکی سەخت و دژوار بووە. شەڕەکە نزیکەی سێ سەدەی یەك لە

دوای یەکی خایاندووە، بگرە چوار سەدەی خایاندووە: هەر لە "لۆسەر وایراسم"ەوە بۆ "هیگڵ" و "نیتچە" تادەگات بە "سپینۆزا" و "جۆن لۆك" و "ڤۆلتێر" و "دیدرۆ" و "ڕۆسۆ" و "کانت" و زۆرێکی دیکە. هەموو بیریارانی ئەوروپا سەرجەم تواناکانی خۆیان کۆکردەوە تاکو ئەم نەخۆشییە مەترسیدارە لەناوبەرن کە توشی هەموو ئاینەکان دەبێ: نەخۆشی دەمارگیری و فەندەمینیتاڵیزمی تاریکبین.

## شەڕی یەک ملیار موسڵمان

لە وتارەکانی پێشومدا لەسەر هەندێ لەو شەڕانە دواوم و زیاد لە جارێك سەرسام بوونی خۆم بۆ گەورەترین موغامەرە دەربڕیوە کە مێژوی فیکری مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیویەتی، ئەویش موغامەرەی ڕۆشنگەرییە، یاخود ڕزگاربون لە دۆگمای ڕەقهەڵاتوو. لەو وتارانەمدا وتومە ئەو شەڕانە شەڕی ئایندەیە، شەڕی عەرەبە، شەڕی موسڵمانانە، شەڕی ملیارێك خەڵکە، بەڵام پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەم کێشەیە بەم خێراییە ببێت بە کێشەی شەش ملیار کەس، واتە کێشەی هەموو جیهان. ئابەم جۆرە فەندەمێنیتاڵیزم بەشێوەیەك فراوان و گەورە بووە کە قەبارەی بەقەد قەبارەی جیهانی لێهاتووە.

ئێمە کۆمەڵێکی کەم لە ڕۆشنبیرانی عەرەب بە بێدەنگی و لە سێبەردا و لەبارودۆخێکی ناهاوسەنگدا، ئەم شەڕەمان دەستپێکرد و تاکو ئێستاش تێیدا بەردەوامین. ئێمە بە ئەسپایی و لەسەر نوکی پێمان دەڕۆشتین، تاکو زیاد لە پێویست هەراوزەنا نەنێینەوە، بۆ ئەوەی



پەرچەکرداری مێژویەکی داخراوی دورودرێژ نەوروژێنین. لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانی خۆمان لە تۆمەت و پڕوپاگەندەکان بپارێزین، خۆمان لەو فشار و قسەوقسەڵۆکانە بپارێزین کە پێویست ناکات لێرەدا باسیان لێوەبکەم. من پێشتر وتومە و ئێستاش لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر پێ لەسەر ئەو قسانەم دادەگرم و دەڵێم: هەر ڕۆشنبیرێ کێشەی ئوسوڵییەت بە کێشەی سەرەکی سەردەمەکەمان دانەنێ، ڕۆشنبیر نییە و بە هیچ جۆرێ شایەنی ئەو ناولێنانە نییە، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە هەستدەکات خەمی کێشە و گرفتەکانی گەل و نەتەوەکەی دەخوات. گەر خۆی سەرقاڵکرد بە کێشە لاوەکیەکانەوە و کێشە سەرەکییەکانی پشتگوێ خست، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو لە دەرەوەی بازنەکەیە. بەدرێژایی مێژوو هەموو بیرمەندە گەورەکان، بیرمەندی یەك کێشە بوون. شەو و ڕۆژ لە خەیاڵیاندا بووە، لەگەڵی نوستون و لەگەڵی بەخەبەرهاتون..ئەوە کێشەی سەرەکی و هەموو تەمەنیان بووە. ڕەنگە جۆری ئەم کێشەیە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازبێت، بەڵام کێشە سەرەکییەکە هەر دەمێنێتەوە و تەنها ئەوانەی بیریاری پلە یەکن پەیپێدەبەن و ئاشکرای دەکەن.

من سەرم لەوە سوڕماوە، لەبەرچی زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی عەرەب گرنگی و بایەخی تەواو نادەن بەم کێشەیە-کێەشەی ئوسوڵییەت- بگرە ئەوان هەرگیز بە کێشەشی دانانێن! گەرچی پەلامارو هێرشەکانی فەندەمینیتالیستەکانی جەزائیر و سودان و ئێران و میسر و ئەفغانستانو شوێنەکانی دیکە، بۆ سەر کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆحی

سەدەکانی مۆدێرنە خوێناوی بوو، گەرچی ئەوان درزێکی گەورەیان کردە قوڵایی یەکێتی نیشتیمانی میللەتان و فیتنە و ئاژاوەگێڕیان لەنێو گەلاندا بڵاوکردەوە، کەچی ڕۆشنبیرە دلێرەکانمان بەردەوام چاویان لە ئاست ئەم ڕەوتەدا نوقاندووە، بەو بەهانەیەی ئەم ڕەوتە ڕەوتێکی میللییە یاخود نوێنەرایەتی گەل دەکات! تاکو ئەم چرکەساتەش هەستیان بەوەنەکردووە بەرەنگاربونەوەی فەندەمینیتاڵیزمی توندڕە و لەناو ماڵی خۆیدا کارێکی پێویستە، مەبەستم لەماڵی خۆی کەلتووری ئاینی و چۆنیەتی تێگەشتن و ڕاڤەکردنی ئەو کەلتوورەیە، دەبوایە جگە لەو خوێندنەوە داخراو و تیرۆرستیانەی توندڕەوەکان دەیبەخشنە کەلتووری ئیسلامیمان، خوێندنەوەیەکی تازەمان بۆ هەمان کەلتور بکردایە، وەك ئەوەی بیریارانی ڕۆشنگەری ئەوروپی لەگەڵ کەلتوری مەسیحی کردیان.

گەر ئەو بیریارە ئەوروپیانە لە دڵی خۆیاندا بیانوتایە: مادام زۆرینەی گەلەکەمان فەندەمێنیتاڵیستن یاخود کەوتونەتە شوێن لێکدانەوەی فەندەمێنیتاڵیستەکان بۆ ئاین، ئەوا ئێمە لەسەرمانە شوێن پێی گەلەکەمان هەڵگرین و بکەوینە دوایان و تەسلیمی قەدەرەکان ببین.. گەروایان وتبایە هیچ پێشکەوتنێك لە ئەوروپا ڕوینەدەدا و، ئەوروپا هەر بە دواکەوتویی و نەزانی دەمایەوە و تاکو ئێستاش سەرقاڵی شەڕە ناوخۆیی و مەزهەبییەکانی خۆی دەبوو. دڵسۆزی بۆ گەل مانای ڕزگارکردنی گەلە لە تێڕوانینە هەڵەکانی، ڕزگارکردنییەتی



لەو یاسا و دابونەریتە پێشینانەی هەزاران ساڵە بەربڵاون و لەئارادان، نەك بەشێوەیەکی کوێرانە دوای گەل بکەویت.

ئالێرەدا جیاوازی نێوان ڕۆشنبیر و خەڵکانی سادە و ساکاری سەرشەقام دەردەکەوێ، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ خەڵکانی سادە و ساکار کە ناتوانن بارودۆخی خۆیان بگۆڕن، لەسەر ئەم بنەمایە بوو بیریارانی ڕۆشنگەری لە ئەرك و پەیامەکەیان گەشتبون، ئەوان نەهاتن ختوکەی هەست و سۆز و غەریزەی میللەت بدەن، بەڵکو بەوپەڕی سەراحەتەوە حەقیقەتیان پێوتن. بەم جۆرە فەیلەسوفان گەلانی خۆیان لە دواکەوتن و پاشەکشەکردن ڕزگار کرد و بەرزیانکردنەوە بۆ ئاستی شارستانیەت و مەدەنیەت و پێشکەوتن.

## نیوتن ببە...نیوتن بوو

بەڵام ئاخۆ ڕۆشنگەری چییە و چۆن لە سەدەی هەژدەدا سەری هەڵدا و بە چ شێوەیەك تاریکی و شەوەزەنگی فەندەمینیتاڵیزم لەبەردەمیدا ڕەوینەوە و نەمان؟ ناتوانین لە وتارێکدا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەینەوە، بەڵام هەوڵدەدەین لە هەندێکیان نزیکببینەوە.سەرەتا با هەوڵدەین (چەمکی ڕۆشنگەری) ڕونبکەینەوە.

مێژونوسی سویسری "ئۆلریتس ئام هۆف" لە کتێبێکیدا لەسەر سەدەی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا، پێی وایە زاراوەی (ڕۆشنگەری) لە زمانی ئینگلیزیدا تەنها لە سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت، گەرچی مەدلولی ئەم زاراوەیە پێشتر

هەبووە. ئاشكرایە هەندێجار دیاردەیەك پێش ناولێنانەكەی دەردەكەوێت-دەكەوێت-. كاتێ ئەم زاراوەیە دەركەوت لەگەڵ زاراوەیەكی دیكەدا (سەردەمی عەقڵ) كەوتنە مونافەسەكردن. لەمبارەیەوە "بێركلی" فەیلەسوف بە شێوەیەكی شاعیرانە لە ڕۆشنگەری دەدوێ و دەڵێ: (ئەم ڕوبارە لە ڕۆشنگەری هێرشی كردە سەرمان و لەگەڵ بونی ئەو هەموو بەربەستەی كۆیلایەتی و جادوگەریی دایانابوو، توانی ڕێگای خۆی بكاتەوە)...بیرمەندێكی دیكەی ئینگلیز دەڵێ: (ئەم سەدەیە هێندە ڕۆشنە زیاد لەوەی سەدەكانی پێشو چاوەڕوانیان لێدەكرد".

"بۆب"ی شاعیریش بزوتنەوە فەلسەفی و زانستیەكەی سەردەمی خۆی لە ڕستەیەكدا كورتدەكاتەوە و دەڵێ: (سروشت و یاساكانی سروشت لە تاریكیدا شاردرابونەوە..لە پڕێكدا خودا گوتی نیوتن ببە، نیوتن بوو! ئیدی هەموو شتێ ڕۆشن بووەوە).

لێرەوە ڕوناكی لە خۆرئاواوە بەسەر ئەوروپا و هەموو جیهاندا هەڵهات نەك لە خۆرهەڵاتەوە، بەپێچەوانەی خۆرەوە(الشمس). ئەو ڕوناكییە یەكەمجار لە ئینگلتەرەی لیبراڵ هەڵهات و پاشان لە فەرەنساو ئەڵمانیا...هتد.

بەڵام تێگەشتنی فەرەنسی بۆ چەمكی ڕۆشنگەری بە مانای: زیرەكی، مەعریفە، ڕونی فیكر دێت، دواتر بووە نیشانەیەك بۆ هەموو سەردەمەكە. ئیدی بیریاران پێیان وابوو ڕووناكی سروشتیانەی عەقڵ بەتەنها دەتوانێ مرۆڤ بەرەو پێشكەوتنی زانستی و حیكمەت و شارستانیەت بەرێت. ساڵی ١٧٥٠، واتە ئەو ساڵەی ڕۆشنگەری لەو پەڕی بەهێزی و گڕو تینیدابوو،



یەكێك لە بیریاران دەڵێ: ("دواجار هەموو تاریكیەكان ڕەوینەوە و ڕووناكی لە هەموو لایەكەوە ڕژا بەسەرماندا، ئەم ڕووناكییە چەند دڵگیرە، ئەم پێشكەوتنەی مرۆڤایەتی چەند جوانە!)

هاوكات لە زمانی ئەڵمانیدا زاراوەیەك كە مانای ڕۆشنگەری بگەیەنێ، بەوپێیەی بزوتنەوەیەكە سەرتاسەری سەردەمەكە لەخۆبگرێ، تەنها لە ساڵی ١٧٨٠دەركەوت: واتە ئەو كاتەی "كانت" كتێبە گەورەكانی خۆی دەنوسی، بێگومان دواتر لەسەدەی نۆزدەدا چەمكی ڕۆشنگەری جێگیربوو، ئەوكات یەكێك لە بیریارانی ئەڵمانی قسەی لەسەر ئازادی بیركردنەوە و ئازادی ڕۆژنامەگەری كردووە و وتویەتی (ئەو دوانە بۆ عەقڵ وەك ڕوناكی وایە بۆ چاو).

"هێردی" كە لە سەدەی هەژدەدا ژیاوە، بەم شێوەیە وەسفی سەردەمەكەی دەكات: (ئەمە سەردەمە ڕوناكەكەمانە، سەردەمی ئێمە لە هەموو سەردەمەكانی دیكە ڕوناكترە).

بەڵام تێگەشتن لە چەمكی ڕۆشنگەری لە ئیتاڵیا، تێگەشتنێكی تازەیەو وەك بزوتنەوەیەك تەنها لە سەدەی بیستدا دروستبوو. لە ڕاستیدا ئەوروپای باشور بە پێوانە لەگەڵ ئەوروپای باكور درەنگتر بزوتنەوەی ڕۆشنگەری گەیشتێ. لێرەوە حەقی ئەوەمان نییە ئیتاڵیا ئینجا بە شێوەیەكی تایبەتی ئیسپانیا و پورتوگال لەسەر هەمان ئاستی شارستانیەت دابنێین كە وڵاتانی وەك ئینگلتەرە و فەرەنسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندە پێی گەیشتون..ئێمە بۆیە ئەمە دەڵێین چونكە ئیتاڵیا بەم دوایانە گەشتە كاروانەكە، واتە لەماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دوایدا، دواتر ئیسپانیا و

تاڕادەیەکیش پورتوگال شوێنی کەوتن. سەرباری ئەوە فەندەمینیتاڵیزمی کاتۆلیك لە وڵاتی "فرانکۆ" و "سالازار"دا هێشتا هەر بەهێزبوون، گەرچی مۆدێرنە و دیموکراتی تەنها لەم بیست ساڵەی دوایدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. بێگومان (سویسرا)م لەبیرچوو، وڵاتەکەی "جان جاك ڕۆسۆ". ئەم وڵاتە قەشەنگە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە عەقڵانیەت و ڕۆشنگەری. هەروەها (سوید) و (دانیمارك) و (نەرویج)م لەبیر چووە و نەدەبوایە لەبیریانکەم.

ئەمەیە ئەو ڕۆشنگەرییەی توێژاڵی سەر چاوەکانی لابرد، بەڵام فەندەمینیتاڵیستە دەمارگیرەکان هەوڵیاندا لە ڕێگەی مانەوەیان لەنێو تاریکیدا، مانەوەیان لەنێو شەوەزەنگ و نەزانینی خۆیاندا، بەربەستو تەگەرە بخەنە بەردەم ڕۆشنگەری، ئەوان ڕقێکی زۆر گەورەیان لە بەرامبەر ڕۆشنگەری هەبوو.

## ئەورووپا و تیرۆری تیۆلۆژی

ئێستا ئەم پرسیارە دەخەمەڕوو: ئایا یەك ڕۆشنبیری عەرەب هەیە بتوانێ بڵێ ئەم سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین سەردەمی ڕۆشنگەرییە؟ بێگومان مەبەستم سەردەمی عەرەبی-ئیسلامیە، نەك سەردەمی ئەورووپی. چونکە ئێمە لەڕووی زەمەنەوە هاوسەردەمین لەگەڵ ئەورووپادا، نەك لە رووی فیکری و عەقڵییەوە. کێ دەوێرێ بانگەشەی ئەوە بکات؟ نەخێر ئەم سەردەمە سەردەمی فەندەمینیتاڵیزمی براوەیە، سەردەمی هەراوزەنا و قیرەقیرە، سەردەمی تاڵیبان و لەشکرە پەلامار دەرەکەیەتی بۆ مێژوو.



ئەوەی لە ئێستادا دەتوانین بیڵێین ئەمەیە: ئێمە خۆمان بۆ سەردەمێکی ڕۆشنگەری عەرەبی-ئیسلامی داهاتوو ئامادە دەکەین، ڕاستە لەوانەیە ئێمە بە چاوی خۆمان ئەو سەردەمە نەبینین، بەڵام گومانی تێدا نییە ئەو سەردەمە هەردێت. لەو بڕوایەشدام ئەو سەردەمە زۆر دوورنەبێت. چونکە ئەم شەپۆلەی ئێستای فەندەمینیتاڵیزم بەم نزیکانە تێکدەشکێت یاخود بچوکدەبێتەوە، بە بچوکبونەوەشی ڕوناکییەکی تازە سەردەردێنێ ڕۆشنایی چاو دەبات، ڕوناکییەك زۆرمان چاوەڕوانکرد: واتە چەندین سەدەیە چاوەڕوانی دەکەین! ئاشکرایە گەورەترین تاریکی دوا تاریکییە: واتە ئەو تاریکییەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش هاتنی سپێدەوە.

بۆ ئەوەی نمونەیەکی عەمەلی بۆ ڕاستی قسەکانم بێنمەوە، هێندە بەسە لە ئەورووپا تەماشای ئەو سەدەیە بکەین کە ڕاستەوخۆ کەوتبووە پێش سەدەی ڕۆشنگەری: واتە سەدەی حەڤدە. ئەو سەدەیە سەدەی تیۆلۆژیای پڕ مەترسی بوو.. ئەو سەدەیە بوو ڕەوتی دژ بە چاکسازی ئاینی تێیدا باڵادەست بوو، ئەو سەدەیەی دادگای "گالیلۆ"ی کرد، "دیکارت"ی ناچارکرد لە فەرەنسا ڕابکات، "سپینۆزا"ی تۆقاند.. ئەو سەدەیە سەدەی جەنگە مەزهەبی و ناوخۆییەکان بوو کە سەرتاپای ئەورووپای گرتبووەوە. ئەو سەدەیە سەدەی تیرۆری تیۆلۆژیا بوو کە هیچی لە تیرۆری تاڵیبان و پاشماوەی فەندەمینیتالیزمەکانی دیکەی ئێستا کەمتر نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا تەنها دوای تێپەڕینی بیست ساڵ، جەنگی نێوان ڕۆشنگەران و تاریکگەراکان دەستی پێکرد و

دەرەنجامەكەشی لە بەرژەوەندی ڕۆشنگەری كەوتەوە: واتە لە بەرژەوەندی هاتنەئارای لێكدانەوەیەكی تازە بوو بۆ ئاین، ئەم لێكدانەوەیەش لێكدانەوەیەكی ئازادانە بوو، نەك لێكدانەوەیەكی سەركوتكەر و كوێرانە.

ئا لێرەوە ڕێگای ڕزگاربون دەستپێدەكات، ئەویش بە گەلاڵەكردنی تێگەشتنێكی دیكە بۆ كەلەپوری ئاین بەدەر لەو تێگەشتنە بەربلاوە باڵادەستەی سەدان ساڵە لە ئارادایە و، فەندەمینیتالیستەكان تێدەكۆشن تاكو قەناعەتمان پێبكەن كە هەر ئەو لێكدانەوەیەی ئەوان ڕاست و شیاوە. ئابەم جۆرە ئەوروپا سەركەوت بەسەر خۆیدا و گرێ مێژوییە درێژخایەنەكەی خۆی كردەوە، ئەو گرێ ترسناكەی خۆی لە بەریەككەوتنی نێوان عەقڵی تیۆلۆژیا و عەقڵی زانستی یان فەلسەفی دەبینیەوە.

مەترسی بەریەككەوتنی نێوان تیۆلۆژیای سەدەكانی ناوەڕاست و مۆدێرنە، هیچی لە مەترسی خۆپیاكێشانی فڕۆكە خۆكوژەكان بە دوو قوللەكەی ناوەندی بازرگانی جیهانی لە نیۆیۆرك كەمتر نییە. من زیاد لە جارێك ئاماژەم بەمەترسی تیۆلۆژیای سەدەكانی ناوەڕاست یاخود تێگەشتنی سەدەكانی ناوەڕاست بۆ ئاین كردووە، ئەو تیۆلۆژیایەی ڕێگە دەدا بە هەر نەخوێندەوارێك فەتوای تەكفیر و تەحریم و كوشتن و سەربڕین، دەربكات. وتم هەڵوەشاندنەوەی (تفكيك) ئەو تیۆلۆژیایە پێویستیەكی هەنوكەیی خێرایە بۆ هەموو كۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەكان، ئەم كۆمەڵگایانە پێشناكەون گەر ئەو تیۆلۆژیایە هەڵنەوەشێننەوە، چونكە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم جووڵە و بزاوتەكەی و لە هەر هەنگاوێكدا ئەو كۆمەڵگایانە بەرەو



پێشەوە دەنێن، ئەو تیۆلۆژیایە هەستی گوناه و تاوانكردنی تێدا دەبەزوێنێ. هەروەها وامانلێدەكات لەبەردەم ئەوانی دیكەدا هەست بە شورەیی و شەرمەزاری و ناڕەحەتی بكەین، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی ناچارمان دەكات لە گەڵیدا بكەوینە جەنگێی گەرم، جەنگێك گڕەكەی چەندە كزبێت زیاتر كڵپە دەسێنێت.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط، ٢٠٠٥/١٢/١٢

## مۆدێرنە چۆن لە ڕاڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لایدا!؟



چەند ساڵێکە ڕۆشنبیرانی ئەوروپا و ئەمریکا هەوڵدەدەن دەستنیشانی قەیرانی مۆدێرنە بکەن. تێز و دەستنیشان کردنەکان لە بیرمەندێکەوە بۆ بیرمەندێکی دیکە جیاوازە، بەڵام کۆبەندییەك هەیە لەسەر ئەوەی شارستانیەتی خۆرئاوا بەدەست قەیرانێکی تایبەتەوە یاخود بەدەست نەخۆشییەکی کوشندەوە دەناڵێنێ. ئەم نەخۆشییەش لەسەر شێوەی کۆمەڵێ لادانی زۆر دەردەکەوێ، لەوانە پەنابردن بۆ مەی خواردنەوە و بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر، یاخود هەڵخلیسکان بەرەو بەدخوییە هەمەڕەنگەکان یان کەوتنە باوەشی مەیلی عەدەمیەت و ڕێژەچییەتیەوە کە چیتر جیاوازی ناکات لە نێوان ڕاست و هەڵە یاخود لە نێوان خێر و شەڕ.

ئا بەم جۆرە ئەو دیاردە و ڕێوڕەسمانەی هەڵسوکەوتی مرۆڤیان ڕێکدەخست و ئارامیەکیان پێدەبەخشی و مرۆڤیان لە لادانە جۆراو جۆرەکان دەپاراست کە دەبنە هۆی تێکشکاندنی جەستەیی و ڕۆحی مرۆڤ ، نەمان و لەناوچون. هەروەها بەها گەردونیە گشتیەکان کە بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا پراکتیزە دەکرا، بوونە هەڵم. ئیدی هەر بابایەو داوای حەقی خۆی دەکات لە دروستکردنی ئەخلاقی تاکەکەسی تایبەت بە خۆی و جیاواز لە خەڵکانی دیکە و کۆمەڵگاش نابێت هیچ پەیوەندییەکی پێوە هەبێت. لێرەوە ئەخلاقێك نییە لە ئەخلاقێکی تر باشتربێت و هەموو شتێ یەکسانە بە هەموو شتێ، ئەمەش بە پێی تیۆرەی ڕێژەچییەتی (النسبوية) و نالێم ڕێژەیی (النسبية)[*].

ئەم بارودۆخە، هەروەها شتگەلێکی زۆری دیکەش، بیرمەندی

فەرەنسی "جان کلۆد گیبۆ"ی نارەحەتکرد، هەربۆیە کتێبێکی لەژێر ناونیشانی (خیانەتی ڕۆشنگەری، گەڕان و پشکنین دەربارەی شپرزەیی سەردەم لە خۆرئاوا)دانا. لە خۆرئاوا قەیرانی مانا هەیە، بگرە تینوێتیەکی گەورە هەیە بۆ مانا: مانای ژیان و بوون. هەموو ئەو شتانەی کە ڕودەدات وەك ئەوە وایە مرۆڤی خۆرئاوا دوای ئەوەی لە شتە مادییەکان و شەهوەتی بەرخۆری تێریخواردووە، هەست بە ناتەواویەك لە ژیانیدا دەکات. جگە لە خواردن و خواردنەوە و لەزەتو خۆشگوزەرانی ئابووری، برسی شتێکی دیکەیە. لێرەوە جۆری قەیرانی مرۆڤی خۆرئاوا جیاوازە لە قەیرانی مرۆڤی عەرەبی یاخود موسڵمان، بگرە پێدەچێت قەیرانەکەی ئەوان قەیرانی خۆشگوزەرانی یاخود قەیرانێك بێت زیاد لە پێویست نەرمونیان بێت.

تویژەری ناوبراو زۆر بە جدیی و دڵسۆزانە قەیرانەکە دەخاتەڕوو، هەروەها قسەوباس لەسەر قەیرانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات بە هەمان ڕۆحی تێگەشتن و هەمان تێڕوانینی فراوان و بەرپرسیارانەوە، دەکات. بێگومان ئەو شتەکان تێکەڵ بەیەك ناکات و ناکەوێتە دۆزینەوەی چارەسەری تەوفیقییانە یاخود تەلفیقییانە، ئەم چارەسەرە لە باتی ئەوەی قەیرانەکان بە جدیی و بوێری و ئاشکرایی بخاتەڕوو، قەیرانەکان (دەتوێنێتەوە-تمیع) یاخود پەردەپۆشیان دەکات. ئەو کاتێ ڕەخنە لە مۆدێرنەی خۆرئاوا یاخود لەو ئاکامەی کە ئەمڕۆ مۆدێرنە توشی هاتووە، دەگرێ. ئەمە مانای ئەوە نییە "جان کلۆد" بانگەشەی گەڕانەوە دەکات بۆ ئەو تێز و بیروڕایانەی کە کۆنەپارێزەکان یاخود توندڕەوەکان حەزیان لێیەتی و پێیان خۆشە، بەڵکو



ئەو دەیەوێ مۆدێرنە بگەڕێنێتەوە سەر ڕێگا ڕاستەکەی خۆی، بیگەڕێنێتەوە بۆ فەلسەفە گەورەکە، ئەو فەلسەفەیەی بەلای کەمەوە پێش دووسەد ساڵ لەمەوبەر لەسەری دامەزرا و گەڵاڵەی کرد: واتە فەلسەفەی ڕۆشنگەری. گەر لە ئێستادا مۆدێرنە بەدەست کەموکوڕی و ناتەواوی ئاشکراوە دەناڵێنێ، ئەمە بە هیچ شێوەیەك مانای پاساو هێنانەوە نییە بۆ پاشەکشەکردن لە پرنسیپە گەردونی و ژیارییەکان. بگرە بە پێچەوانەوە، لەم کەشوهەوا جیهانییەی کە تێیدا بەهاکان هەرەسیان هێناوە یاخود هەڵوەشاونەتەوە و لە لایەك بەهاکانی بازرگانی و بەرخۆریی و لەلایەکی دیکەوە بەهاکانی فەندەمینیتاڵیزمی دەمارگیر لە ئارادان، پێویستە زۆر زیاتر دەست بەو بەها گەردونی و ژیارییانەوە بگرین.

لەم ململانێیەی ئێستای نێوان جیهانگیری سەرمایەداری دڕندە لەلایەكو هێزە فەندمینیتاڵیستە توندڕە و تیرۆرستەکان لەلایەکی دیکەوە، کە لەسەر ئاستێکی فراوان لە ئارادایە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفەی ڕۆشنگەری کە شارستانییەت و مۆدێرنەی دامەزراند، پێویستە گوێ لە دەنگی عەقڵ و لۆجیك بگرین.

دانەر لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێ: پرۆژەی ڕۆشنگەری گەورەترین دەستکەوتە مرۆڤایەتی تاکو ئێستا بەدەستیهێناوە. ئەوە مۆدێرنەی خۆرئاوا بوو مرۆڤی بۆ یەکەمینجار لە مێژودا گەیاندە قۆناخی تاکی سەربەست و ئازاد، ئیدی هیچ هێزێکی تاریکبین و تیۆلۆژی یاخود هیچ هێزێکی ستەمگەر لەئارادا نەماوە فشار بخاتە سەر مرۆڤ یان دەست بەسەر

ژیانیدا بگرێ.

مۆدێرنە سەرەتا مرۆڤی لە هەژاری و برسییەتی ڕزگارکرد، تەنانەت لە ئێستادا مرۆڤی هەژار یاخود مرۆڤی ئاسایی لە خۆرئاوا، لە پاشا یان لە وەزیرێکی سەدەی شازدە یاخود حەڤدە باشتر دەژی! لە میانەی تەنها سەدەیەکدا توانا و هێزی کڕینی مرۆڤی خۆرئاوایی پێنججار زیادیکردووە. لە هەمانکاتدا سەعاتی کارکردن و ماندوبونی کەمیکردووە و سەعاتی پشوو یاریکردن و ڕابواردنی زیادیکردووە، لەگەڵیدا کەلوپەلی بەرخۆری بە پلەیەك زیادیکردووە، ئەوەی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە بچێتە بازاڕەکانی خۆرئاوا یاخود تەنها بەشەقامەکانیدا گوزەربکات، توشی شۆك و سەرسوڕمان دەبێت. دەڵێن کاتێ کوڕوکاڵی ئەوروپای خۆرهەڵات ڕاستەوخۆ دوای ڕوخانی بلۆکی کومۆنیزم سەردانی ئەوروپای خۆرئاوایان کردووە، باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەکردووە، کاتێ ئەو دەوڵەمەندییە لە ڕادەبەدەرەیان بینیوە کە ئەو کۆمەڵگا سەرمایەدارییانە بە دەستیانهێناوە شێت و هاربوون، چونکە ئەوان لە فرۆشگا و بازاڕەکانی خۆیاندا شتێکی ئەوتۆیان نە دەدۆزییەوە بیخۆن.

هیچ مرۆڤێکی خۆرئاوایی لە خۆی ناترسێ کاتێ بیروڕای خۆی بە ئاشکرا لەسەر سیاسەت و ئاین یاخود بە شێوەیەکی گشتی لەسەر کاروباری ژیان دەردەبڕێ. کەس فشاری ناخاتەسەر بۆ ئەوەی باوەڕداربێت یان بێباوەڕ، سروت و ڕێوڕەسمە ئاینیەکان جێبەجێ دەکات یاخود نایکات، ڕۆژانی یەك شەممە دەچێت بۆ کلێسا یان ناچێت. تۆ ئازادی چی لە ژیانی خۆت دەکەی، بەمەرجێ ئەوانی دیکە ئازار نەدەیت، گرنگ ئەوەیە لە هەستان و



دانیشتنتدا کەسێکی سەرڕاستبیت و زیان بە بەرژەوەندی گشتی نەگەیەنیت، ئیدی ئەوەی دەمێنێتەوە مەسەلەیەکی تایبەتی نێوان خۆتو خوای خۆتە.

لێرەوە کاتێ باس لە شارستانییەتی خۆرئاوا دەکەین، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم شارستانییەتە خەریکە هەرەسدێنێت یاخود هەموشتێ لە خۆرئاوا هەڵە و لادەرە، وەك ئەوەی خوێنەر لە پێشەکی ئەم وتارەدا تێیگەشتووە. نەخێر، هەرگیز وانییە. هەموو ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیڵێین ئەوەیە ئەم شارستانییەتە دەکرێ باشتر بێت. پاشان بە شێوەیەکی تایبەت دەمانەوێ بڵێین هەر شتێ سەرکەوتن بەدەستبێنێ بە زەرورەت دەبێتە شتێکی نمونەیی، پێوەری، تەنانەت خۆسەپێنەر. بەم مانایە مۆدێرنە لە ئێستادا بووەتە شتێکی ڕەقهەڵاتوی بەردئاسا و، لە هەندێك کاتدا بووەتە شتێك تەواو پێچەوانەی خۆیەتی.

دوای سەرکەوتنی خۆرئاوا بەسەر خۆرهەڵاتدا یاخود دوای سەرکەوتنی سەرمایەداری بەسەر کۆمۆنیزمدا، زۆرێك لە خۆرئاواییەکان بە پلەیەك لاف و گەزافیان بە شارستانیەتەکەیانەوە لێدەدا کە ناتەواویەکانی ئەو شارستانیەتەیان لەبیرکرد و نەیاندەبینی، بگرە ئەو شتە بنچینەیەیان لە فیکری مۆدێرنەدا لەبیرکرد کە خودی مۆدێرنەی لە هەموو فیکرەکانی پێشتر جیادەکردەوە: واتە ڕۆحی ڕەخنە یاخود ڕاستتر ئازادی ڕەخنە.

دانەر بەیەك وشە دەڵێ: (گەر خۆرئاوا لە ئێستادا توشی قەیران هاتووە، لەبەر ئەوەیە چیتر مەیلی ڕەخنەگرتنی لەخۆی نەماوە، چونکە هەر ئەم مەیلەیە جەوهەری خۆرئاوا پێکدەهێنێت، بگرە هەر ئەم

مەیلە بووە هۆی سەرکەوتنی شارستانیەتی خۆرئاوا بەسەر سنووری شارستانیەتەکانی دیکەی وەك بودیی و کۆنفۆشێسی و عەرەبی-ئیسلامی...هتد).

هەموو ئەمانە مانای ئەوەیە گەر ئازادی ڕەخنەگرتن نەبوایە، ئەوا نە خۆرئاوا و نە مۆدێرنە و نە شارستانیەت نەدەبوو. ئەم ئازادیەش وەك دامەزرێنەری ڕۆشەنگەری لە خۆرئاوا "ئیمانویل کانت" دەڵێ هیچ سنورێکی بۆ نییە. "کانت" دەڵێ: (سەدەکەمان-واتە سەدەی هەژدە، سەدەی ڕۆشنگەری- سەدەی ڕەخنەیە و دەبێ هەموو شتێ ملکەچی ڕەخنە ببێت، لەوانە بیروباوەڕی ئاینی مەسیحیش کە بەلای گەلانی ئەوروپییەوە زۆر پیرۆزە). بەڵام تێبینی دەکەین مۆدێرنە دوای تێپەڕینی دووسەد ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا خیانەتی لە "کانت" کردووە و چیتر خۆی لە تەرازوی گومان و ڕەخنەدا دانانێ و گۆڕاوە بۆ کۆمەڵێ یەقینیاتی ڕەها، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر مۆدێرنە کۆمەڵێ پرساری کراوە بوو بەسەر ڕەهادا؛ ڕەهای ئەزمون و ئازادی.

هەروەها زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ئەوروپا و ئەمریکا پێیان وایە مۆدێرنە دەستکەوتێکە تەنها بۆ خۆیان و کەسی دیکە مافی وەرگرتنی نییە. گومانی تێدانییە مۆدێرنە دەستکەوتە، بەڵام پێویست بەم خواستە خۆپەرست و داخراوە ناکات کە دەیەوێ پاوانی مۆدێرنە و دەستکەوت و سەروەت و سامانەکان بکات و خۆی بخاتە نێو قاوغێکی تەسکەوە. پاشان مۆدێرنە کورتکراوەتەوە بۆ ڕەهەندە تەکنەلۆژی و بانکی و سەربازییەکەی‌و لە ڕۆحە شارستانی و مرۆڤایەتیەکەی



بەتاڵکراوەتەوە. ئالێرەدا خیانەتی خۆرئاوا بۆ ئەو پرنسیپانە دەردەکەوێ کە پێش سێ سەدە یان چوار سەدە بونە هۆی دروستبونی شارستانیەتەکەی و هێنانەئارای مۆدێرنەکەی.

ئێستا خۆرئاوای خۆپەرست لە پیاوێکی دەوڵەمەند دەچێ، بەڵام بە خزم‌و دراوسێی هەژار گەمارۆدراوە. ئەو دەوڵەمەندە تێدەکۆشێ دەرگاکانی ماڵەکەی دابخات یاخود بە تەلی درکاوی و دیواربەندی گەورە دەورەی خانوەکەی بگرێ، تاکو لێی نەیەنە ژورەوە و تۆزقاڵێك لە نانەکەی بخۆن.

لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا "جان کلۆد"ی دانەر دەڵێ: لە ئێستادا ترسێك باڵی بەسەر خۆرئاوادا کێشاوە، ئەویش ترسە لە شاڵاوی داگیرکردن (غزو)، ئەم داگیرکردنەش لە چەند شێوەیەکدا دەردەکەوێت، یەکەمیان داگیرکردنی کۆمەڵگاکانی ئەوروپایە لەلایەن مەغریبی و ڕەشپێستەکانەوەو بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن ئەوروپای خۆرهەڵات و موسڵمانەکانەوە، ئەویش لەڕێگەی کۆچکردنەوە. لەبەر ئەوەیە چەندین ڕێوڕەسم و یاسای توندوتۆڵ گیراوەتەبەر تاکو ڕێگە لە هاتنە ژورەوەی خەڵکانی غەوارە و پەسەند نەکراو بۆ بەهەشتی ئەوروپا بگرن. هەروەها داگیرکردنەکە خۆی لەو کەلوپەل و کاڵایانەدا دەبینێتەوە کە بە نرخێکی هەرزان لە وڵاتانی تایلەند و مالیزیا و وڵاتانی (پڵنگەکانی ئاسیا) دێنەبەرهەم و ڕەوانەی ئەوروپا دەکرێن. ئەم کەلوپەل و کاڵایانە بە ئاسانی دەتوانن مونافەسەی کەلوپەل و کاڵای ئەوروپا و کارگەکانیان بکەن، بگرە دەتوانن لە ناویشیان بەرن. ئێستاش دوای ڕوداوی کارەساتی

یازدەی سێپتێمبەر خۆرئاوا سڵ لەمەترسییەکی دیکە دەکاتەوە، ئەویش تیرۆری فەندەمێنیتاڵیزمە.

خۆرئاوا واهەستدەکات خۆی قەڵایەکی مەسیحییە و بە دوژمن یاخود بە (بەربەریەت) دەورە دراوە، هەر بۆیە لەوە دەترسێ نەتوانێ تاهەتاهەتایە بەرگری لە شارستانیەتەکەی بکات. بێگومان خۆرئاوا بۆ بەرپەچدانەوەی داگیرکەران و ڕزگارکردنی مۆدێرنە کە خۆی دروستیکردووە و لە هەندێ لایەنەوە وەك پەرجوویەك وایە، پشت بە هێزی بازرگانی و تەکنەلۆژی و سەربازییەکەی دەبەستێ، هەروەها پشت بە سوپا و دەزگاکانی هەواڵگیری و کلاوە ئەتۆمییەکانی دەبەستێ. بەڵام ئاخۆ خۆرئاوا تاکەی دەتوانێ لەسەر ئەم هەڵوێستە خۆپەرست و چاوچنۆکانەیەی بمێنێتەوە؟ ئەی مۆدێرنە چ مانایەك دەبەخشێ گەر خێروبێرەکەی بە هاوبەشی بۆ هەمو مرۆڤایەتی نەبێت؟ تۆبڵێیت پێشەنگەکانی سەرەتا، ئەوانەی پرۆژەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنەیان گەڵاڵەکرد، بەم ئاستە تەسك و ناقۆڵایە بیریان کردبێتەوە؟

ئێمە دەزانین "کۆندۆ رسییە" و "سان سیمۆن" و "ئۆگست کۆنت" و "جان جاك ڕۆسۆ" و "ئارنست ڕێنیان" لە هەموو کەس زیاتر بەرگرییەکی توندیان لە بەها گەردوونییەکان کردووە و لەسەر بنەمای ڕەگەز یاخود ئاین یان مەزهەب جیاوازیان لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤێکی تردا نەکردووە. ئەوان ڕێزی کەرامەتی مرۆڤانەی سەرجەم مرۆڤە جیاواز جیاوازەکانیان دەگرت، چ مرۆڤی سپیپێست یان ڕەشپێست یاخود موسڵمانو مەسیحی و بودیی...هتد. ئەوان خەونیان بەدوارۆژێکی



پرشنگدارەوە دەبینی بۆ مرۆڤایەتی کە عەقڵ ڕێنمایی بکات و خاڵیبێت لە هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی یاخود تایفەگەری.

دوای ئەوان "گۆتە" هات تاکو پێمان بڵێ ئێمە هەمومان سەر بە ڕەگەزی مرۆڤین، هەربۆیە پێویست ناکات ئێمە ڕقمان لەیەکتر بێتەوە، بەو پێیەی سەر بەهەمان ئاین یاخود هەمان ڕەگەز یان هەمان زمان نین. ئێمە هەمومان ڕەگەزی مرۆڤبوون کۆماندەکاتەوە، ئەمەش بەسە.

فەیلەسوفانی پێشەنگی ڕۆشنگەری لەو باوەڕەدا بوون هەموو مرۆڤایەتی، نەك بە تەنها دانیشتوانی ئەوروپا و ئەمریکای باکوور، مافی خۆیانە خۆشی لە مۆدێرنە و شارستانیەت و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی ئابووری وەربگرن.

"کۆندۆ رسییە" ساڵی ١٧٨٠دەنوسێ: (بەو پێیەی حەقیقەت بۆ هەموان یەك حەقیقەتە، ئەوا هەموو مرۆڤەکان مافی خۆیانە لەژێر سایەی ڕژێمێکدا بژین عەقڵ، دادپەروەری، مافەکانی مرۆڤ، خاوەندارێتی تاکەکەسی و ئازادی و مافی تەندروستی...هتد، بیباتبەڕێوە). هەروەها "جان جاك ڕۆسۆ" ساڵی ١٨٧٢ دەنوسێ و دەڵێ: (کاتێ مەسەلەکە پەیوەستدارە بە بیرکردنەوە لە سروشتی ئادەمیزاد، ئەوا فەیلەسوفی ڕاستەقینە نە هیندییەو نە تەتەرە و نە سویسرییە و نە فەرەنسییە، بەڵکو مرۆڤە. لێرەوە ڕەگەزێك نییە لە ڕەگەزێکی دیکە باشتر و توخمێك لە توخمێکی تر باڵاتر، بەڵکو هەموو ڕەگەزەکان لە سروشتی مرۆڤانەیاندا یەکسانن).

لەم بارەیەوە کار گەشتە ئەوەی "مۆنتسکیۆ" بڵێ: (من مرۆڤم و

تەنها بە ڕێکەوت فەرەنسیم، گەر لە ئێران لە دایك بومایە دەبومە فارس و گەر لە دورگەی عەرەبی لەدایك بومایە دەبومە عەرەب، لێرەوە دەبێ ئاگاداری مەیلی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنی و نەتەوەپەرستی ببین، کەس لە کەسێکیتر باشترنییە و تەنها لە ئیشکردن و دڵسۆزی و خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا نەبێت).

بەڵام ئایا خۆرئاوا تاکو ئێستا وەفادارە بۆ ئەم تێڕوانینە فراوانەی بیریارانی ڕۆشنگەری؟ یاخود لە پێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندییە نەتەوایەتیەکانی خۆی لێ لاداوە، یان لەبەر بەرژەوەندی دەستەیەکی بچوك خیانەتیان لێکردووە؟ تاقیکردنەوە مێژوییەکان سەلماندویانە لە ساتێك لە ساتەکاندا لادان ڕویداوە. لەبەر ئەوەیە دەبینین ئایدۆلۆژیا فاشی و ڕەگەزپەرستی و ڕاستڕەوی توندڕەو لەئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا بڵاوبونەتەوە. بگرە ئەم ڕەوتە لە ئیسپانیا تاکو کۆتایی سەردەمی "فرانکۆ" باڵادەست بووە، لە پورتوگالیش تاکو کۆتایی سەردەمی "سالازار" باڵادەست بووە. پێش ئەوەی ئەو دوو وڵاتە بچنە ناو سەردەمی دیموکراسی و بێنە ناو ئەوروپای شارستانی.

لە ڕاستیدا مۆدێرنەی خۆرئاوا دوو ڕوخساری هەیە، یەکەمیان ڕوخسارێکی فریادڕەسی، مرۆڤانەی، عەقڵانی، دووەمیان ڕوخسارێکی پاوانخواز، هەژمونگەرو گەرپێویستیش بکات سەرکوتکردنی ئەوانی دیکە. ئەم دوو ڕوخسارەش بە درێژایی مێژوو لە دووسەد ساڵی ڕابردودا پێکەوە دەرکەوتون و هاوشانی یەك بوون. کاتێ فڕۆکەکانی ئەمریکا بۆردومانی ڤێتنامیان ئەکرد، ڕۆشنبیران لە شەقامەکانی پاریس و



فرانکفۆرت و زانکۆی کالیفۆڕنیا خۆپیشاندانیان دژ بەم (شەڕە نەگریسە) سازدەکرد و قسەیان بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی دەوت. کاتێ سوپای فەرەنسا لە جەزائیر کاری ڤێزەون و دزێویان ئەنجامدەدا، "جان پۆل سارتەر" و دەیان ڕۆشنبیری دیکەی فەرەنسی لایەنگری گەلی جەزائیریان دەگرت و تێکۆشانی ئەو گەلەیان بۆ ئازادی بەڕەوا دەزانی. کاتێ "سارتەر" و "لیڤی شتراوس" و "میشێل فۆکۆ" و ئەوانی دیکە کتێبە گەورەکانی خۆیان دەنوسی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی دەولی دەستیان بەسەر جیهاندا گرتبوو.

لە واقیعدا خۆرئاوا بە هۆی جەنگە سەرمایەدارییەکانیەوە کە بەرامبەر بەگەلانی دیکە ئەنجامیداوە، بەردەوام باس لە ناڕەحەتی و بیماری ویژدانی خۆی دەکات، بەڵام هەڵسوکەوتی سیاسی و واقیعیانەی وادیارە هەست بە هیچ ناڕەحەتییەکی ویژدانی نەکات! لێرەوە دەردەکەوێت توێژە سیاسیەکەی خۆرئاوا لەلایەکە و توێژە ڕوشنبیرەکەی لەلایەکی دیکەیە. هەر لێرەدا دووفاقییەکەی خۆرئاوا دەردەکەوێت، بگرە ڕیاکارییەکەشی دەردەکەوێت.

مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت مۆدێرنەی خۆرئاوا پێویستی بەخۆداچونەوە هەیە، تاکو ڕۆح زلییەکەی و سەرەڕۆییەکەی کەمتربێت و زیاتر دادپەروەرانەو مرۆڤدۆستانە بێت. هاوکات لەسەر ڕۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمان پێویستە ڕەخنە لە فەندەمینیتاڵیزمی دەمارگیری ئاینی بگرن، لە پێناو ئەوەی بگەنە لێکدانەوەیەکی ئازادانە یاخود ڕۆشنگەرانە بۆ کەلەپوری عەرەبی-ئیسلامی. ئیدی ئەوکات دەکرێ

هەردولا لەسەر زەمینەی فەلسەفەی ڕۆشنگەری پێکبگەن کە دەستکەوتێکی مەزن و هاوبەشی مرۆڤایەتییە.

٭- ئازیزێك سەبارەت بەم دوو وشەیە ئەم ڕەنکردنەوەیەی بۆ نوسین:

ئەم دوو وشەیە (النسبوية) و (النسبية) دەکرێ هەردوکیان هەمان مانایان هەبێت و هەردوکیان مانای یەك شت بگەیەنن، بەڵام لەم وتارەدا دوو مانای جیاواز لەخۆدەگرن.

لەم وتارەدا وشەی (النسبية) وەك دیدێکی فەلسەفی بەکارهاتووە و پێچەوانەی موتڵەقگەرییە، بۆ نمونە گەر بڵێین عەرەب نەتەوەیەکی خراپە، ئەمە دیدێکی موتڵەقە و لەڕاستیەوە دوورە، بەڵام گەر وتمان برێك لە عەرەب خراپن، بۆ نمونە فاشیەکانی عەرەب خراپن ئەمەیان دیدێکی ڕێژەگەرییە و لە ڕاستیەوە نزیکە.

هەرچی وشەی (النسبوية) کە دەکرێ بە کوردی وشەی (ڕێژەچییەتی) بۆ بەکاربهێنرێت، جۆرێکی خراپە لە ڕێژەگەریی، ئەو جۆرەی ڕێژەگەرییە کە ڕێژەگەری دەکاتە موتڵەق، واتە هەڵگری جۆرێك لە پەرگیرییە لە ڕێژەگەریدا، تەتەرڕوفە لە ڕێژەگەریدا، بۆ نمونە گەر وتمان حەقیقەت ڕێژەییە، ئەمەیان دیدێکە دەکرێ بەرگری لێبکەین، بەڵام گەر وتمان مادام حەقیقەت ڕێژەییە کەواتە بونی نییە، ئەمەیان ڕێژەچێتییە، واتە جۆرێکە لە پەڕگیریی لە ڕێژەگەریدا.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط، ٢٠٠٣/١/٥

## بن لادن
## دەنگێک لە قوڵایی ئەشکەوتە تاریکەکانەوە



گرفتی بن لادن ئەوەیە نەك تەنها خۆرئاوای (مەسیحی، ئیمپریالیزم، خاچپەرست)وەك ئەوەی خۆی چەندین جار وتویەتی و دووبارە و سێبارەشی کردووەتەوە، کردووە بە دوژمن. بەڵکو خۆرهەڵاتی (بودیی، هندۆسی، کۆنفۆشێسی)شی کردووە بە دوژمن، ئەمە جگە لەوەی نابێ روسیای ئەرسەدۆکسیمان لەبیر بچێت! بە مانایەکی تر فێندەمینیتاڵیستی تاریکبین کە لە کەسی بن لادن و هەموو ئەوانەش هاوسۆزن لەگەڵیدا بەرجەستە بووە، چونەتە نێو شەڕێکی کراوەوە لەگەڵ هەموو جیهاندا، بن لادن لە دوا کاسێتی تۆمارکراویدا (مەبەست لەو کاسێتەی بن لادنە کە لە مانگی ٢٠٠٣/١٠بڵاوکراوەتەوە-و-) تەنانەت جەنگ لە دژی یابانیش ڕادەگەیەنێت.

ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەخاتە ڕوو ئەمەیە: بۆچی هەموو گەلانی زەوی لە خۆرهەڵاتیەوە بۆ خۆرئاوای بەرەو بەها هاوبەشەکان هەنگاو دەنێن، ئەو بەهایانەی کە خۆیان لە عەقڵانیەت و مەیلی هیومانستی و ئازادیدا دەنوێنن، کەچی جیهانی ئیسلامی بە پێچەوانەوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە؟ ڕاستە موسڵمانان هەموویان لایەنگری بن لادن نین، بەڵام گومانی تێدانییە بەشێکی زۆریان هاوسۆزن لەگەڵیدا. مەبەستم لەمە جەماوەری ڕەش و ڕوتی نێو شەقامی عەرەبی و ئیسلامی نییە، ئەوان بەبۆچونی من گلەییان لێناکرێ، چونکە لە نەزانین و نەفامییانەوە دوایکەوتون، بەڵکو مەبەستم لەمە بە پلەی یەکەم، ئەو دیماگۆگییە عەرەبانەن کە شاشەی (جەزیرە)یان بە سیما ناشرینو جارسکەرەکەیان دوای پیشاندانی دواکاسێت، پڕکردووە.

دەمودەست وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە، بەڵكو پاش كەمێكی دیكە دەگەڕێمەوە بۆلای. لێرەدا تەنها ئەمە دەڵێم: سەیرو سەمەرەكە لەوەدایە ئەو دیماگۆگیانە بێ شەرم و بێ سڵكردنەوە دەستیان كرد بە قسەكردن لەسەر چاكەكاری (شێخ) ئوسامە بن لادن و جوامێرییەكانی، بەمەش بەشداریان كرد لە گومڕاكردنی ملیۆنان بینەری سادە، ئەوانەی كە بە هۆكارە تایبەتییەكانی خۆیان ناتوانن بگەنە ڕاستی مەسەلەكان و بەمەش زیاتر چەواشە دەكرێن و لەخشتە دەبرێن.

من لەوە تێدەگەم گەر فێندەمێنیتالیستێكی كەللەڕەق كە داخ لە دڵە بەرامبەر بە سەدەكانی مۆدێرنە و بەهاكانی، ستایشی بن لادن بكات، بەڵام گەر كەسێك بەردەوام لەسەروتارە ڕۆژنامە نوسییەكانیدا باس لە دیموكراتیەت و ئازادی گەلانی عەرەبی بكات، كەچی بچێتە پاڵ ئەوان یاخود پێش ئەوانیش بكەوێت، ئەوا ئەمە شتێكە نە لێیتێدەگەیت و نە قوبوڵیش دەكرێ. لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەو كەسە لە لەندەنەوە قسە دەكات، پایتەختی ڕەسەنترین دیموكراتیەت لە جیهاندا، (لێرەدا مەبەستی لە عەبدولباری عەتوانی سەرنوسەری ڕۆژنامەی قودسی عەرەبییە كە لە لەندەن دەردەچێ-و-)، بەمانایەكی دیكە بەهای دەمارگیری ئاینی و دادگای پشكنین لە هەمان ئەو شوێنەوە بەرز دەنرخێنرێت كە بۆ یەكەمجار لە مێژودا بەهای لێكبوردنی ئاینی و ئازادی بیروباوەڕ و ویژدانی لێدامەزرا.

لێرەدا دووڕویی و ساختەكارییە گەورەكەی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەرەب دەردەكەوێ، ئەوانەیان بانگەشەی ئینتمابونیان بۆ سەدەكانی



مۆدێرنە ڕادەگەیەنن و سەدەكانی مۆدێرنەش لێیان بێبەرییە. ئاخۆ دەبێ چەند دەمامك لە دەموچاوەكان بكرێنەوە! ئەوانەی پێشتر گۆرانیان بە شانوباڵی ستەمگەری عەرەبیدا هەڵدەدا كە لە "سەدام حسێن"دا بەرجەستە ببوو، هەر ئەوانن لە ئێستادا فەندەمێنیتالیزمی تاریكبین بەرز ڕادەگرن كە لە بن لادندا بەرجەستە بووە. هیچ شتێ نەگۆڕاوە و هیچ شتێ باش نەبووە، هەمان پێداگرتن لەسەر هەڵە و گومڕاكردن و هەمان دۆڕاندن و شكست.

لە واقعدا مەسەلەكە زۆر لەوە قوڵتر و ترسناكترە كە وێنای دەكەین، من لەكۆتایی حەفتاكانەوە بە (شای مەسەلەكان)م لە قەڵەمداوە، واتە پێش ڕودانی ١١ سێپتێمبەر بە چارەكە سەدەیەك. لەو كاتەوە دەركمكرد بەوەی ئەم شەڕە پێویستە لە دوو بەرەوە بەڕێوەبچێ: بەرەی فیكری عەرەبی-ئیسلامی و بەرەی فیكری ئەوروپی. هەر لەبەر ئەمەش بوو دەستمكرد بە وەرگێڕانی گەورەترین پرۆژەی ڕەخنەیی لە عەقڵی ئوسوڵی لە ئیسلامدا، بێگومان مەبەستم پرۆژەكەی "محەمەد ئاركۆن"ە، ئیدی لەودەمەوە كتێبی لە جۆری (فكری ئیسلامی و.. خوێندنەوەیەكی زانستیانە)، (فكری ئیسلامی.. ڕەخنەو ئیجتهاد)، (ئیسلام، ئەوروپا، خۆرئاوا)، (فیكری ئوسوڵی و مەحاڵی ڕیشەكێشكردنی)، (مەیلی هیومانستی لە فیكری عەرەبیدا)، (جەنگ لە پێناو بڵاوكردنەوەی مەیلی هیومانستی لە سیاقی ئیسلامیدا)، (كۆمەڵێ مەسەلە لە ڕەخنەكردنی عەقڵی ئاینی)..هتد، دەركەوتن. ئەوكات هەستم كرد لەگەڵ زەمەندا لە پێشبڕكێدام..

ئەو پرسیارەی کە هەموو ئیشەکانم و وەرگێڕانەکانمی دەبرد بەرێوە ئەمە بوو: ئایا تێگەشتنێکی دیکە بۆ ئاینەکان هەیە جگە لە تێگەشتنی سەرکوتکەری باو؟ ئەی ئەوروپا چۆن چۆنی توانی لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاست و دادگاکانی پشکنین بێتەدەرێ و ڕووەو شارستانیەت هەنگاو بنێت؟ ئیدی لەوکاتەوە چومە ناو ئەوەی دواتر ناوم لێنا (زانستی بەراوردکاری ئوسوڵی)، واتە زانستی بەراوردکاری لە نێوان ئوسوڵییەتی ئیسلامی و ئوسوڵییەتی مەسیحی لە ئەوروپا.. لەوکاتەوە چیتر وەرگێڕانەکانی "ئارکۆن" بەس نەبوون بۆ تێگەشتنم لە چۆنیەتی بارودۆخەکە و ئەگەرەکانی، بۆیە ناچار بووم بگوازمەوە بۆ ئاستی فیکری ئەوروپی، تا بە دروستی چۆنیەتی ڕودانی مەسەلەکە بزانم، ئیدی لەوێوە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی زۆر هاتنە بەرهەم، کە ئێستا هەوڵدەدەم پاکنوسیان بکەم و پیایاندابچمەوە، تاکو لە چەند کتێبێکدا بلاوبکرێنەوە.

لێرەوە (بەراوردکاری)یە دەتوانێ مەسەلەکانت بۆ ڕوونکاتەوە و ڕاستیەکان ئاشکرا بکات، لەوکاتەوە تێگەشتم بۆچی کەسێکی نەخوێندەواری دواکەوتوی وەك بن لادن دەتوانێ دەستبگرێ بەسەر گۆڕەپانی ئیسلامیدا، یان دەستبگرێ بەسەر توێژێکی فراوانیدا. لە واقعدا ڕەوتەکەی (واتە ڕەوتەکەی بن لادن-و) لەو دەمەوە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا کە شارستانی کلاسیکی عەرەبی- ئیسلامی هەرەسیهێناو ڕۆچووینە ناو سەدەکانی داڕمان و دواکەوتنەوە.

دوای ئەوەی تەماشای شەڕی فەیلەسوفانی ڕۆشەنگەری ئەوروپیم



کرد لەگەڵ فەندەمینیتاڵیزمە توندڕەوەکانی خۆیاندا، مەسەلەکە شاگەشکەی کردمو زیاتر دڵنیابووم، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە وتومە و ئێستاش جارێکی دیکە دەیڵێمەوە کەوا ئازادی فیکر و بیروڕا لە بەردەمماندا نییە، بەڵکو ئێمە بەرەو ڕووی دەچین، یان بڵێ باهۆزی مێژوو بەم ئاراستەیەدا دەڕوا.. گەر گەڕانەوەی ڕێڕەوی مێژوو بۆ ڕابردوو لە قازانجی بن لادن بێت، ئەوا ئاسۆی دوا ڕۆژ بێ هیچ گومانێك دژیەتی و ڕەوتەکەشی ئێستابێ یان سبەی، درەنگ بێ یان زوو هەرەسدەهێنێ.

ئەو شتەی لە دوای ١١سێپتێمبەرەوە تازەیە، ئەوەیە کە فێندەمینیتاڵیزمی توندڕەو، تەنها کێشەی موسڵمانەکان نییە، بەڵکو کێشەی سەرتاپای جیهانە، ئەمەش شتێکە تابڵێی گرنکە و زۆریش گرنگە، ئەمە لەو شتە تازانەیە کە دەکرێ لە هەموو سەدەیەکدا ڕوبدات. شەپۆلی هیومانستی یان عەقڵانی یاخود ڕۆشنگەری، چ ناوێکی لێدەنێی لێینێ، بە تەنها هەر خۆی لە گۆڕەپانەکەدا نەماوەتەوە، بەڵکو کێشەکەی بووەتە کێشەی خۆرئاوا و خۆرهەلات، کێشەی موسڵمان و غەیرە موسڵمانە بەیەك ئاست، هێزی دیکە هەیە کە پشتگیری دەکەن و گەر پێویستیش بکات کۆمەکی دەکەن و یارمەتی دەدەن.

لەسەردەمی جیهانگیریدا مرۆڤەکان بەشێوەیەك پەیوەستن بەیەکەوە کە پێشتر لە مێژودا وێنەی نەبووە، لێرەوە چیتر کێشەیەك نییە ناوخۆ بێت و کێشەیەکیش دەرەکی بێت. هەموو کێشەکان بوونەتە کێشەی ناوخۆ، چونکە سەرجەم مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. جیاوازی

ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری کە ڕەنگە لەم وڵات یان لەو وڵات ڕوبدات، مەسەلەیەکە هەمو جیهانی پێشکەوتو دەگرێتەوە، بۆ نمونە ئەو دەمارگیرییە ئاینیەی لە پاکستان یان لە هیندستاندا بەڕێوە دەچێ، بووتە تەحەدایەك بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بووەتە دەستدرێژییەك بۆ سەر هەموو مرۆڤێك لە سەردەمی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی بوون و ئازادی بیروڕا و ویژدان، بەڵام لەڕابردودا وادادەنرا ئەم كێشەیە مەسەلەیەكی ناوخۆی ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتەو هیچ کەسێکیش ماڤی ئەوەی نەبووە دەستبخاتە ناوییەوە، لەبەر ئەم هۆیەیە فێندەمینیتاڵیستە توندڕەوەکان دوای ئەوەی چونەتە ناو شەڕێکی ئاشکراوە لەگەڵ هەموو جیهاندا، ئاگریان تێبەربووە، ئێستا لەوە دەترسێن گەمارۆبدرێن، دوای ئەوەی ئەوان خەڵکانی تریان گەمارۆ دەدا و دەیانترساندن.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە فەندەمێنیتاڵیستەکان دەرد و بەڵاکانیان کۆتایی پێهاتووە یان سەرە نێزەکانیان شکاوە، بەڵام ئەوان چونەتە ناو شەڕێکەوە کە لە مەودای دووردا دۆڕاون، ئەمە گەر نەڵێین لە مەودایەکی نزیکدا، قۆناغی ژماردنی سەربەرەوخوار بۆ ئەوان دەستی پێکردووە.

دوای ئەوەی خوێندنی مۆدێرن لە نێوەندی جەماوەری عەرەبی و ئیسلامی بڵاودەبێتەوە، دوای ئەوەی جەنگە فکریەکان لەسەر پێگەی خودی کەلەپوری ئاینی ئەنجامدەدرێ، دوای ئەوەی ئاستی بژێوی ژیان بۆ چینێکی بەرفراوان لە دانیشتوان بەرز دەکرێتەوە، ئەوا ڕەوتی توندڕەو پاشەکشە دەکات و گەمارۆ دەدرێ، ئالێرەوە جیهانی پێشکەوتوو



لە ئەمریکای باکورەوە بۆ ئوستراليا بۆ ئەوروپا بۆ یابان، دەبێ بێتە دەنگ، بەڵکو لەسەریەتی بێتە دەنگ، یەکەم شتێکیش کە لەسەریەتی جێبەجێی بکات بریتیە لە یارمەتی دانی وڵاتانی ئیسلامی بۆ گەمارۆدانی توێژە هەژار و کەساسەکان یاخود کەمکردنەوەیان، لە ڕێگەی بوژانەوەیەکی سەرکەوتوانە. لەسەر ئاستی فیکریش پێویستە فیکری توندڕەو و دەمارگیر و کتێبە لاپەڕە زەردەکان و بڵاوکراوە ڕەشەکان گەمارۆبدرێن، ئەمەشە فیکری ڕۆشنگەری عەرەبی دەیگرێتە ئەستۆی خۆی، کاتێ بە تۆکمەییەوە دادەبەزێتە نێو گۆڕەپانی شەڕە یەکلایکەرەوەکە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٣/١٠/٢٥

## ئايا بەڕاستی چوینەتە
## ناو سەردەمی جیهانگیری گەردونییەوە؟



بیرمەنـدی سۆسـیۆلۆژی کەنـەدی "هێربـرت مارشـاڵ مالکۆهـان" لـە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە پێشبینی ئەوەی کردووە جیهان بـەهۆی هۆکارەکـانی ڕاگەیاندنــەوە دەبێتــە گونــدێکی بــچوك، "مالکۆهــان ١٩١١-١٩٨٠"، واتە ئـەوەی لەسـەدە دێرینەکانـدا بـۆ نمونـە لـە چیندا ڕویـدەدا، دانیـشتوانی ئـەوروپا بێئاگـابوون لێـی، گـەر ئاگاداریـشبونایە ئـەوا دوای چـەندین مـانگ یـاخود سـاڵ پێیـان دەزانـی، نمونەیـەك بـۆ ئـەوە ئـەو بومەلەرزانــە بــوو کــە هــەزارانی دەکوشــت، کەچــی خــەڵکێکی زۆر بێئاگــابوون لێــی، یــاخود جەنگــە گــەورەکانی چــین لەگــەڵ وڵاتــانی دراوسێدا...هتد، بەڵام ئێستا لەکاتی ڕودانی بچوکترین هەواڵدا دەتوانیـت لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانییەکان ببینیت.

بەمدوایانە یەکێك لە شارەزایان هەوڵیدا بەشـێوەیەکی ئاسان ڕاڤەی جیهانگیرمان بۆ بکات، چونکە ئێمە بیرکۆڵین و توانای تێگەشتنی دیاردە قەبەکانمان نییە، ئەمەی خوارەوەی وت: (لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمانیدا هەواڵ لە ڕۆمـاوە بـۆ ئەسکەندەریە بـەخێرایی کیلۆمـەترێ لـە سـەعاتێکدا دەڕۆیـشت، باوایـدانێین مـاوەی نێـوان ئـەو دوو شـارە هـەزار کیلۆمـەترە، ئەمـە مانـای ئەوەیـە هەواڵەکە تـاکو دەگات هـەزار سـەعات دەخایەنێت، واتە زیاد لە چل ڕۆژ، ئەم هەواڵە لەوانەیە فەرمانێك بوبـێ ئیمپراتـۆری ڕۆمـانی دەریکردبێـت تـاکو دەسـەڵاتە لۆکاڵییـەکان لەشاری ئەسکەندەرییە جێبەجێی بکەن.

لەسەدەی هەژدەدا مەسـەلەکە بەرەوپێشـچونی بـەخۆوە بینـی، بـەڵام هێشتا بڕینی کیلۆمەترێ سێ چارەك سەعاتی پێویست بوو، هەواڵێك لـە

لەندەنەوە بۆ ئەو شارانەی کە سێ سەد کیلۆمەتر لێوەی دووربون چوار ڕۆژی پێدەچوو تاکو دەگەشت، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٨٦٥نامەیەك لە لەندەنەوە بۆ بۆمبای تەنها بە بیستوچوار سەعات دەگەشت، کەچی وەك وتمان ئێستا هەواڵ لەمپەڕی زەوییەوە بۆ ئەو پەڕی زەوی لە چرکەیەکدا دەگات، ئەویش لە ڕێگەی ئیمێڵ یاخود ئەنتەرنێت یا مۆبایل یاخود لەڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە).

لێرەوە دەکرێ یەکەم پێناسەی جیهانگیری ئاوا بکەین: (کورتکردنەوەی کات و ماوەکان بەهۆی تەکنەلۆژیای زانیاریی و هۆیەکانی پەیوەندیکردن)، لەم لایەنەوە دەتوانین بڵێین ئێمە چوینەتە ناو سەدەیەکەوە کە پێشتر نەماناسیوە. ئەنتەرنێت و ئیمێڵ و مۆبایل، هەر هەمویان شتگەلێکن لە چوار پێنج ساڵی ڕابردودا داهێنراون، ئەوانە بەڕاستی دەتوانن لە ماوەی چەند چرکەیەکدا جیهان بەیەکدییەوە ببەستن، بۆ نمونە ئەمڕۆ دانیشتوانی جیهان یاریەکانی جامی جیهانی لە هەمان کاتدا دەبینن و لە هەمان هەڵچوندا بەشداری یەکتر دەکەن و لەدەوری شاشەی تەلەفزیۆنەکان گرددەبنەوە، وەك ئەوەی خەڵکی یەك گوند بن و لە هەمان خۆشی و شادیدا هاوبەشی یەکترن. کەچی جاران لێکدابڕابوون و وایان بەخەیاڵدا هاتووە کە ئەوان لەسەر ئەستێرەیەکی جیاواز دەژین، بگرە لە بنەڕەتدا بەبونی یەکتریان نەزانیوە. هەروەها کەناڵە تەلەفزیۆنیە ئاسمانییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە نزیککردنەوەی دانیشتوانی جیهان لەیەکتر، بەڵام جگە لە پێناسەی هۆکارە زانیارییەکان کە کاریگەرییەکی سیحر ئامێزی



هەیە و توانای هەیە لە چرکەیەکدا ئەو پەڕی زەوی ببەستێ بەم پەڕی زەوییەوە، هەندێ پێناسەی دیکە هەیە بۆ جیهانگیری.

لە واقیعدا زاراوەی جیهانگیری بەم دوایانە و لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە لە ئەمریکادا دەرکەوت، واتە پێش بیست ساڵ یاخود کەمتر، بەڵام ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبیدا ڕەنگە تەمەنی لە دە ساڵ تێنەپەڕیبێت. سەرەتا جیهانگیری مانای ڕزگارکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەگەیاند لە هەموو کۆتوبەندێکی گومرکی. مانای بە جیهانی بوونی کەلوپەلی دەگەیان، یاخود مانای ئەو شتومەکانەی دەگەیاند کە لەسەر ئاستی گۆی زەوی لەنێوان خۆیاندا کێبڕکێیان بوو، نەك تەنها لەسەر ئاستی بازاڕی هەر دەوڵەتێك بەجیا لە دەوڵەتێکی تر. مانای کردنی جیهان بە یەك بازاڕی کراوە بۆ کێبڕکێی نێودەوڵەتی لەنێوان هەموو کەلوپەلەکانی جیهاندا.

لێرەوە مانای یەکەمی جیهانگیری مانایەکی ئابوری و تەکنەلۆژی لەخۆگرتبوو، پێش ئەوەی بەمدواییانە بگۆڕدرێ بۆ مانای ڕۆشنبیری و سیاسی، بگرە بۆ مانای ململانێی شارستانیەتەکان وەك ئەوەی دەیبینین! لە نەوەدەکانەوە بەهۆی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و وەرچەرخانی چین بەرەو بازاڕی ئابوری سەرمایەداری، گەرچی چین لەسەر ئاستی سیاسی هەر بە کۆمۆنیستی ماوەتەوە، بزاوتی جیهانگیری بەرەوە پێشەوە ڕۆشت و، بە وەرگرتنی چین لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، بازاڕی جیهان بە تەواوەتی یەکیگرت، هەروەها ڕوسیا و هەموو وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات و ناوەڕاست ئەوانیش چونەتە پاڵ نمونە

خۆرئاواییەکە.

دواتر پاش ئەوەی فیلم و زنجیرە ئەمریکیەکان بازاڕی جیهانیان داگیرکرد و لە سەر کەناڵە ئاسمانیەکانی گۆی زەوی هەر لە وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ ئەفریقای ڕەش و ئاسیاو هیند و چین و لە خودی ئەوروپا و ئەمریکای لاتینیشدا، دەبینرێن. ئەمریکا وەك چۆن لە ڕێگەی کۆکاکۆلا و ماکدۆناڵد و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانەوە دەستی گرتووە بەسەر ئابوری جیهاندا، هەرواش لە ڕێگەی زنجیر و فیلمەکانی هۆلیۆدەوە دەستی گرتووە بەسەر ڕۆشنبیری جیهانیدا، تەنانەت گەشتوەتە ئاستێك فەرەنسیەکانی بێزار کردووە کە خاوەنی سینەمایەکی بەهێز و توانایەکی باشی داهێنان بوون کە گاڵتەی پێناکرێ، بەڵام دەتوانن چی بکەن؟ فەرەنسیەکان بە پێی توانای خۆیان هەوڵدەدەن بەرگریبکەن.

لەبەر ئەم هۆیەیە هەندێ بیرمەند گەشتونەتە ئەو ئاکامەی بڵێن زۆر بەئاسانی بەجیهانی بوونی جیهان، بەئەمریکایی بوونی جیهانە! دواتر پێمان دەڵێن جیهانگیری هەمووی دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵکو پێشینەی لە ڕابردودا هەیە، لەسەدەی نۆزدەدا ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی بووە، واتە ئەوروپی بووە، بەڵام ئێستا ئەمریکیە. لەبەر ئەوە سەرەتای زێڕینی یەکەمی جیهانگیری درێژ دەبێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و تاکو سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی ١٩١٤، هەروەها لەو سەردەمەشدا شۆڕشێکی تەکنەلۆژی هاتوەتە ئاراوە کە ماوەکانی لێکنزیك کردۆتەوە و ئاسۆکانی هێناوەتەوە یەك و، بۆ



یەکەمجار هێڵی ئاسنین و شەمەندەفەر و تەلەفزیۆن و پاپۆڕی بازرگانی و تەلگراف و ئۆتۆمۆبێل و تەنانەت ڕۆژنامەش دەرکەوتن. ئەوروپا هەوڵیدا هەیمەنە بکات بەسەر جیهاندا و یەکیبخات و لە ڕێگەی ئیمپریالیزمەوە جۆری شارستانیەتی خۆی بسەپێنێ.

بەڵام جیهانگیری دوای هەردوو جەنگە گەورەکەی جیهان و بەدواشیدا جەنگی سارد (واتە لە ساڵی ١٩١٤-١٩٤٥ لە ١٩٤٥-١٩٩١ مێژووی کەوتنی کۆمۆنیست) لێدانێکی گەورەی بەرکەوت، بۆیە جیهانگیری دووەم، واتە ئەوەی ئێستا لە سێبەریدا دەژین، تەنها ئەو کاتە سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە بەرەی ئایدۆلۆژی و سەربازی نەیاری خۆرئاوا هەرەسیهێنا: واتە بەرەی خۆرهەڵات و یەکێتی سۆڤیەت. ئیدی دوای ئەوە مەیدانەکە بۆ ئەمریکا و لە دواشیەوە بۆ هەموو خۆرئاوا واڵابووە و چیتر لەسەر گۆی زەوی هیچ ڕکابەرێکیان نەماوە و ئایدۆلۆژیای لیبرالی بێ چەندوچون بووەتە عەقیدەی جیهان.

لە ئێستادا تەنها دوو هێز بەڕوی جیهانگیریدا وەستاوە: یەکەمیان ئایدۆلۆژیای فەندەمێنیتاڵیزمی توندڕەو، دووەمیان هێزە چەپخوازەکانی نەیاری جیهانگیری سەرمایەداری لەناو خودی خۆرئاوا یاخود لە دەرەوەی خۆرئاوا. یەکەمیان بۆ لەناوبردنی خۆرئاوا شێوازی خۆتەقاندنەوەی تیرۆرستانەی ناسراو بەکاردەهێنێ، دووەمیان شێوازی خۆپیشاندانی ئاشتیانەی جەماوەری وەك ئەوەی لە (سیاتڵ و جەنوە و لەندەن و جنێف و بەرازیل) ڕویدا..هتد بەکاردەهێنێ. یەکەمیان دەیەوێ جیهانگیری لە ڕەگوڕیشەوە دەربێنێ چونکە وایدادەنێ گڵاوە و

ئیشی شەیتانە، واتە گەندەڵ و گومڕا و لادەرە..هتد، دووەمیان دەیەوێ تەنها ڕاڕەو ناوەڕۆکەکەی بگۆڕێت، چونکە ئەو دەزانێ جیهانگیری بەهۆی ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردنەوە بووەتە حەقیقەتێکی واقعی و چاری نییە، بگرە دیاردەیەکی ئیجابیشە، بەڵام لەو باوەڕەدایە بونی جیهانگیریەکی بەدیل لەئارادایە کە زیاتر مرۆڤانەبێت و کەمتر زوڵم و زۆر و ستەمی تێدابێت. چونکە ئەم جیهانگیرییەی کە پێیان وتین خۆشبەختی لەسەر زەوی مسۆگەر دەکات و ئازادی و دیموکراسی بۆ هەمو گەلان دێنێ، تاکو ئێستا هیچی نەکردووە تەنها زیادکردنی دەوڵەمەندی دەوڵەمەندەکان و هەژارکردنی هەژارەکان نەبێت. بەپێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان نیوەی دانیشتوانی جیهان تائێستاش بژێوی ڕۆژانەیان لە دوو دۆلار کەمترە.

بەڵام جیاوازی لە نێوان هەژاری جاران و هەژاری جیهانگیری ئەمەی خوارەوەیە: ئەمەی دووەمیان دەتوانێ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ئاستی لە خۆبایبوون یاخود ئەو دەوڵەمەندییە لەڕادەبەدەرە ببینێ کە گەلانی ئەوروپا لەنازو نیعمەتەکەیدان، کەچی هەژاری جاران هیچی نەدەبینی، هەربۆیە هەستی بە نەبوونی و نائومێدی نەکردووە، وەك ئەوەی هەژاری ئەمڕۆ هەستی پێدەکات. لەم سەردەمەی ئێستاماندا هەژاری (مەبەستم هەژاری کوشندەیە) ئابڕوچونێکە داناپۆشرێ، گەر هەرخەوش و ناتەواوییەك دەربارەی شارستانیەتی مۆدێرن هەبێت، ئەوا لێرەدا خۆیدەبینێتەوە، ئەم هەژارییە لە چەوساندنەوەی جیهانی سەرمایەداری بۆ جیهانی سێیەم نەهاتووە وەك ئەوەی زۆرینەیەك وایبۆدەچن، بەڵكو لە پشتگوێ خستنی ناوەندەوەیە بۆ کەنارەکان.



جیهانگیری برسییەکانی نێو دارستانەکانی ئەفریقا ناچەوسێنێتەوە، بەڵكو گوێیان پێنادات و پشتیان تێدەکات، ئەمەش لە چەوساندنەوە ترسناکترە، گەر بیچەوساندنایەتەوە مانای ئەوەیە بایەخی پێدەدان، ئەودەم هەندێ پریشکی جیهانگیریان بەردەکەوت، یاخود کەمەکێك لە وردەکەیان بەدەستدەهێنا، ئەم نەریتە نامرۆڤانەیەی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و دواتر شارستانیەتی خۆرئاوا کە دڵ و دەرون و هەست و سۆزی خۆی لەدەست داوە، ئەوەیە دواجار دەبێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی خۆی، نەك ئەم گروپە توندڕەوە یاخود ئەو گروپەی دیکەیان. کاتێکیش سەرۆك "بۆش" بودجەی پەنتاگۆن زیاددەکات تاکو لە چوارسەد ملیار دۆلار تێدەپەڕێت، واتە نیوەی بودجەی بەرگری جیهان، ئەوا سەهودەکات بەوە بتوانێت زاڵبێت بەسەر تیرۆردا و سەلامەتی و ئاسایشی هاوڵاتیانی ئەمریکی بپارێزێ، ئەو بەهەڵە تێگەشتوە و بەرەو ڕێگایەکی داخراو دەڕوات. مادام برسیەتی ساڵانە ملیۆنێك خەڵك دەکوژێ و ملیۆنانی دیکەش بە کولەمەرگی ژیان دەگوزەرێنن، ئەوا جیهان نە هێمنی بەخۆوە دەبینێو نەهاوسەنگیش دەبێ.

لێرەوە بنبڕکردنی تیرۆر بەبێ بنبڕکردنی هەژاری و برسیەتی مانای کردنی بەنزینە بەسەر ئاگردا: واتە ئاگرکەوتنەوە و تیرۆری زیاتر... هەر ئەمەشە کە شارەزایانی خۆرئاوا خۆشیان دەیڵێن نەك تەنها ڕۆشنبیرانی عەرەب و ڕۆشنبیرانی جیهانی سێیەم. بەڵام (سەرۆکی جیهان) تائێستاش ئامادەنییە گوێ لەم دەنگە بگرێ.. ئەو تەنها

سەرکەوتنی کۆمپانیا ئەمریکیەکانی لامەبەستە بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستی تازە لە هەموو کون و کەلەبەرێکی جیهاندا، تەنانەت گەر لەسەر حسابی هاوپەیمانە ئەوروپپەکانیشی بێت.

کەواتە کێشەکە ئەوە نییە: ئایا ئێمە لەگەڵ جیهانگیری داین یاخود لە دژین؟ بەڵکو ئەمەیە: ئایادەکرێ هەندێ لە پرژەکانی یاخود لە وردەکەیمان بەرکەوێ؟ یا ئەوەتا ئێمە هەر لە دوورەوە تەماشای دەکەین!هەموو گەلانی جیهان حەزدەکەن بچنە ناو سەردەمی جیهانگیریەوە، واتە سەردەمی بەهەشتی بەڵێن پێدراو، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوان ناتوانن بچنە ناویەوە، چونکە تەنها تایبەتە بەگەلانی دەوڵەمەند.کێ لە دژی جیهانگیری نان و شیر و دیموکراسی و مافی مرۆڤو لێکبوردن و خۆشگوزەرانی و تەنانەت فیلمەکانی هۆلیۆد و مۆسیقای جاز ڕادەوەستێ.

لێرەوە ئێمە بە ڕەهایی دژ بە جیهانیگری نین، بەڵکو دژ بە لادانەکانی و بە خۆپەرستیەکەین، لەواقیعدا قوربانییەکانی جیهانگیری زۆر زیادیکردووە، نەك تەنها لە دەرەوەی خۆرئاوا بەڵکو لەناوەوەی خۆرئاواشدا، بیرمەندی فەرەنسی "پییر بۆردیۆ" لە کتێبەکەیدا (نەهامەتی جیهان) چەندین دیمەنی برسیەتی کوشندەی ئاشکرا کردووە کە بونەتە دورگەی دابڕاو لەنێو خودی کۆمەڵگا ئەوروپپەکاندا، ئەوانە کۆمەڵە دیمەنێکن تەحەمول ناکرێنو بە زۆرلەخۆکردنیش نەبێت ناخوێنرێنەوە. ئەم هەژارییە کوشندەیە بەپلەی یەکەم کۆچبەرە



عەرەبەکان دەگرێتەوە، بەڵام توێژێك لە فەرەنسیەکانیش دەگرێتەوە، واتە دانیشتوانی ئەسڵی وڵاتەکە، ئەوانەی فڕێدراونەتە سەر چەقی ڕێگاکە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط، ٢٠٠٤/٢/١٣

## پەتای تیرۆر
## لەبەردەم دەروازەی هۆڵەندا



به درێژایی مێژووی تازە، جگە لە ئینگلتەرە، هۆڵەندە یەکەم وڵات بووە کە مانای ئازادی بیروڕا و لێکبوردنی ئاینی زانیوە، لێرەوە ئەو لەماوەی سێ سەدەی ڕابردودا کلاوڕۆژنەیەکی شارستانی بووە.

بۆ نمونە لە سەدەی حەڤدەهەمدا کاتێ فەرەنسا هێشتا فەندەمینیتالیزمیکی کاسۆلیك و دەمارگیر بووە، هۆڵەندە لە هەمان سەدەدا دانی بە ئازادی سەرجەم مەزهەب و ئاینەکاندا ناوە و ڕێگای پێداون پراکتیکی سروت و ڕێوڕەسمە ئاینیەکانی خۆیان بکەن. بۆ نمونە ئایا دەزانین هۆڵەندە لە ساڵی ١٥٧٩ و لەیەکەمین دەستوریدا، واتە زیاد لە چوارسەد ساڵ لەمەوبەر، ئەم مادەیەی تێداهاتووە: (ئازادی بیروڕا سەبارەت بە کاروباری ئاینی و عەقیدە پارێزراوە).

بێگومان ئەم مادەیە تەنها بەمدواییانە بە دروستی ڕەچاوکراوە. بەڵام ئەودەم فەرەنسا خەریکی چی بووە؟ خەریکی نانەوەی جەنگ بووە لە دژی شوێنکەوتوانی مەزهەبی پرۆتستانت، گەرچی ئەوانیش مەسیحی بوون و وەك زۆربەی کاسۆلیکەکان باوەڕیان بە ئینجیل و مەسیح هەبووە، بەڵام لێکدانەوەیەکی عەقائیدی جیاوازیان هەبووە کە لە لێکدانەوەی زۆرینەی مەزهەبی کاسۆلیکەکان نەچووە، هەروەها لە هەندێ لایەنەوە کۆمەڵێ سروتی جیاوازیان هەبووە، لەبەر ئەوە بەکافر دانراون و وەك دەستەیەکی گومڕا تەماشادەکران. هەربۆیە "لویسی چواردەهەم"لە سەرتاپای مەملەکەتی فەرەنسادا هەستا بە گەورەترین هەوڵ بۆ ڕیشەکێشکردنیان، گوایە ئەم مەملەکەتە وادەخوازێ لەلایەنی مەزهەبیەوە بە پاکی و بێگەردی بمێنێتەوە و هیچ خەڵتەو خۆڵێکی

تێدا نەمێنێ.

ئەوە کێ بوو پێشوازی لە دەیان هەزار دەربەدەری سەر ڕێگاوبانەکان کرد؟ پێشوازی لە دەیان هەزار ڕاکردوی دەست چەوسانەوەی ئەو پاشا گەورەیە کرد کە کۆشکی فەرسای دروستکرد، ئەوە تەنها هۆڵەندە بوو. بەڵێ، ئەو وڵاتە باشە پێشوازی لێکردن، ئەو وڵاتەی "یراسیم"و "سپینۆزا" و "ڤان کوخ" و دەیان داهێنەری دیکەی هێناوەتە بەرهەم، پێشوازی لە هەموو ئەو پرۆتستانتانە کرد کە هەڵهاتبوون، دەرگای بۆ ئاوەڵەکردن و برینەکانیانی سارێژکرد و تیکەیەك نانی دانێ، بگرە لە تیکەنان گرنگتری پێدان: ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان، ئازادی هەناسەدان بە سەربەستی، ئەوانیش هەر لەوێدا داهێنانەکانی خۆیان هێنایە ئاراوە و هەموو شارەزاییەکی خۆیان پێشکەش بەو وڵاتە کرد، ئەمە دوای ئەوەی وڵاتە بنەڕەتیەکەی خۆیان، بەهۆی نەزانین و دواکەوتوییانەوە ئەو داهێنانو شارەزاییانەی ئەوانی لەکیس چوو.

لەنێوان ئەو داهێنەرانەی لەوێ (لە هۆڵەندە) پێگەشتن و جەنگێکی بێبڕانەوەیان لە دژی دەمارگیری کوێرانەی ئاینی بەرپاکرد. بیرمەندی مەزن "بییر بایل ١٦٤٧-١٧٠٦"بوو، کە خاوەنی فەرهەنگێکی مێژویی و ڕەخنەییە و مامۆستای "ڤۆڵتێر" و "دیدرۆ" و "جان جاك ڕۆسۆ" و هەموو فەیلەسوفانی ڕۆشنگەرییە، ئەو فەیلەسوفانەی ڕاستەوخۆ لەدوای ئەوەوە دەرکەوتن و لە زانستە زۆرەکەی "بییر بایل"ئاویان خواردووەتەوە.

"ڕینیە دیکارت"ی فەیلەسوف چوو بۆ هۆڵەندە تاکو زۆربەی



تەمەنی لەوێ بەرێتەسەر و بە ئازادی بنوسێ، دوای ئەوەی "گالیلۆ" لەلایەن ڤاتیکانەوە سەرزەنشتکرا، "دیکارت" چاپکردنی کتێبەکانی ڕاگرت یاخود بەبێ ئەوەی واژۆی خۆی لەسەربێ بڵاویدەکردنەوە و لە خۆشی دەترسا. لەو سەردەمەدا فەندەمینیتاڵیزمی مەسیحی لە چاپە کاسۆلیکیەکەیدا تیرۆری ڕۆحی خستبووە پێش تیرۆی عەقڵ.

ئەی ئەوەی ئەمڕۆ ڕودەدات چییە؟ ئەوەی ڕودەدات ئەوەیە فەندەمینیتاڵیزمی ڕادیکاڵی جیهانی ئیسلامی خۆی بۆ ئەوێ دەهاوێ تاکو میلی کاتژمێرەکان بۆ چەندین سەدە بگەڕێنێتەوە دواوە، ئەو پیاوەی نەوەی "ڤان کوخ"ی کوشت، یان ڕاستر نەوەی براکەی، لە بنەڕەتدا خەڵکی مەغەریبە، گەرچی پێش بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر لە هۆڵەندە لەدایك بووە! ئەو ناوی "محەمەد بوێری"یە، هەموو هەواڵەکان وادەگەیەنن ئەو لەسەرەتادا کەسێکی زیرەك و کراوەبووە و لە قوتابخانەکانی هۆڵەندە ڕەزامەندی مامۆستاکانی بەدەستهێناوە، بەڵام دواتر لە ژێر کاریگەری وەعز و ئامۆژگاری توندڕەوەکان و فیکرە (جوانەکانیان!) توشی لادان هاتووە، ئیدی تاوانە دزێوەکەی ئەنجامداوە، سکی دەرهێنەرە هۆڵەندیەکەی داوەتە بەر چەقۆ و پاشان بە دەمانچە کوشتویەتی، بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو یەکە یەکە دەمارەکانی ملی پچڕاندووە.

کەچی دوای ئەم تاوانە قێزەونە، بەناو ڕۆشنبیرە عەرەبەکان دێنو دەڵێن لەجیهانی ئیسلامی ئێمەدا هیچ قەیرانێك لەئارادا نییە! قەیرانەکە تەنها لە خۆرئاوا و لە دادگاکانی پشکنیندایە، بەڵام ئێمە

گیرۆدەی دەستی هیچ شتێك نین و پێویستمان نە بە چاكسازی یاخود ڕۆشەنگەری نییە و ئاو بێنەو دەست بشۆ. ئەم شتانە دروستكراوی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیەت و (جۆرج بوش)ە، تاكو بەلاڕێماندا بەرن و لە ئاینەكەمان دورخەنەوە!..بەزەحمەت تاكە ڕۆشنبیرێ ئەدۆزیتەوە دان بە قوڵی ئەو قەیرانە ناوخۆیەماندا بنێ كە بەدەستیەوە دەناڵێنین، ترسناكی ئەم قەیرانەش هیچی لە ترسناكی ئەو قەیرانە كەمتر نییە كە ئەوروپا لەسەدەی حەڤدەهەمدا ڕوبەڕوی بووەوە و پێش كەمێك لەمەوبەر باسم لێوەكرد.

یەكێ لە هاوڕێكانم بۆی گێڕامەوە لەكاتی ڕوداوەكەدا یاخود چەند ڕۆژێكی كەم دوای ڕوداوەكە (كوشتنی دەرهێنەرە هۆڵەندییەكە-و-) لە ئەمستردام بووە، سواری تاكسییەك بووە تاكو بیگەیەنێتە ئوتێلەكەی، بە ڕێكەوت شۆفێری تەكسییەكە عەرەب بووە، بگرە مەغریبی بووە، ڕوداوەكەی بۆ هاوڕێكەم گێڕاوەتەوە و سەركۆنەشی كردووە، بەڵام لەكاتی قسەكردنەكەیدا سڵی لەوە نەكردۆتەوە كە هۆڵەندییەكان بە كافر ناوببات! بەشێوەیەك ئەو وشەیەی وتووە وەك ئەوەی شتێكی حاشا هەڵنەگربێ یاخود شتێكی هاكەزایی بێ و تەنانەت شایەنی لەسەر ڕاوەستانیش نەبێ. ئەم برادەرەم هەوڵی داوە گفتوگۆی لەگەڵدا بكات و بزانێ بۆچی كافرن؟ خۆ هۆڵەندییەكان خۆیان بە كافر دانانێن، بەڵام هیچ سودێكی نەبووە. ئەم حاڵەتە چی دەگەیەنێ؟ ئەم حاڵەتە لە ڕوداوی كوشتنی دەرهێنەرە سینەماییەكە "تیو ڤان كوخ" ترسناكترە! ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ترسناكی و قووڵی ئەو قەیرانەی لە جیهانی



ئیسلامیدایە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە سەدەكانی ناوەڕاست بە هەموو دەستەواژە و پۆلێنكردن و تێگەشتنەكانی بۆ مرۆڤ تا ئێستا باڵی بەسەر عەقڵی زۆربەی خەڵكی كۆمەڵگاكەماندا كێشاوە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە ئێمە تا ئێستا لەژێر كاریگەری بیركردنەوە تاریكگەراییەكانی سەدەكانی ناوەڕاستداین.

خۆرئاوا پێش ئەوەی لەدەست فیكری ئاینی تایفەگەری ڕزگاری ببێت، بەدەستیەوە ناڵاندویەتی، بۆیە ئێستا نایەوێ چیتر ئەو فیكرە بگاتە وڵاتەكەی یاخود جارێكیتر تێیدا زیندوبێتەوە. لەبەر ئەم هۆیەشە ئەوان داوا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەكەن چاكسازی لە پرۆگرامەكانی خوێندن بكەن، هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەكانەوە تاكو دەگاتە زانكۆكان. بەبێ ئەم چاكسازییە و بەبێ بڵاوكردنەوەی ڕۆشنگەری فیكری یاخود خوێندنی عەقڵانی و مۆدێرن هیچ هیوایەك بۆ چارەسەركردن یاخود بۆ دەربازبون نییە و، دەرگاكانی جەنگی شارستانیەتەكان بەڕووی هەردوو تاكەیدا دەكرێتەوە و تابێت زیاتر گڕ دەگرێ.

بۆچی سەدەكانی ناوەڕاست تاوانباردەكەم و بە بەرپرسی هەڵهێنانی "محەمەد بوێری" و ملیۆنەهای وەك ئەوی دادەنێم؟ چونكە ئەوە سەدەكانی ناوەڕاستە لێكدانەوەیەكی تاریكگەرایانەی بۆ ئاین بەرجەستەكرد و هێنایەئاراوە، لەو سەردەمانەدا مەسیحیە ئەوروپییەكان ئێمەیان بە كافر دادەنا، بەڵام ئەم شتە بۆ ئەوسەردەمە كە خاڵی بووە لە مەعریفەی زانستی و عەقڵانی، شتێكی سروشتی بووە.

لێرەوە خەوشەکە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە نییە، بەڵکو خەوشەکە لەوەدایە تا ئێستا سەدەکانی ناوەڕاست لای ئێمە بەردەوامەو تاکو ئەم ساتەوەختەش باڵادەستە. لەمەوە ئەوە دێتە دی کە بەزۆری زۆرداری پێکدادان لەنێوان جالییە ئیسلامیەکانی دانیشتوی خۆرئاوا یاخود ڕاستڕ توندڕەوەکانیان لەلایەك و ئەو کۆمەڵگایەی نوقمی فیکری مۆدێرن یاخود پۆست مۆدێرن بووە  لە لایەکی دیکەوە، بێتەئاراوە.

لەبەر ئەم هۆیەیە حکومەتی هۆڵەندی بۆ بەرەنگاربونەوەی  ئەم حاڵەتە، کۆمەڵێ ڕێوڕەسمی گرتووەتەبەر، لە نێویاندا ئەم بڕیارەی خوارەوەیە: دوای ساڵی ٢٠٠٨ڕێگەنادرێ ئیمامی هیچ مزگەوتێ لە دەرەوەی هۆڵەندەوە بێت بۆ هۆڵەندە تاکو وتاری هەینی لە مزگەوتەکانیدا بخوێنێتەوە، بەڵکو لەسەر پەیمانگاکانی هۆڵەندە پێویستە ئیمامی مزگەوتەکان لەنێو خودی ئەو جالییە موسڵمانەی ناو هۆڵەندە پێبگەیەنێ کە لەمڕۆدا ژمارەیان نزیکەی ملیۆنێکە بەرامبەر بە شازدە ملیۆن هۆڵەندی.

ئەم بڕیارە هەم  فەرەنسا و هەم هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپیش جێبەجێی دەکەن، ئەم بڕیارە بۆچی؟ چونکە خوێندنی ئەو ئیمامانە پابەندی لێکبوردەیی ئاینییە و جەخت لەسەر قبوڵکردنی فرەیی ئاین‌و مەزهەبی ناو کۆمەڵگا دەکاتەوە. ئەم خوێندنە تازەیە لەپێناو ئاشکراکردنی ڕێژەیبونی ئاینەکان، هەڵدەستێ بە بەراوردکردن لەنێوان سەرجەم ئاینە جیاوازەکان، کاتێکیش ئەو ڕێژەیبونە ئاشکرا دەبێ، ئیدی مرۆڤ هەر لەخۆیەوە دەبێتە کەسێکی لێبوردو هەروەها توانای



ئەوەشی دەبێت کە جیاوازی مەزهەبی یاخود جیاوازی بیروباوەڕ لەوانی دیکە قبوڵ بکات.

من هۆڵەندە باش دەناسم. زیاد لەجارێك بانگهێشتکراوم تاکو لە کتێبخانەی گشتی (لاهای)وانە بڵێمەوە، مامۆستا "محەمد بن شەماس" کە بەڕەچەڵەك مەغریبەیە بانگهێشتی کردوم، ئەو کەسێکی عەقڵانی ڕۆشنفکرە و لەوێ جێگای شانازییە بۆ عەرەب، هەروەها "بلقیس قاسم حەسەن" و ئەوانی تریش، لێرەوە لەسەر گەلی هۆڵەندی پێویستە هەموو عەرەب و موسڵمانەکان پێکەوە نەخاتە سەبەتەیەکەوە، چونکە زۆرینەیان خەڵکی بێوەی و لەسەرخۆن و؛ بەشوێن هیچدا ناگەڕێن تەنها پارویەك نان نەبێ، لەگەڵ دابینکردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ نەوەکانیان. جالیەی ئیسلامیش زۆربەیان تورکی و مەغریبین و بونیان لەوێ لەوانەیە سودمەندبێ بۆ کۆمەڵگای هۆڵەندی، چونکە دەکرێ خوێنێکی تازە و ڕۆشنبیرییەکی تر ببەخشنە هۆڵەندە، ئەمەش ڕەنگە هەندێ کارلێکەری ئیجابی لێبکەوێتەوە.ئەمە دوای ئەوە دەڵێم کە گوێبیستی ئەوەبووم هەندێ تەقینەوە لێرە و لەوێ وەك پەرچەکردارێك لەدژی تاوانە نەگریس و چەپەڵەکەی تیرۆرکردنی دەرهێنەری سینەمایی "تیو ڤان کوخ"، ڕویداوە.

لە واقیعدا ئەم تاوانە ئیشی کەمینەیەکی فەندەمینیتالیزمی توندڕەوە کە جەنگی لەدژی شارستانیەتی مرۆڤایەتی ڕاگەیاندووە و پێویستە بەهەر شێوەیەك بێت ڕوبەڕوی ببینەوە و لەسنوری خۆیادا بوەستێنرێت. ئەم کەمینە توندڕەوە پێشتر جەنگی لەدژی خودی

کۆمـەڵگا عـەرەبی و ئیـسلامیەکان ڕاگەیانـدووە و دەیـان ڕۆشـنبیری لـە جـــەزائیر و میـــسر و ســـوریا و ســـودان و ئێـــران و عێـــراق...هتـــد تیرۆرکردووە، بەڵام کەس لەو بڕوایەدا نـەبوو ئـاگری ئـەم شـەڕە بگاتـە خودی وڵاتانی ئەوروپا، واتە ئەو وڵاتانەی عەرەبی و ئیسلامی نین، ئـەو وڵاتانــەی لــە مێــژوی فیکـری مرۆڤایەتیـدا گـەورەترین سـەرکەوتنیان تۆمارکردووە ئەویش: لەناوبردنی پەتای توندڕەوییە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٤/١١/٢٠

# تاریکبینەکان لە بازنەی جەنگێکی دۆڕاودا



ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی عێراق و هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەرەب چەپڵەیان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی زۆرداری بەغدا لێدا و پێشتریش چەپڵەیان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی تاریکگەرای ڕەها لە ئەفغانستان لێدا. بەڵام زۆرینەی ڕۆشنبیران و کەناڵە ئاسمانیەکان ئەوکات دژی ئەو کارە ڕاوەستان، بگرە هێرشیان کردە سەری و هەراو هۆریایەکی زۆریان نایەوە و..! هەمان دەستەواژە ژەنگ گرتووەکانی ئایدۆلۆژیای عەرەبی سواویان دووبارە ئەکردەوە، هەروەها جارێکی تر هەمان دروشمی پڕ غەڵبە غەڵبیان دووبارە کردەوە کە بە درێژایی پەنجا ساڵە گوێمانی کاس کردووە. ئێستا دوای ئەوەی لە عێراقدا ئاسۆ کەمەکێك ڕووناك بۆتەوە و پاش ئەوەی داوی سپی لە داوی رەش جیاکراوەتەوە، ئایا ئەو ڕۆشنبیرانە هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوە؟ تۆ بڵێی گەشتونەتە ئەو ڕاستیەی ڕوخاندنی ڕژێمێك کە دژی ساکارترین پرنسیپی کەرامەتی مرۆڤانەیە، وەك ڕژێمی "سەدام" و "تاڵیبان"، لە بەرژەوەندی تەواوی مرۆڤایەتییە نەك بە تەنها لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی عێراقی و ئەفغانی؟ لەوانەیە و هیوادارین وابێت. بەڵام ئێمە خوازیاری ئەوەبوین ئەو ڕۆشنبیرانە هەر لە سەرەتاوە ڕاستیەکانیان بەدیبکردایە و لەسەر هەڵە و چەواشەکردن سورنەبونایەو، بەوشێوەیە کە بە ڕاستی جێگای سەرسوڕمانە بەربەرەکانێی بزاوتی مێژوویان نەکردایە. هەندێکیان ئێستاشی لەگەڵدابێت سورە لەسەر هەڵە و چەواشەکارییەکەی.

"هیگڵ" پێناسەی فەلسەفەی لەسەر بنچینەی ئەوەی کە فەلسەفە بریتییە لە دەستبەسەراگرتنی واقیع لە ڕێگەی فیکرەوە، کردووە. بەمانای

ئەوەی فەلسەفە کاتی خۆی بە شتی تەمومژاوی و عمومیاتەوە بەفیڕۆ نادات، بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە لە سەرەتای ژیانی ڕۆشنبیریماندا و کاتێ خوێندکاری زانکۆ بوین لە دیمەشق تێیگەشتبوین. فەلسەفە باس لە شتگەلێکی هەستپێکراو و دەستلێدراو دەکات، شتگەلێك پەیوندی بەو واقیعەوە هەیە کە تێیدا دەژین. "هیگڵ" لەسەر ئەو بنچینەیە لە فەلەسەفە گەشتووە کە دەستنیشانکردنێکی قووڵی گرفتەکانی واقیعە لە ساتێ لە ساتە دیاریکراوەکانی مێژوودا، ئەمەش دوای ئەوەی پرۆسەی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی گرفتەکە بەوردی سەرکەوتن بەدەست دێنێ.

"هیگڵ" دەیوت فەلسەفە ڕۆڵەی سەردەمەکەیەتی، فەیلەسوف گەورەش فەیلەسوف تاقە گرفتێکە، لە هەموو سەردەمەکاندا گرفتێکی سەرەکی هەیە کە زاڵە بەسەر گرفتەکانی دیکەدا، بەڵام کەس نایبینێ! هاوکات لەپاڵ ئەو گرفتە سەرەکییەدا چەندین گرفتی لاوەکی و سانەوی هەیە کە گرفتە گەورەکە دادەپۆشن و ڕۆشنبیرانی بچوك خۆیانی پێوە خەریکدەکەن. جیاوازی بیرمەندە گەورەکانیش لێرەدایە، ئەوان نە خۆیان بەو گرفتە لاوەکیانەوە سەرقاڵدەکەن و نە کاتی خۆشیانی پێوە بەفیڕۆ دەدەن، ئەوان ڕاستەوخۆ دەچنە ناوجەرگەی بابەتەکەوە، ئەمەش دوای ئەوەی شوێنی نەخۆشییە کوشندەکە کە هەڕەشە لە گەل و کۆمەڵگاکەیان دەکات، دەستنیشان دەکەن.

گەر ئەم پێناسەیەمان بەسەر هەموو واقیعی عەرەبی و ئیسلامیدا جێبەجێ کرد، دەبێ بڵێین چی؟ ئاخۆ گرفتە سەرەکییەکە لە کوێدایە؟



گرفتەکە لەوجەنگە کراوەی نێوان تێڕوانینی فەندەمینتاڵیستی تاریکبینە بۆ جیهان لەلایەك و تێڕوانینی تازەگەریانە بۆ هەمان جیهان لەلایەکی ترەوە. هەموو ئەوەی لە عێراق و ئەفغانستان و پاکستان و جەزائیر و ئەردەن و...هتد ڕودەدات. دەکرێ بۆ ئەو هاوکێشە سادەیەی سەرەوە کورتی بکەینەوە، ڕۆژێ دێ هەموو شتێ لەسەر یەکلایکردنەوەی ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە ڕادەوەستێ.

گەر "هیگڵ" ڕۆشنبیرێکی عەرەب بوایە، هەموو کاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو هاوکێشەیە تەرخاندەکرد، بەڵام ئەو لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیرێکی ئەڵمانییە و لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ژیاوە و بیریکردۆتەوە، بۆیە هەموو توانای خۆی بۆ چارسەرکردنی قەیرانی فێندەمینیتاڵیزمی مەسیحی لەگەڵ جیهانی مۆدرێن تەرخان کرد. ئەمەش دەمانباتەوە سەر هەمان خاڵ. لێرەوەیە گرنگی "هیگڵ" و پێش ئەویش "کانت" و هەموو فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، بۆ ئێمە دەردەکەوێ.

ناکرێ لە زەرقاوی و ڕقی ئەو لە مۆدێرنە و جەوهەر و ڕۆحی شارستانیەت تێبگەین، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بەراوردی بکەین بە کردەوە دزێوەکانی فەندەمینیتاڵیزمی مەسیحی کە ئاگری دادگاکانی پشکنینیان لە هەموو ئەوروپادا داگیرساند. ناکرێ لێی تێبگەین تەنها ئەو کاتە نەبێ کە بەراوردی بکەین بەو کەسانەی زمانی "جیۆردانۆ برینۆ" یان بڕی و پاشان لاشەیان پارچە پارچە کردو فڕێیان دایە ناو ئاگرەوە، چونکە ناوبراو تیۆرەکەی "کۆپەرنیکۆس"ی بەڕاست زانی.

بـەڵام ئـەو چـڵكاوخۆرانە كۆتاییـان پێهـات و جیهـانی مـۆدێرنیش سەركەوتنی بەدەستهێنا.

لێرەوە شەڕی فێندەمێنیتاڵیستەكانمان شەڕێكی دۆڕاوە، وەك چۆن فێندەمێنیتاڵیستە مەسیحیەكان شەڕەكەیان دۆڕاند، ئەوانەی تەگەرەیان لەبەردەم بزاوتی مێژودا دادەنا. بەڵام پێش ئەوەی شەڕەكە بدۆڕێنن ئاخۆ چەندین كەس دەبنە قوربانی و لەسەر ڕێگاكە دەكەونو؟ چەندین خوێنی بەناحەق دەڕژێ؟ دیسانەوە ئالێرەدا "هیگڵ" لەچەقی ڕێگاكەدا چاوەڕوانمانە و پێمان دەڵێ: (مێژو یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە ناڕوات تائەوكاتەی باجەكەی نەدرێ، مێژو تەنها لەمیانەی ململانێ و جەنگەكانەوە دەچێتە پێش)، بگرە لەوە زیاترمان پێدەڵێ كاتێ جەخت لەسەر ئەم وتەزا بەناوبانگە دەكات: (فێڵی مێژو- مكر التاريخ) و دەڵێ ( هەندێجار مێژو لە خراپترین دەروازەكانییەوە دەچێتە پێش، یاخود لە دەروازە نادیارەكانیەوە).

مێژو پێویستی بە كەسانی لە جۆری بن لادن و زەرقاوی و زەواهیرییە، تاكو تەنها بە بونیان نهێنی نەخۆشییە درێژخایەن و كوشندەكەمان بۆ دەربخەن كە لەناوەوە هەناوی مێژو هەڵدەكۆڵێ. گەر ئەوان نەبونایە، گەر توندڕەوی و پەرگیرییەكەیان نەبوایە، ئەوا خەڵك هەستی بەوەنەدەكرد كە پێویستی بە هاتنەئارای ڕاڤكردنێكی دیكەیە بۆ ئاین و عەقیدە، جگە لە ڕاڤكردنی حەرفیانەی چەق بەستوی بەربڵاوی سەدان ساڵ لەمەوبەر. ئالێرەدایە فێڵی مێژوو. ئەو لە ڕێگەی خودی نەخۆشیەكەی خۆیەوە پێشدەكەوێ. تاڵیبان كە تەنها چەند ساڵێكی كەم



حكومیان كرد، گەورەترین خزمەتیان بە گەلی ئەفغانی پێشكەش كرد، لەمڕۆوە چیتر كەس ملكەچی حوكمێكی لەو جۆرەی تاڵیبان نابێ.

لێرەوە بۆ ئەوەی ڕاستی دەركەوێ بونی هەڵە پێویستە. هەرچەندە تاریك و نوتەكی شەو زیادبكات، دەركەوتنی سپێدە پەسەندتر دەبێت.

لێرەدا جاریكی تر دەگەڕێمەوە بۆ "ناپلیۆن بۆ ناپارت" یان بۆ "بوش" و "بلێر" و پاشماوەی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی كە بەم دواییانە پەیوەندیان بەو دوانەوە كرد، ئەوەتا نەتەوە یەكگرتوەكان و فەرەنساو ئەڵمانیا هەمویان ڕازیبوون لەسەر ئەوەی پێویستە ئەژدیهای فەندەمینیتاڵیزم لەناو ماڵی خۆیدا سەری پانبكرێتەوە و لەناوببرێ، چونكە شەڕەكە بە تەنها شەڕی ئەمریكا و ئینگلتەرە نییە، بگرە شەڕی هەموو مرۆڤایەتی پێشكەوتووە.

هەندێ بەهای گەردونی هەیە كە خۆی سەپاندووە بەسەر هەموو گەلە جیاوازەكانی سەر زەویدا، هەر پوختەی ئەو بەهایانەشە كە لە جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤ و هاوڵاتیبووندا كورتكراوەتەوە؛ شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ۱۷۸۹ و دواتر نەتەوە یەكگرتوەكان ساڵی ۱۹۴۸ ڕایانگەیاند.

ئەم جاڕنامە بەناوبانگە هەندێ ڕاستی بەڵگەنەویست دەڵێ لەوانە: تۆ بەرپرس نیت لە شوێنی لەدایك بونت یان نابێ تا هەتاهەتایە باجی لەدایكبونەكەت بدەیت. كەس پرسیاری لێنەكردویت تۆ دەتەوێ لە خێزانێكی موسڵمان یان مەسیحی یاخود جوولەكە یان هندۆسی یا سونی یا شیعی یان كاسۆلیكی یاخود پرۆتستانی لەدایك ببیت. تۆ پێش هەموو شتێ مرۆڤی و بونەوەرێكی لە بونەوەرانی یەزدان، ئیدی ئەسڵ و

فەسڵ و ڕەنگ و ڕەچەڵەكت هەرچییەك بێت گرنگ نییە. لێرەوە بەو سیفەتەی مرۆڤێكی وەك هەموو مرۆڤەكانی تر بێ كەم و زیاد كەرامەتت پارێزراوە، ئینجا خەڵك بە باش یان بە خراپ لەسەر هەڵسوكەوتەكانت لێپرسینەوەت لەگەڵ دەكەن، نەك پێش ئەوە.

ئەمە جەوهەری مافەكانی مرۆڤە و جەوهەری هەموو فەلسەفەی مۆدێرنە و ڕۆشنگەرییە. ئەمەش تەواو دژی تێڕوانینی فەندەمینتاڵیزمە كە لەسەر ئەساسی جیاكاری تایفەگەری یاخود مەزهەبی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگا یاخود بەشێوەیەكی گشتی نێوان سەرجەم مرۆڤەكان ڕادەوەستێت. هەروەها دژی تێڕوانینی ئەتنی یاخود ڕەگەزپەرستییە كە لەسەردەمی دەسەڵاتی فاشیەت و نازیەتدا باوبووە.

دواجار فەندەمینتاڵیستەكانی لای ئێمە كاتێ دیموكراتییەت بە كوفر دادەنێن، نابێ شانازی بەوەوە بكەن گوایە ئەوان لەو بوارەدا بلیمەت و دەستپێشخەرن، چونكە پێش ئەوان لەسەدەی نۆزدەدا زۆرێك لە پاپاكانی ڕۆما و هەموو كاسۆلیكە دەمارگیرەكان بەكوفریان داناوە، بگرە ئەوان لیبرالیەت و مافەكانی مرۆڤ و عەقڵانیەتی فەلسەفەیان بە كوفر داناوە. دەتوانم فەتواكانیان دوای وەرگێڕانیان بۆ زمانی عەرەبی پێشكەش بە خوێنەران بكەم. ئەو فەتوایانە هیچ جیاوازییەكیان لەگەڵ فەتواكانی بن لادن و زەرقاویدا نییە، بگرە هەمان پاساوی تیۆلۆژی بەكاردەهێنن و هەندێ جاریش هەمان دەستەواژە و گوزارشتكردن بەكاردەهێنن. ئەمەش بەشێك لەو كتێبەم پێكدەهێنێ كە دەربارەی (زانستی بەراوردكاری فەندەمینتاڵیزم)ە، پشت بەخوا دەمەوێ



لەكاتێكی گونجاودا بڵاویبكەمەوە.

لێرەوە ئەوان بە مانای تەواوی وشە و دروست وك ئەوەی "هیگڵ" وتویەتی دژی بزاوتی مێژوو هەنگاو دەنێن. لەبەر ئەم هۆیەشە شكستدەهێنن وەك چۆن فەندەمینتاڵیزمەكانی دیكە پێش ئەمان شكستیان هێنا كە ترس و تۆقاندنەكانیان هیچی لەهی ئەمان كەمتر نەبوو.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٥/٢/٨

## ململانێی نێوان
## بیرلێکرا و بیرلێنەکراو



تابێت مشتومڕ دەربارەی بانگەشەی چاکسازی لە جیهانی عەرەبیدا زیاتر دەبێ و، هەندێ دەڵێن دوای ئەو هەموو شتەی کەڕویدا، ئەو چاکسازییە بووەتە کارێکی پێویست. بەڵام زۆرێك وایدادەنێن ئەوە ملکەچکردنێکە بۆ خۆرئاوا کە بەبێ حەق خۆی کردووە بە مامۆستا بەسەرمانەوە، هەربۆیە ئەوانە هەستان بە چاکسازیکردن ڕەتدەکەنەوە گەر بێتو لەدەرەوە سەپێنرابێت. بەتایبەتی گەر لەلایەن خۆرئاواوە سەپێنرابێت. ئەوانە لە نارەزایکردن بەردەوام دەبن و دەڵێن: بەڵێ بۆ چاکسازی، بەڵام بە مەرج. خۆرئاوا دەیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر عەقیدەکەمان و بیرکردنەوەمان بگۆڕێ، لەبەر ئەوە ئێمە بەهیچ جۆرێ بەمە ڕازینابین، پاشان ئێمە قوتابی سەرەتایی نین تاکو پێمان بڵێن چی بکەین و چی نەکەین، یاخود خۆرئاوا مەرجەکانی خۆی بەسەرماندا بسەپێنێ. چاکسازی گەر لە ئارەزویەکی قوڵی ناوخۆ و فاکتەرە زاتیەکانەوە نەك فاکتەرە بیانیەکان هەڵنەقوڵابێ، ئەوا سەرکەوتن بەدەست نایەنێت و ناچەسپێت.

دانی پێدادەنێم ئەم خاڵەی دواییان تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەڵام ئێمە دەزانین چاکسازی یاخود تازەکردنەوە بۆ نمونە لە یابان لەیەك کاتدا بەهۆی فاکتەرە ناوخۆییەکان و فاکتەرە دەرەکیەکانەوە بوو. دەتوانین هەمان شت سەبارەت بە چین یان هند یاخود ڕوسیا بڵێین، یان ئۆکرانیا کە ئێستا بەهۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر چاکسازی دیموکراسی و سنوری ئەو چاکسازییە تاکوێ بڕبکاو تاکوێ بڕنەکا و هەندێ مەسەلەی دیکەوە، توشی پەشێوی بووە.

لێرەوە بە درێژایی مێژوو نەتەوە دواکەوتوەکان کاریگەربوون بە نەتەوە پێشکەوتوەکان و لاساییان کردونەتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا شورەیی نییە. خودی ئەورووپای خۆرئاوا کاریگەربووە بە فەلسەفەی عەرەبی و شارستانیەتی ئیسلامی، کاتێ فەلسەفە یاخود شارستانییەتمان هەبووە. دواجار کامەیە شتە نەگۆڕەکان؟ بە پلەی یەکەم عەقیدە و زمانی عەرەبییە. ئایا ڕۆشنگەرانی عەرەب دەیانەوێ ئەم نەگۆڕانە بگۆڕن؟ بگرە ئایا عەرەب توانای گۆڕینیانی هەیە؟ با یەکەمجار زمانی عەرەبی وەك نمونە وەربگرین. ئایا ڕۆشنبیرێکی ڕۆشنفکر هەیە بانگەشەی گۆڕینی زمانی عەرەبی بکات و زمانی فەرەنسی یاخود ئینگلیزی لەشوێنی دابنێ؟ لەوانەیە هەبێ، بەڵام کەمەکێکی زۆر کەم لە غەربزەدەکان یاخود ئەوانەی زۆر سەرسامن بە خۆرئاوا بەو شێوەیە بیردەکەنەوە. بەڵام زۆرینەی لیبراڵەکان لە "تەها حسێن"ەوە تاکو ئەمڕۆ لە هەموو خەڵك زیاتر پەرۆشی زمانەکەن، هاوکات داوای پێشخستن و گەشەکردنی دەکەن و داوادەکەن ڕێزمانەکەی ئاسان بکرێ و لە زمانی ژیان نزیك بکرێتەوە تاکو توانای ئەوەی هەبێ لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا هەڵبکات و بتوانێ زانستی تازە لەخۆبگرێ.

ئایا من ئێستا بە هەمان زمان دەنوسم کە "طرفه بن عبد" یان "الشنفری" پێیان دەنوسی؟! کەواتە پێشکەوتنێك هەیە بەسەر زماندا دێت و هیچ شتێك نییە تاهەتاهەتایە بە نەگۆڕ و جێگیری بمێنێتەوە. کەچی کۆنزەرڤاتیڤەکان ئەوەندە سەرسامن بە ڕابردو یان ئەوەندە شەیدای ڕابردون، هیوادارن ئەو ڕابردووە بەردەوام بێت و تا ئەبەد



درێژبێتەوە. بگرە من چیتر بە زمانی "مصطفی صادق الرفاعی" نانوسم کە کێش و سەروای هەبوو. کەواتە لە مێژودا ناسنامەیەکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو ناسنامەی تازەکردنەوە و پێشکەوتو هەیە کەلەگەڵ سەردەم و بارودۆخ و تازەگەریدا دەڕوات بەڕێوە.

ئەوەشی پەیوەندی بە عەقیدەوە هەیە، ئەوا کەسێك گەر تۆزقاڵێك عەقڵی هەبێ ڕازینابێت بە گۆڕینی، یاخود گەر حەزیشبکات بیگۆڕێ پێی ناگۆڕدرێت. عەقیدە بە درێژایی مێژو بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا تێگەشتن لێی تازە دەبێتەوە. تێگەشتنی میانڕەوەکانی ئیسلام بۆ عەقیدە هەمان تێگەشتنی توندڕەوە پەڕگیرەکان نییە. هەر ئەمەش بوو لە ئەورووپا و سەبارەت بە مەسیحیەت ڕویدا. هەموومان دەزانین گەلانی مەسیحی تەنها دوای تازەکردنەوەی تێگەشتنیان بۆ عەقیدە و ڕزگاربونیان لەو بەربەستانەی ڕێگەی بوژانەوەی لێگرتبون توانیان پێشبکەون و بەسەر سەرجەم گەلانی زەویدا سەرکەون. لەمەشەوە ڕەوتێکی لیبراڵی مەسیحی دینامیکی هاتەئاراوە کە بڵاوترین ڕەوتە لە هەموو کۆمەڵگاکانی ئەورووپا یاخود ئەمریکای باکووری پێشکەوتو. هاوکات ڕەوتێکی فەندەمینتاڵیزمی توندڕەوی مەسیحی هاتەئاراوە کە پەرۆشی بەها کۆنەکان بوو یاخو دەستیان بەو بەها کۆنانەوە گرتبوو، ئەوانە کەمینەیەکی کەم بوون، بەپێچەوانەی ئەوەی لای ئێمە دەگوترێ یان بڵاوبۆتەوە.

بێگومان لە سەرەتای سەدەی شازدەدا بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری

زانستی و فەلسەفی لەخۆرئاوا، بەشداربووە لە سەرخستنی ڕەوتی لیبڕال بەسەر ڕەوتی فەدەندمنیتالێزمدا لە سەرتاسەری ئەوروپادا، بەلاّم ئەم سەرکەوتنە تا ئێستا لە مەسیحیەتی خۆرهەلاّت یاخود ئەرسەدۆکسیدا ڕوینەداوە، بە پێچەوانەی مەسیحیەتی خۆرئاوا کە دوای ململانێیەکی تالّ و دژوار ئاشتکردنەوەی لە نێوان ئاین و مۆدێرنە بەدەستهێنا. لەبەر ئەم هۆیەشە خەریکە ئۆکرانیا بۆ دوو بەش دابەش دەبێ: بەشی خۆرهەلاّتی یان ئەرسەدۆکسی کە پاشکۆی ڕوسیا و پاتریارکی مۆسکۆیە، بەشی خۆرئاوای کە پاشکۆی پاپای ڕۆمایە و مەیلی بەلای خۆرئاوادایە. ئەمەش مانای ئەوەیە خۆرئاوا هەموو جیهان بۆ دوو بەش دابەشدەکات نەك بە تەنها جیهانی عەرەبی و ئیسلامیمان: بەشێ مەیلی بەلای مۆدێرنەدا هەیە و دەیەوێ بیهێنێ و پەیڕەوی لێبکات لەگەلّ هەندێ لە دەسکاریکردنی تاکو لەگەلّ بارودۆخی ناوخۆدا بیگونجێنێ. بەشێکی تر دەرگای لەسەر خۆی داخستووە و بەسەر کەلەپوری کۆنی خۆیدا گرمۆلّە بووە. ململانێکە لە نێوان ئەم دوو ڕەوتەدا بەشێوەیەکی یەکسان لە هیند و چین و ئەمریکای لاتین و جیهانی عەرەبی بەڕێوەدەچێ. بگرە تەنانەت ڕوسیای ئەرسەدۆکسیش کە لە سەدەی نۆزدەمەوە بۆ دوو بەش دابەش بووە، بەشێکی لیبڕالی ڕۆشنگەر کە هەموو دەردوبەلاّکانی ڕوسیا بۆ جیابونەوەی لە ئەوروپا دەگەڕێنێتەوە، بەشێکی سلاڤی نەتەوەیی کە شانازی بە ڕۆهەلاّت بونی و مەزهەبی ئەرسەدۆکسی و دامودەزگا پاتریارکییە کۆن یاخود ڕەسەنەکانیەوە -چی ناو دەنێیت ناوی نێ- دەکات. ئەم دابەش بونەش لە نوسینی گەورە نوسەراندا ڕەنگی داوەتەوە



بۆ نمونە "دیستۆفسکی" و "تۆرگینێف" و "تۆلّستۆی". وەك وتمان ئەم حالّەتە ئێستا ئۆکرانیای لێکهەلّوەشاندوەتەوە و ڕەنگە ببێتە هۆی دابەشبونی.

ئایا نهێنی ئەو هەموو ڕاکێشانە لەکوێدایە کە خۆرئاوا بەسەر هەموو کەلتوورەکانی جیهاندا پراکتیکی دەکات؟ ئەوە لە وشەیەکدا کورتدەبێتەوە، وشەیەکی سیحراوی یاخود نیمچە سیحراوی، ئەویش: مۆدێرنەیە. بەلاّم ئەم وشەیە مانا یاخود ئاسۆیەکی هێندە فروان لەخۆدەگرێ کە چەندین جەلّد ناتوانێ حەقی تەواوی خۆی بداتێ چ جای تاقە وتارێك؟!

من لێرەدا تەنها بە جەختکردنە سەر کێشەی ئازادی بیروڕا وازدەهێنم کە سیمای سەرەکی مۆدێرنەیە. هەموو کەلەپوری مرۆڤایەتی فیکر بۆ سێ ئاستی جیاواز لەیەك دابەشدەکات: بیرلێکراو، بیرلێنەکراو، هەرگیز بیرلێنەکراو.ململانێیەکی جەدەلی هەیە لە نێوان بیرلێکرا و بیرلێنەکراودا لەلایەك، لەگەلّ ئەوەی دەکرێ بیری لێبکرێتەوە و ئەوەی هەرگیز بیری لێناکرێتەوە لەلایەکی ترەوە.

بۆ نمونە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپادا هەندێ بیروڕا دەچووە خانەی ئەوەی خەلّکی ئەو سەردەمە بە هیچ جۆرێ بۆیان نەبووە بیری لێبکەنەوە، بیروڕایەك هەرگیز شوێنی بیرکردنەوە نەبوو. بەلاّم ئێستا لە فەرەنسا یان بەلجیکا یاخود ئەلّمانیا یان هۆلّەندە ..هتد بووەتە شتێکی ئاسایی، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی مۆدێرنە لەوێوە دەستیپێکرد. ئەوە چ شتێکە کە کۆمەلّگا مۆدێرنەکان لە کۆمەلّگاکانی

پێش مۆدێرنە جیادەکاتەوە؟ ئەوە لەمەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: لەکۆمەڵگای مۆدێرندا سنوری بیرلێکراو یاخود ئەوەی دەکرێ بیری لێبکرێتەوە بەردەوام لە زیادبون و فراوان بوندایە، ئەمە لە کاتێکدا سنوری بیرلێنەکرا و یاخود ئەوەی یاساغە بیری لێبکرێتەوە تابێت کەمدەبێتەوە و بۆنزمترین ئاست بچوکدەبێتەوە. ئەمەش پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتمانە کە تاکو ئێستا مۆدێرنەی بەخوە نەبینیوە. ئالەم کۆمەڵگایانەدا تێبینی کیشوەرێکی فراوان دەکەین لە بیرلێنەکراو یاخود ئەوەی هەرگیز نابێ بیری لێبکرێتەوە یان بە تەواوی یاساغە بیری لێبکرێتەوە. لەهەمان کاتدا سنورێکی تەسك دەبینین، سنورێکی دیاریکراو لە بیرلێکراو یاخود ئەوەی دەکرێ بیری لێبکرێتەوە یان ئەوەی ڕێگەی پێدراوە بیری لێبکرێتەوە.

هەر لەبەر ئەمەشە ڕۆشنبیری لە جیهانی عەرەبیدا لە بەشێکی زۆریدا گۆڕاوە بۆ قیرەقیرێکی بێناوەڕۆك و چەنەبازییەکی بێمانا، یاخود بڵێ بەدەوروخولی خۆیدا دەسوڕێتەوە بێ ئەوەی بوێرێ باس لەو بابەتە بنچینەیانە بکات کە جەستەی کۆمەڵگاکانی عەرەبی و ئیسلامیمانی لەناوەوە داڕزاندووە. ئەمەیە مانای بیرلێنەکرا و یان ئەو شتەی نابێ هەرگیز بیری لێبکرێتەوە.

ڕۆشنبیری فەرەنسی یاخود ئینگلیزی دەتوانێ دەست وەرداتە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە وڵاتەکەیەوە هەیە، بگرە دەتوانێ وڵاتەکەی تۆمەتبار بکات بەوەی پراکتیکی ڕەگەزپەرستی یاخود تایفەگەری دەکات لەبەرامبەر پاکستانیەکان یان مەغرییبیەکان یاخود بە شێوەیەکی گشتی



موسڵمانەکان، بێ ئەوەی توشی هیچ ئازار و ئەشکەنجەیەك بێت یاخود بێ ئەوەی لە ئیشەکەیدا یان لە فەرمانگەکەیدا هەڕەشەی لێبکرێ. ئەمەشە مانای ئازادی بیروڕا. هەموو بابەتەکان شایەنی ئەوەن قسەیان لەسەر بکرێت و بهێنرێنە سەر مێزی گفتوگۆ، بەمەرجێ جدیی بین و بەڵگەی عەقلانی و بەرپرسیارانە لە گفتوگۆ و مشتومڕەکانماندا بخەینەڕوو.

ڕەنگە یەکێك بڵێ: ئاخر ئەو وڵاتانە بە درێژایی سێ سەد ساڵ یاخود چوارسەد ساڵ لە مێژوی بەرەو پێشچونیاندا، ئینجا توانیویانە بازنەی بیرلێکراو یان ئەوەی ڕێگەی پێدراوە بیری لێبکرێتەوە فراوان بکەن. بەڵام ئێمە تەنها سی ساڵ یاخود چل ساڵێکە توانیومانە لە قۆناغی ئیمپریالیزم ڕزگارمان ببێت، بۆیە ئێمە جارێ لە سەرەتای سەرەتاکانداین. ئەمە ڕاستە. هەر لەبەر ئەمەیە ئێمەش بەیەکجار داوای هەموو شتێ ناکەین، ئێمە داوای ئەوە دەکەین دەرگا داخراوەکان پلە پلە و قۆناغ بە قۆناغ بکرێنەوە، چونکە کردنەوەیان بەیەکجار ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵکردنی ڕەشەبایەك هەموو شتێکی پێش خۆی ڕامالێ.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٤/١٢/٧

# گواستنەوە لە دینداریی توندڕەوەوە بۆ دینداری عەقڵانی



لە مێژوودا ئەوروپا گەورەترین تاقیگەی شارستانیەتە. ئەوەی لە ماوەی چوار سەد ساڵی ڕابردودا لە ئەوروپادا ڕویداوە، هاوتایە بە هەموو ئەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕویداوە، هەر لە سەرەتایی دروستبونیەوە تاکو ئێستا. بگرە دابڕانێکی فیکری قووڵی لەگەڵدا دروستکردووە. هەمو زانستی کۆن لە فیزیا و بیرکاری و ئەستێرەناسیو تەبیعیات بە بەراورد لەگەڵ زانستی ئەوروپی تازە ڕەتکراوەتەوە. هیچ پەیوەنییەك لەنێوان کیمیای "جابر بن حیانگ و کیمیای تازەدا، یان لە نێوان پزیشکی "ئیبن سینا" و پزیشکی هاوچەرخدا نییە. بێگومان دەکرێ هەمان شت دەربارەی زانستی ئەستێرەناسی و لقەکانی دیکەی مەعریفە بڵێین. تەنانەت ئەوەی تایبەتە بە زانستی ئاینی و لێکۆڵینەوەی مێژوویی/ ڕەخنەیی بۆ کەلەپور لە نێوان ئەوروپا و جیهانی عەرەبی/ ئیسلامیدا مەسافەیەکی گەورە هەیە.

لە ڕاستیدا ئەوروپا ئەم هاوکێشە تاڕادەیەکی زۆر قورسەی خوارەوەی بەدەستهێناوە: ڕێگەدان بە باوەڕداری تەقلیدی و باوەڕداری عەقڵانی و بێباوەڕەکان لە هەمان کۆمەڵگادا پێکەوە لەپاڵ یەکدا و بێئەوەی کەسیان دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوی تریان، بژین. بەڵام ئەوروپا تەنها دوای چەندین شەڕی سەختی نێوان ئەو ڕەوتانە کە بە درێژایی چەندین سەدە لە دژی یەك بەرپایان کردبوو، گەشتە ئەو ئەنجامە.

بیرمەندی فەرەنسی "بۆل هازار" وایدەبینێ بە درێژایی سەدەی هەژدە کە پێیدەوترێ سەدەی ڕۆشنگەری گەورە، دادگایکردنی مەسیحیەت، بلێ دادگایکردنی تێگەشتنێکی توندڕەوانەی دەمارگیر بۆ

مەسیحیەت، ببوە شوێنی سەرقاڵکردنی فەیلەسوفانی ئەوروپا. گومانی تێدانییە سەردەمی ڕێنیسانس سەردەمێکی گرنگ بوو، بەڵام دواجار ملکەچی تێڕوانینی مەسیحیانە بوو بۆ جیهان، هەروەها گومانی تێدانییە سەدەی حەڤدە، سەدەی "دیکارت" و "گالیلۆ" و "مالبرانش"و "لایبنتز" و "سپینۆزا"، سەدەیەکی گرنگ بوو، بەڵام ئەم سەردەمە نەیوێراوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بیروباوەڕی ئاینی مەسیحی بکاتە شوێنی گومان و پرسیارکردن. ڕەنگە تەنها "سپینۆزا" نەبێت. لەو سەردەمەدا (سەدەی حەڤدە) شتەکان بە نهێنی جێبەجێ دەکران و تەنها لە نێوان چەند بیرمەنێکی گۆشەگیر و دوورەپەرێزدا دەهات و دەچوو.

تەنها سەدەی هەژدە بوو وێرای ئەو دابڕانە ئەبستمۆلۆجییە بهێنێتە ئارا کە تا ئێستا هیچ شارستانیەتێکی مرۆڤایەتی نەیوێراوە لێی نزیك بێتەوە: مەبەستم دابڕانێکی ئاشکرا و ڕوون لەنێوان تێڕوانینی تەقلیدی بۆ جیهان و هێنانە ئارای تێڕوانینێکی زانستی یاخود فەلسەفی لە جێگای. ئەوە چۆن ڕویدا؟ ئەم ڕوداوە کە عەقڵی توشی سەرەخولێ کردووە چۆن ڕویدا؟ ئەی دوای ڕودانی بۆچی ئەرزو ئاسمان نەهاتنەوە یەك؟ چونکە عەقڵ توانی شارستانیەتێکی یەکگرتوو پێکبێنێت کە تێیدا زانا یاخود فەیلەسوف شوێنی قەشە یان مەترانی گرتەوە.

ئەم فیکرە تازە و ڕۆشنگەرە کە دژی بیروباوەڕی دۆگماتیزم بوو، دۆگمایەك بەبێ گفتوگۆکردن و بیروڕا گۆڕینەوە خۆی سەپاندبوو،



بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبوەوە و گەشتە جەماوەر و چیتر لە نێوان چەند گەورە بیرمەندێکی کەمدا نەمایەوە. لەبەر ئەم هۆیەش بوو دواجار فیکری نوێ توانی سەرکەوێ بەسەر فیکری توندڕەوانەی مەسیحیدا. ئەمەش دوای ئەوەی وردە وردە پێگە جەماوەرییەکەی ئەم فیکرە نوێیە تادەهات فراوانتر دەبوو، هەروەها بووە هۆی بەرپابونی شۆڕشی فەرەنسی. لێرەوەیە دەتوانین بڵێین ئەوروپییە سەردەمخوازەکان، نەوەی ڕاستەوخۆی سەدەی ڕۆشنگەرین. بگرە یەکێتی ئەوروپا کە ئێستا لە پێشچاوماندا دروستدەبێت، قوڵایی فەلسەفەکەی لەسەر شارستانیەتی ڕۆشنگەری ڕاوەستاوە نەك لەسەر شارستانیەتی مەسیحی کە پێش ئەو لە ئارادا بووە. هەر لێرەوەیە پاپا لەو (بێباوەڕانە) تورە بووە، ئەوانەی ئینجیلیان لە بیرکردووە یان پشتگوێیان خستووە و کتێبەکانی "کانت" و "جان جاك ڕۆسۆ" و "فیکتۆر هیگۆ" یان لەشوێنی داناوە.

ئاشکرایە "یۆحەنا پۆلسی دووەم" خەونی بەوەوە دەدی ئەوروپا بگەڕێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، واتە بیگەڕێنێتەوە بۆ مەسیحیەت، بەڵام تاکو ئێستا لەوەدا سەرکەوتو نەبووە. ئەمە دەڵێین گەرچی ئاین لە ئەوروپادا چیتر دژ بە عەقڵ یاخود زانست نییە وەك ئەوەی لە پێشتردا ڕویدابوو. هەروەها ئاین چیتر لە سەرەوە و لە ڕێگەی ڕق و زۆرەملێوە خۆی ناسەپێنێ. ئالێرەدایە کە شتێکی تازە هاتەئاراوە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەری یان سەدەی نۆزدەم کە تێیدا فەندەمینتاڵیستەکان هێشتا دەیانتوانی لە زانا و بیرمەندەکان بدەن و بیانترسێنن.

گەورەترین بەڵگە بۆ ئەوە "ڤۆڵتێر"ە کە هەندێ لە کتێبەکانی بێ ئیمزاکردن بڵاوئەکردەوە، هاوکات "هیگڵ" لێکۆڵینەوەکەی لەسەر ئاین بڵاونەکردەوە تەنها دوای مردنی نەبێت، ئیدی لەمەوە بیگرە.

لێرەوە مەسەلەکە ئاسان نەبووە. پرۆسەی هێنانە ئارای ئازادی بیروڕا لەسەرخۆ و دژوار بووە و توشی هەڵنوتان هاتووە. بەڵام دواجار سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەبەر ئەم هۆیەیە دەکرێ ئەزمونی ئەوروپی وەك نمونە وەربگیرێت. ئەو ئەزمونە دەرئەنجامی ئیشکردنی خود بووە لەسەر خودی خۆی یان ململانێی خود لەگەڵ خودی خۆی بە شێوەیەکی دیالەکتیکی گونجاو. ئەمەش گەورەترین جۆری ڕزگاربونە. بگرە ڕزگاربون یاخود سەرفرازی حەقیقی بەدەست نایەت تەنها لەو ڕێگەیەوە نەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە چی هەوڵی ڕۆشنبیرانی عەرەب هەیە بۆ ڕاکردن لە قەیرانەکان یاخود بازدان بەسەریدا لەڕێگەی تەبەنی کردنی ئایدۆلۆژیای حازبەدەست و هێنراوەوە، توشی شکستێکی گەورە هاتووە و دەرئەنجامەکەشی چنینەوەی ئەم هەموو هەڵکشانە بێکۆتاییەی شەپۆلی توندڕەوییە. چارەسەرکردنی قەیرانی کەلتور نایەتەدی تەنها بە شەڕێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا نەبێت لەگەڵ خودی کەلتور خۆیدا، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە نوسەری ئەم دێڕانە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە بەدوای مەنهەجیەتی "محەمەد ئارکۆن"دوەیە، چونکە بابەتیانە لەسەر خودی ئەرزیەتی فەندەمینیتاڵیستەکان ڕادەوەستێ و بە شێوەیەکی زانستی و مێژوویی ورد دەستەواژە ڕەق هەڵاتوەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە.



لەبەر ئەم هۆیەیە وتم ڕزگاربون لەناوەوە هەزار جار لەو ڕزگاربونە گرنگترە کە لە دەرەوە دێت، چونکە زیاتر دەبێتە شوێنی ڕازیبون و وەرگرتن و زووتریش جێگیردەبێت. مانای چییە ڕاوەستم و بڵێم: من کەسێکی ئازادی ڕۆشنفکرم و، هیچ پەیوەندیم بەم هەموو داواکەوتوییەوە یان دەمارگیرییەوە نییە، من دژی کەلەپوری ڕەق هەڵاتوی دووبارە بووی بێزارکەرم..من چارەسەری کێشە تایبەتیەکەی خۆمم لەگەڵ ڕابردودا کردووە، یان لەگەڵ ڕابردوی ڕابردودا کردووەو بومەتە کەسێکی مارکسی یان لیبرالی یاخود بێباوەڕ..هتد. بگرە من کەسێکم مۆدێرنەم تێپەڕاندووە و بومەتە یەکێك لە پۆست مۆدێرنەکان!! ئەمە لە غەڵبەغەڵبێك و لە هەرزەکارییەکی فیکری نە زیاترە و نەکەمتر.. من دەزانم ئەم قسانەم زیاد لە پێویست هەندێ لە ڕۆشنبیرانی تازەگەر بێزار دەکات، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرانە لەسەریانە بزانن قسەکانیان هیچ مانایەکی نابێ گەر لە ئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەیەکی ناوەکی نەبێت لەگەڵ خودی خۆیاندا. گەر لە هەڵکۆڵینێکی ئارکۆلۆجی نێو ناخەوە نەبێت و چی خڵتەی کەڵەکەبوو هەیە لای نەبردبێ. جا ئەو خڵتەیە چ تایفەگەری یان مەزهەبی یاخود ئەتنی یان عەشیرەتگەری بێت. ڕۆشنبیر دوای ئەوەی ئەو هەموو شەڕانە لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات و لەگەڵ ئەو یەقینیاتانەش دەیکات کە لە منداڵییەوە لە مێشکیدا جێگیر بووە و لە دڵی خۆشتر دەوێن، ئەوسا بۆی هەیە بڵێ من بە تەواوەتی لە پاشماوەی ڕابردوو ڕزگارم بووە، بەڵام پێش ئەوە نەخێر.

دواتر مانای چییە بڵێم کەلەپوری ڕابردو هیچ مانایەکی نییە، کەچی سێ لەسەر چواری میللەت هۆگرین و لەسەری دەژین و دڵنەواییان پێدەبەخشێ و بلانسیان ڕادەگرێ؟ ئایا من گەر ڕۆشنبیرێکی بەرپرس و ڕاستگۆبم حەقی ئەوەم هەیە شتێکی وا بڵێم؟ ئایا لەسەرم پێویست نییە هەنگاو بە هەنگاو و لەگەڵیاندا بڕۆم و ڕێگای ڕزگاربونیان پیشان بدەم تاکو دواجار دەگەنە خوێندنەوەیەکی عەقلانی بۆ ئاین؟ فەیلەسوفانی ڕۆشنگەر لە ئەوروپادا وایانکرد، کاتێ کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ فەندەمێنیتاڵیستە مەسیحیەکان و تێڕوانینە غەیبییە ناعەقلانییەکانیان کە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر خورافات و پەرجوو ڕاوەستابوو.

زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە باوەڕیان بە بونی خودا هەبووە، لەبەر ئەوە پێیان دەوتن خوا پەرستەکان یان ڕەبانییەکان، بەڵام باوەڕیان لە باوەڕی خەڵکە ڕەش و ڕوتەکە و باوەڕی فەندەمینیتاڵیستەکان جیاوازتر بوو، بەوەی ئەوان سروت و ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیان پشتگوێ دەخست و وایاندەبینی ئەوە شتێکی ڕێژەییە. گرنگ ئایینداری ناوەوەی نادیارە نەك ئایینداری دەرەوەی دیاری خۆدەرخستوو. "ڤۆڵتێر" کە چەندین شەڕی بەناوبانگی لەگەڵ قەشەکاندا بەرپاکرد لەوانە بوو. "ڤۆڵتێر" دەیوت: (بونەوەرێك لەسەرەوە هەیە دروستکەری گەردونە یاخود ئەندازیاری گەردونە). لە هەمان کاتدا دەیوت (مرۆڤ خۆی بەرپرسی ئیش و کارەکانیەتی و عەقڵ حوکمی جیهان دەکات. خودا کە ئەم جیهانەی بە شێوەیەکی عەقلانی



دروست کردووە و بە باشترین شێوە ڕێکیخستووە، ناکرێ داوای ئەوەمان لێبکات دەستبەرداری عەقڵی خۆمان ببین. لێرەوە تێگەشتنی ڕاست بۆ ئاین ئەو تێگەشتنەیە لەگەڵ عەقڵدا بگونجێ نەك بە شێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی عەقڵ بکات). وەك ئەوەی ئەمڕۆ لای ئێمە ڕودەدات.

بگرە ڤۆڵتێر لەوەش زیاتر پێدادەگرێت و دەڵێت: (تێڕوانینی عەقلانی بۆ ئاین لە مەسیحیەت گەورەتر و فراوانترە، چونکە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. مەسیحیەت هەرچەندە گەورەتر ببێت و بلاوتر ببێتەوە ئەوا کۆمەڵێ خەڵکی دیاریکراو دەگرێتەوە، بەڵام ئایینداری عەقلانی یان ئەوەی لەسەر عەقڵ ڕاوەستاوە سنوری بۆ نییە. ئەوە چینییەکان و هندیە سورەکان و ئەفریقیەکان و ئەوروپیەکان و عەرەب و موسڵمانان و هەموو ئەو خەڵکانەی تریش ئەگرێتەوە کە عەقڵی خۆیان بەکاردەهێنن).

لێرەوە ئاینگەلێکی تایبەت هەیە و ئاینێکی گەردونیش هەیە کە هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، ئەویش ئاینی عەقڵە. عەقڵ خاڵی گەورەی هاوبەشە لە نێوان هەموو ئادەمیزادەکاندا بە جیاوازی باوەڕ و مەزهەبەکانیانەوە. دواتر "ڤۆڵتێر" ئەم پرسیارەی خوارەوەی لە فەندەمینتاڵیستە مەسیحیەکان بە تایبەت کاسۆلیکەکان کرد:

(ئێوە دەڵێن ئەو ئیماندارە حەقیقییەی لای خودا پەسەندە و لەو دنیای تر سەردەکەوێ، ئەو کەسەیە کە ئینتیمای تەنها بۆ ئاینەکەمان یاخود بۆ مەزهەبەکەی ئێمە هەیە. بەڵام ئەی چی لەو خەڵکانەی تر بکەین کە دەمێننەوە؟ بگرە چی لەو خەڵکە بەخشندانە بکەین کە

پێش دەرکەوتنی مەسیحیەت ژیاون و مردون؟ چی لە "سوقرات" و "ئەفلاتون" و "ڕۆسۆ" بکەین؟ ئەمە جگە لەو هەزاران خەڵکە سادە و ڕاستگۆ و پاك و بێگەردانەی تر. ئەی چی لەو خەڵکە باش و بەخشندانەی ئاینەکانی تر بکەین؟ ئایا لەبەر ئەوەی عەقیدەی مەسیحیان نەزانیوە و ئینجیلیان نەخوێندوەتەوە هەموویان بە کافر دابنێین؟)

ئەم پرسیارە لە سەردەمی "ڤۆڵتێر"دا پریسیارێکی پێش وەخت بوو .هەموو فەندەمینیتاڵیستەکانیش سەر بە هەر ئاین و مەزهەبێکیش بن خۆیان لەو پرسیارە گێل کردبوو، هاوکات ئەوان لەبەر ئەوەی خۆیان لەناو قەفەزێکی عەقائیدی داخراودا مت کردبوو، ئەوا هەستیان بە هیچ کێشەیەك نەدەکرد و هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتووە پرسیارێکی لەو جۆرە بکەن. گەر بیانکردایە ئەوا هاوسەنگیان تێکدەچوو یاخود شێت دەبون!.

لێرەوە گواستنەوە لە قۆناغی ئاینداری توندڕەوەوە بۆ قۆناغی ئاینداری عەقڵانی یاخود ڕۆشنگەری زەحمەتە و ئاشتبونەوە لە نێوان ئیمان و عەقڵ لە گرنگترین دەسکەوتەکانی مۆدێرنەیە.لەم ڕووەوە سەردەمی ڕۆشنگەری بۆ دوو ڕەوتی گەورەی دژ بەیەك دابەش ببوو، بەڵام ئەمانەت ئەوە دەخوازێ بڵێین دەستەی سێیەم کە کەمینەیەکیان پێکدەهێنا لەپاڵ ئەو دوو ڕەوتە گەورەیەدا هەبوون، ئەو دەستەیە فەیلەسوفانی ماتریالیزم بوون. لە وانە "دیدرۆ" و "بارۆن" و "ولباك" و "داڤید هیوم" و "لامیتری" و ئەوانی تریش. ئەمانە لەو



بڕوایەدابوون شتێك نییە ناوی جیهانێکی تر یاخود جیهانێکی میتافیزیکی، واتە جیهانی ئەودیو سروشت بێت، تاقە شتێك کە هەیە بریتیە لەم جیهانە سروشتییە هەستپێکراوەی کە دەیبینین‌و ڕۆژانە لەناویدا دەژین. هەربۆیە بەهەشت ئالێرەدایە، لەسەر ئەم زەوییەیە نەك لە ئاسمان. لێرەوە پێشکەوتنی مادی یەك لە دوای یەك بۆ مرۆڤ و هەروەها دابینکردنی خۆشبەختی لەسەر زەوی پێویستە ئامانجی زانا و فەیلەسوفان بێت. ئالێرەوە ڕۆشنگەری بۆ دوو بەش دابەش دەبێ: بەشێکی ئیماندار بە مانای فراوانی وشەکە و بەشێکی مادی بێئمان. ئەم دوو بەشە چەندین شەڕی فیکریان لە دژی یەك بەرپاکرد و لە هەمان کاتدا هەردوکیان بەڕێگای تایبەتی خۆیان ڕوبەڕوی فەندەمینتاڵیزمی مەسیحی بوونەوە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٣٠/١١/ ٢٠٠٤

# ئایا محەمەد ئارکۆن گۆڕاوە؟



وەك چۆن له سەدەی نۆزدەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پیاوە نەخۆشەکە بوو، بەهەمان شێوە دوای یازدەی سێپتێمبەر، هەموو جیهانی عەرەبی بووەتە پیاوە نەخۆشەکە. دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە تابێت زیاد دەکات، هەر لە ڕاپۆرتی گەشەکردنی مرۆییانە لە جیهانی عەرەبی کە بەم دوایانە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، بۆ شیکردنەوەی ئەم شارەزا و ئەو شارەزا. لێرەوە لە تواناماندا نییە ئەو پرۆژانە بژمێرین کە قسەوباس لەسەر گرفت و ئازارەکانمان دەکات. لەم کەشوهەوایەدا لەڕێگەی پۆستەوە دوا کتێبی "محەمەد ئارکۆن" بەناونیشانی (مەیلی مرۆڤانە و ئیسلام....جەنگە فیکریەکان و پێشنیار لەپێناو دەرچون لە قەیران) بەدەست گەیشت. بێ ئەوەی تاکو ئێستا قسە لەگەڵ "ئارکۆن" خۆی بکەم، دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکە. زۆر بە پەرۆشەوە بووم بۆ ئەوەی بزانم ئایا هەڵوێستەکانی سەبارەت بەم مەسەلە ئاڵۆزە گۆڕانی بەسەردا هاتووە: واتە مەسەلەی پاشەکشە دورو درێژەکەی موسڵمانان. گەرچی ترسێکم لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا هەبوو، بەڵام مەخسەدی خۆمم تێدا دۆزیەوە. من هەڵوێستەکانی پێشتری "ئارکۆن"م دەزانی، لە هەندێکیاندا لەگەڵیدام لە هەندێکی دیکەیاندا لە گەڵیدا نیم و جیاوازم لێی. ئەو شتەی کە لای "ئارکۆن" پەستی دەکردم ئەمەیە:

"ئارکۆن" جەخت لەسەر ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری ئەورووپی و عەلمانیەتی فەرەنسی و بەشێوەیەکی گشتی مۆدێرنە دەکات. ئەو لە نوسینەکانیدا ئەوەندە جەختی لەسەر ئەوانە کردووەتەوە، خەریك بوو

ڕخنەگرتن لە فەندەمینیتالێزمی توندڕەوی پەڕگیر لەبیر خۆی بباتەوە کە سەرتاپای جیهانی عەرەبی و ئیسلامی تەنیووە.

بیرم دێ ساڵی پار لە بێروت و لە ڕۆژێکی ئاوادا و لە سەروبەندی گرتنی کۆنگرەی (تازەکردنەوەی فیکری عەرەبی) پێم ووت: تکایە ڕەخنە زۆر لە عەلمانیەتی ئەوێ مەگرە و لەبیرت نەچێ تۆ لە بێروتی، واتە لە وڵاتێکی کە لە وڵاتانی دیکە زیاتر بە دەست ململانێی مەزهەب و ئاینەکانەوە ناڵاندویەتی. پاشان بەجۆرێك لە توڕەبون و هەڵچونەوە(بە تەلەفۆن) پێم وت: لە فەرەنسا بەهۆی فەندەمینیتالێزمی توندەڕوی تەسکبینەوە چەندین شەڕی ناوخۆ بەرپابوو، هەروەها خوێنێکی زۆریش ڕژا، لێرەوە کێشەکەیان لادان یاخود پەڕگیری نییە کە بەسەر عەلمانیەتی فەرەنسیادا هاتووە، بەڵکو کێشەکەیان تەواو پێچەوانەیە. هەربۆیە ئاگات لە خۆت بێ لە ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری یاخود بەشێوەیەکی گشتی لە مۆدێرنە، هەر شوێنە و قسەوباسی خۆی هەیە. تۆ دەتوانی لە پاریس یاخود لە لەندەن یان لە بەرلین ئەوە بکەی. چونکە لەو شوێنانە ڕەخنەگرتن نابێتە هۆی ڕوخاندنی عەقڵانیەت، بەڵام لێرە وانییە...دوای ئەوەی ڕێگەیدام هەموو توڕەبونی خۆم خاڵی بکەمەوە، پێی وتم: ڕاستە، راستە، بەڵام کاتێ من ڕەخنە لە لادانەکانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە دەگرم، ئەوا لەیەککاتدا بیرم لە بەرژەوەندی گەلانی ئەوروپی و ئیسلامی پێکەوە کردۆتەوە، گەرچی بڕوای تەواوم بەوەیە کە پێداویستیە فکریەکان لێرە و لەوێ جیاوازن. ئەم وەڵامەی "ئارکۆن" قەناعەتی زۆر پێنەکردم.



ئەی ئێستا چی ڕویداوە؟ ئایا "ئارکۆن" لەم کتێبەی دوایدا هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە؟ ئایاپاشگەز بووەتەوە لێی؟ واهەستدەکەم بەڵێ، ڕاستە ئەو پێشتر دەیوت پێویستە بەتوندی و بە وردبینیەکی بابەتیانەوە مەنهەجی زانستی یاخود مێژویی بەسەر کەلەپوری عەرەبی ئیسلامیدا پراکتیك بکەین. ڕاستە ئەو بە شێوەیەکی عەمەلیو لە میانەی پرۆژە درێژ و پانەکەیەوە: (ڕەخنە گرتن لە عەقڵی ئیسلامی) ئەو مەنهەجەی پراکتیك کرد. ڕاستە ئەو دانی بەوەدا نا کە ڕۆشنگەری و چینی بۆرجوازی ڕۆڵیان هەبووە لە گۆڕانی بارودۆخی ئەوروپا و، ڕۆڵیان هەبووە لە گواستنەوەی ئەوروپا لە قۆناخی فەندەمینیتالێزمی دەرەبەگانەی مەسیحی بۆ قۆناغی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە: واتە قۆناغی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبوون، قۆناغی دیموکراسی.

بەڵام "ئارکۆن" لەوانەدا زۆر بە خێرایی باسی لە ڕۆشنگەری دەکرد و لە ڕاوەستان لەسەری خۆی بەدوور دەگرت. یاخود بڵێ کاتی لەسەری ڕادەوەستا، ئەوە بۆ ئەوە بوو ئاگادارمان بکاتەوە لە سلبیاتەکانی، بێگومان بێ ئەوەی ئیجابیەتەکانی ڕەتبکاتەوە. کەچی ئێستا لەم کتێبەیدا، بە ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێ کە پێویستە گەلانی عەرەبی و ئیسلامی بە قۆناغی ڕۆشنگەریدا تێپەڕن، وەك چۆن لەسەرەتای سەدەی هەژدە گەلانی ئەوروپا پیایدا تێپەڕیون.

دانی پێدا دەنێم گەشتنی "ئارکۆن" بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا بەم ئەنجامە، خۆشبەختی کردم و ئەو ماوە دەرونی و فیکرییەی کەوتبووە نێوانمان و منی لەو جیادەکردەوە، کەم کردەوە. پێشتر لانی کەم

هاوڕابووم لەگەڵی لەسەر بەکارهێنانی (قۆناغی هەڵوەشاندنەوە-المرحلە التفکیکیە) لە ئیشکردندا؛ واتە هەڵوەشاندنەوەی داخراوە کەلەپورییە چەق بەستو و ڕەقهەڵاتووەکان. ئەو لەوەدا تەواوێك سەرکەوتوبوو، بەجۆرێك کەس شانی لەشان نەدەدا. بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە خەریکی پرۆسەی ڕەخنەگرتن بوو- ئێستاش هەر خەریکە- من دەمزانی تاکو ناوەڕاستی ڕێگاکە لەگەڵی دەڕۆم. ئیدی دوای ئەوە لێك دادەبڕێین، بۆ ئەوەی ئەو ماوەیەی کە ماوە بە تەنها ببیڕم. من لە دڵی خۆمدا دەموت: ئەوەندم بەسە کە لێیم وەرگرتووە، نابێ زیاد لە پێویست چاوچنۆك بم! هێندە بەسە هەستبکەی بیرمەندێکی گەورە بە هەمان ئاراستە لەگەڵتدا دەڕوات، بگرە ڕێگاکەت پیشان دەدا و بە کارە قورس و ترسناکەکەش هەڵدەستێ، دواتر جێتدەهێڵێ تاکو بە تەنها کاروانەکە لە ڕێگایەکی کراوەی لەبارو گونجاوتردا تەواو بکەی.

ئێستا واهەستدەکەم دوای لێدانی یازدەی سێپتێمبەر، بە تایبەتی دوای لێدانی یازدەی مارس لە مەدرید، هەڵوێستە ڕەخنەیەکانی گۆڕاوە، یاخود بڵێ زیاتر ڕادیکاڵتر بوون. چیتر چاوپۆشی لە ڕەوتی تەقلیدی ناکات و زیاد لە پێویستیش موجامەلەیان ناکات. وەك ئەوەی پێشتر ئەیکرد. ئەو تەقینەوە مێژوییە کارەسات ئامێزە، ناچاریکرد هەست بە قەبارەی ئەو نەخۆشیە کوشندە و درێخایەنە بکات کە لە هەناوی کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامیدا ڕەگی داکوتاوە و گەشتووەتە دوا ترۆپکی. لەبەر ئەوە لەم کتێبە تازەیەیدا دەڵێ: مەسیحیەتی ئەوروپی، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بەرەنگاربونەوەیەکی سەرسەختی نواند،



ناچار کرا دەستکەوتە زانستی و فەلسەفیەکانی مۆدێرنە وەربگرێ و ڕازیبێت پێی. بەڵام ئەم حاڵەتە نە لە ئیسلام و نە لە جولەکە و نە لە مەسیحیەتی ئەرسەدۆکسی خۆرهەڵاتدا ڕوینەداوە. کۆمەڵگاکانی ئەمانە هەمان ئەو ڕاچەنینە زانستی و فەلسەفیەی بەخۆوە نەبینیوە کە کۆمەڵگای ئەوروپای خۆرئاوا لە سەرەتای سەدەی شازدەدا بەخۆیانەوە بینییان.

لەبەر ئەم هۆیەیە هێزی داخراو و دۆگماتیزمی کەلەپوری تیۆلۆژی لای ئێمە، زۆر لەوە زیاتر و بەهێزترە کە لە کۆمەڵگا ئەوروپییە ئازاد و پێشکەوتوەکاندا هەیە. هەر ئەمەشە تەفسیری ئەو بڵاوبونەوە فراوان و گەورەیەی بزوتنەوە فەندەمینیتالیزمەکان دەکات کە بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرا دژایەتی مەیلە هیومانستیەکان دەکەن. گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەوە، ئەوەیە کە "ئەنوەر ئەلجوندی" هێرشێکی بروسکە ئاسا دەکاتە سەر "تەها حسێن" ڕابەری مەیلی هیومانستی مۆدێرن لە فیکر و ئەدەبیاتی عەرەبیدا، بەبێ ئەوەی کەسێ بجوڵێی و بەرگری لێبکات. بڕوانە کتێبەکەی (تەها حسێن لە تەرازوی ئیسلامدا). وەك چۆن کۆنەپارێز و تەقلید پەرستەکان لە ڕابردودا فیکری فەلسەفی عەقڵانیان لەناوبرد: واتە فیکری "ئیبن ڕوشد" و "ئیبن سینا" و "ئیبن خەلدون"، ئەوا کۆنەپارێزەکانی ئەمڕۆش دەیانەوێ فیکری ڕۆشنگەری و مەنهەجی عەقڵانی لە جیهانی عەرەبیدا لەناوبەرن.

لێرەوە شەڕەکە، شەڕێکی کۆنی تازەیە و، قەیرانەکە ڕەگێکی قووڵی لە مێژووی عەرەبی-ئیسلامیدا هەیە. وەك چۆن "ئیبن قوتەیبە" لە

سەردەمی خۆیدا هێرشی دەکردە سەر (زانستە هێنراوەکان) واتە (فەلسەفەی یۆنانی) ئەوا فەندەمینیتالێزمی ئەمڕۆ هێرش دەکەنە سەر (فیکری خۆرئاوا). پێویستە لەسەر ئەم ئاستە قوڵە گرفتەکە دەستنیشان بکەین، تاکو لە حەقیقەتەکەی تێبگەین. لێرەوە لێکدانەوە ڕوکەش و خێراکانی ڕاپۆرتی گەشەسەندنی مرۆیی لە جیهانی عەرەبیدا بەس نییە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم بارودۆخە ترسناکە. چونکە نەخۆشییەکە زۆر لەوە قوڵتر و ڕەگ داکوتاوترە وەك لەوەی هەستی پێدەکەین.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط، ٢٠٠٥/٤/١٤

## یەکێتی ئەوروپا....هەڵەی زیرەکەکان



پێش چەند هەفتەیەك لەمەوبەر كەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەكرد، دەستوری ئەوروپا یەكەمجار لەلایەن فەرەنسیەكانەوە و دووەمجار لەلایەن هۆڵەندیەكانەوە، توشی ئەم چارەنوسە خراپە ببێت. كەس گرەوی لەسەر ئەوە نەدەكرد ئەم دەستورە لەلایەن دوو وڵاتی دامەزرێنەری یەكێتی ئەوروپاوە ڕەتدەكرێتەوە. بگرە بە پێچەوانەوە، هەموان دەیانگوت دەنگدان لەسەر دەستوری ئەوروپی تەحسیل حاسڵە. گەر وا نەبوایە "جاك شیراك" سەركێشی نەدەكرد و نەیدەخستە بەردەست گەلی فەرەنسی تاكو ڕاپرسی لەسەربكەن. "شیراك" دەیتوانی بیخاتە بەردەست پەرلەمانی فەرەنسی كە بەشی زۆری ئەندامەكانی سەر بە "شیراك"ن و مەسەلەكە لە یەك دانیشتندا كۆتایی پێدەهات.

لە چەند ڕۆژی ڕابردودا، بگرە لە چەند سەعاتی ڕابردودا، شیكردنەوەی ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیرانی ئەوروپی بۆ ئەم ڕەتكردنەوە جەماوەرییە سەیر و لەناكاوەم خوێندەوە. هەستمكرد هەمویان بەداخەوەن بۆ چارەنوسی ئەوروپا كە بە هەنگاوی تۆكمە و پتەو بەرەو یەكگرتن و نزیكبونەوەی گەلانی ئەوروپا لەیەكتر لەسەر هەموو ئاستەكان، ئابوری، سیاسی، ڕۆشنبیری، تەنانەت دارایش، دەڕۆشت.

ئێمە ئەوانەیساڵانێكی زۆرە لە ئەوروپا نیشتەجێین، یەكەمجار سەیرمان لێهات مرۆڤ تەنها بە ناسنامەكەی دەتوانێ لە نێوان بیست و پێنج دەوڵەتی جیاواز لە زمان و دابونەریت، هاتوچۆ بكات. زیاتریش سەرسام بوین كاتێ كە بینیمان لە فەرەنساوە سەفەر دەكەین بۆ ئەڵمانیا یان هۆڵەندە یاخود ئیتاڵیا...هتد، پێویستناكات پارە

بگۆڕینەوە. چونکە پارەکەش بووەتە پارەیەکی یەکگرتوو، بگرە لە ڕوی هێز و مەزنیەوە مونافەسەی دۆلار دەکات.

تۆ بڵێی ئەم هەموو خەونە جوانانە نەمێنن و وەك ئەوەی هەورێکی هاوینە بێت هات و بەخێرایی ڕەوییەوە؟. تۆ بڵێی ئەم خەونانە لەسەر خۆپەرستی نەتەوایەتی ئەو میللەتانە تێکبشکێت؟ کەمن ئەوانەی لەو بڕوایەدان، چونکە گەلانی ئەوروپی لە ماوەی شەست ساڵدا بە بەردەوام چێژیان لە تامی ئاشتی کردووە و ناکرێ بۆ دواوە بگەڕێنەوە، ناکرێ بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی جەنگە جیهانیەکان یاخود جەنگی ئەڵمانی- فەرەنسی یان فەرنسی - ئینگلیزی ...هتد. ئەمە مەحاڵە، چونکە گەلانی ئەوروپی بەرەوە پێشکەوتن و مەدەنیەت هەنگاویان ناوە و چیتر دڕەندە و شەڕانگێز نین. لێرەوە لەو بڕوایەدا نیم یەکێتی ئەوروپی بەسەرچوبێ یاخود هەڵوەشێتەوەو هەرەس بێنێ، وەك ئەوەی هیچ شتێك نەبوبێت.

لێرەوە ئەوەی لە فەرەنساو هۆڵەندە ڕویدا تەنها تەگەرەیەکی کاتییە، کە بۆ ماوەیەك یەکگرتنی نێوان گەلانی ئەوروپا دوادەخات، بەڵام ڕایناوەستێنێت و پەکیناخات. فەیلەسوفی ئیسپانی "فیرناندۆ ساناتێر" کە مامۆستایە لە زانکۆی مەدرید، ئەویش هەمان باوەڕی هەیە. ئەو سەرنەکەوتنی ڕاپرسی فەرەنسی کە زۆر بێزاری کردووە بەم جۆرەی خوارەوە لێکدەداتەوە:

(بۆ یەکەمجارە گەلانی ئەوروپی بونەتە خاوەنی بیمەی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتی و لانی کەمی موچەیان بۆ بڕاوەتەوە، لێرەوە لە



ئەوروپادا کەس لەبەر برسیەتی یان نەخۆشی نامرێت، گەرچی کاریشی نەبێت. ئەم مافە تازانە کە گەلانی ئەوروپا بەدەستیان هێناوە، نیشانەی سەرکەوتنی شارستانیەتە بەسەر سەدەکانی هەژاری و برسیەتی و بەربەریەت. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە، ئەم گەلانە کە بونەتە خاوەنی دەستکەوتی مادی گەورە و لە (بەهەشتی پاش تازەگەریدا) دەژین، لە هەمان کاتدا بونەتە خەڵکێکی خۆپەرست و لەناو قەپێلکی خۆیاندا گرمۆڵە بوون و، لەوە دەترسێن گەلانی دراوسێیان هێرش بکەنە سەریان و بەشدار بن لەو نازونیعمەتو ژیانە بەرخۆرە خۆشەی تێدا دەژین.

لێرەوە دەنگدان دژی دەستوری ئەوروپی لە هەریەك لە فەرەنسا و هۆڵەندە، لە ڕاستیدا گوزارشت کردنە لە دژی فراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا، کە بەم دواییانە ڕویدا و (دە) دەوڵەت لە ئەوروپای ناوەڕاستو ئەوروپای خۆرهەڵات هاتنە ناویەوە. ئەو دەنگدانە گوزارشت کردنی گەلانی ئەوروپای دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانە بۆ ڕەتکردنەوەی گەلانی دیکەی ئەوروپا کە بە درێژایی پەنجا ساڵ و بە بەردەوامی لەژێر ئاگری کۆمۆنیستیدا دەیانناڵاند. هەروەها گوزارشتکردنێکی پێشوەختە بۆ ڕازینەبون بە وەرگرتنی تورکیا، بگرە تەنانەت بۆ ڕازینەبون بە وەرگرتنی بولگاریا و ڕۆمانیا کە جارێ تاکو ئێستا وەرنەگیراون، ئەم دوو وڵاتە ترسی ئەوەیان هەیە وەرگرتنەکەیان بۆ بەهەشتی ئەوروپای یەکگرتوی خۆپەرست و گرمۆڵەبوو بەسەر خۆیدا، دوابکەوێت).

بەم مانایە ئەم (نەخێر)ەی دوایی ئێمەی عەرەبیش دەگرێتەوە، ئەویش لە میانەی تورکەکانەوە یاخود لە میانەی ئەو گەلە هەژارانەی

وەك ئێمەن. ئەو (نەخێر)ە ڕەتكردنەوەی ئێمەیە و ترسێكیشە لە ئێمە، جا چ لەخۆرئاوای عەرەبی یاخود لە خۆرهەڵاتی عەرەبی هاوسنوری توركیا بین. لەبەر ئەوەیە هەستمانپێكرد و وەك ئەوەی زڵلەیەك بێت ئاراستەی ئێمە كرابێ. ئەوان دەیانەوێ هەر خۆیان خۆشی لە بەهەشتی پاش تازەگەری وەربگرن و ئەوانی دیكە فڕێدەنە دەرەوە و حسابی بەربەریان بۆ بكەن، وەك چۆن ئەسینا لەسەدە كۆنەكاندا وایدەكرد یاخود وەك چۆن هەر دەوڵەمەندێك بەرامبەر بە هەژار دەیكات. ئەوان دەیانەوێ دەوری خۆیان بە سیمی دڕكاوی بگرن، تاكو كەس نەچێتە وڵاتەكەیان كە پڕە لە ئازادی و لە كاڵای بەكاربرا و پڕە لە خۆشی ژیان.

هەموو مەسەلەكە ئەمەیە و هیچیتر، هەر ئەمەشە هۆكاری (نەخێر)ی هۆڵەندا شیدەكاتەوە، هۆڵەندە ئەو وڵاتەیە بە گوێرەی پێوانەی ژمارەی دانیشتوانی، ساڵانە زۆرترین پارە دەدات بە ئەوروپای یەكگرتو. هۆڵەندیەكان تەواو لەو حاڵەتە بێزاربون یاخود لەو بەخشینە حاتەمییە ناڕازین كە حكومەتەكەیان پێشكەشی گەلانی دیكەی دەكات. هۆڵەندیەكان چیتر نایانەوێت نرخی پێشكەوتنی گەلانی ئەوروپا بدەن كە دەیانەوێ لەسەر شانی ئەوان هەستنەوە، بۆ نمونە وەك گەلانی سلۆڤینیا یان پۆڵۆنی یاخود هەنگاری یان قوبرسی...هتد. هەروەها هەڵوێستی فەرەنسییەكانیش هەروایە، گەرچی فەرەنسیەكان وەك ئەوانی دیكە بەشداری زۆر ناكەن لە میزانیەی ئەوروپی.

گەر گەلێ هەبێ حەقی بێت یەكێتی ئەوروپا ڕەتكاتەوە، چونكە زۆر دەكەوێت لەسەری، ئەوا گەلی ئەڵمانیایە. ئەوە ئەڵمانیایە ساڵانە دەیان



ملیار یۆرۆ دەخاتە شادەماری ئەوروپا و گەر ئەو نەبوایە یەكێتی ئەوروپا نەیدەتوانی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت. بەڵام ئەو قسەیەش ڕاستە گەر فەرەنسییەكان نەبونایە، ئیسپانیا و پورتوگال نەیاندەتوانی بەم ئاسانییە بێنە ناو یەكێتی ئەوروپاوە و، ئەو هەموو ئاسانكاریی و پارە زۆرانەیان وەرنەدەگرت كە لە چنگی "فرانكۆ" و "سالازار" و فەندەمینیتاڵیزمی مەسیحی و پاشكەوتنی دەرەبەگایەتیو دادگاكانی پشكنین، دەریهێنان.

لێرەوە فەرەنسا چاكەیەكی گەورەی بەسەر ئیسپانیاوە هەیە كە دواجار "ساباتێرۆ"ی سەرەك وەزیرانی ئیسپانیا بە ڕاشكاوی دانی بەو چاكەیەدا نا. فەرەنسا ئەو جێگایە بوو كە تێكۆشەرانی ئیسپان بە درێژایی دەسەڵاتی فرانكۆی زاڵم پەنایان بۆ دەبرد، لە نێویاندا كەسایەتی بەناوبانگ هەبوو، لەوانە "بابلۆ نیرۆدا". هەمویان لە فەرەنسادا ژیاون و بیروباوەڕی ڕۆشنگەری و دروشمی شۆڕشگێڕانەیان لێوەرگرتووە و خەونیان بەوەوە بینیوە ئیسپانیا بكەنە مێرگێكی دیموكراتی وەك فەرەنسا. توانیشیان تەنها لەماوەی نیو سەدەدا ئەوە بەدەستبێنن.

بۆ نمونە كاتێ ساڵی ١٩٧٥ "فرانكۆ" مرد، ئیسپانیا و میسر لە بواری پێشكەوتن یاخود ڕاستر دواكەوتن لەیەك ئاستدا بوون. بەڵام كێ دەتوانێ ئێستا بەراورد لە نێوانیاندا بكات؟ لێرەوە گەر ئەو ملیاراتە نەبوایە كە ئەوروپای یەكگرتو بەخشییە شادەماری ئابوری ئیسپانیا، ئیسپانیا نەیدەتوانی بەم خێراییە هەستێتەوە و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت. لەبەر ئەوەیە ئیسپانیەكان وایدەبینن ئەو (نەخێر)ەی

**فەرەنسا هەروەها زللەیەکی بە ئازارە بۆ ئەوانیش. بەڵام زللەیەك کاریگەریەکەی بەسەرچووە.**

**سەرچاوە**

**ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٥/٦/٥**

# جیهانی عەرەبی...ئایا بەبێ فەندەمینیتاڵیزم ڕێگایەک هەیە بۆ دیموکراسی؟



جیهانی عەرەبی لە ڕوکاردا وادێتە بەرچاو وەك ئەوەی لەبەردەم هاوکێشەیەکی مەحاڵدا بێت،. ئەو لەلایەك داوای لێدەکرێ بچێتە نێو سەردەمی دیموکراتی و هەڵبژاردنی ئازادەوە، لە لایەکی دیکەوە لەوە دەترسێ ئەو چونە ژورەوەیە ببێتە هۆی سەرکەوتنی ڕەوتی ئیخوانی فەندەمینیتاڵیزم کە باوەڕیان بە دیموکراتیەت نییە، تەنها وەك ئامرازێك نەبێت بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، پاشان پاوان و قۆرغکردنی ئەو دەسەڵاتە بۆخۆیان، بە گوێرەی دروشمە بەناوبانگەکە: (یەك دەنگدان و بۆ یەك جاریش!!)

ئەی کەواتە چارەسەر چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە ناوەندەکانی دەرکردنی بڕیاری شپرزە کردووە، نەك بە تەنها ناوەندی بڕیاری ئەو ڕژێمانەی پەیوەستن بەو مەسەلەیەوە، بەڵکو ناوەندەکانی بڕیاری پاریس و لەندەن و واشنتۆنیشی گرتۆتەوە.

بەم دواییانە قسەوباسی زۆر لەسەر ئەوە دەکرێ یەکێتی ئەوروپا ڕازیبووە پەیوەندی لەگەڵ باڵی میانڕەوی نێو بزوتنەوە ئوسوڵییەکاندا ببەستێ. دوای سی ساڵ لە هێرشی ئوسوڵی بۆ سەر ئێران و تورکیا و هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بۆ هەرکەسێ دووچاوی هەبێت ئاشکرابووە کە باڵی توندڕەو لەسەر شێوەی تاڵیبان و بن لادن ڕاست نییە، بگرە تەواو هەڵەیە و گەشتووەتە ڕێگایەکی داخراوی بنبەست. هیچ عاقڵێك بیر لەوەناکاتەوە لەگەڵ ئەوانەدا مامەڵەبکات، چونکە ئەوانە تەکفیری زۆربەی زۆری مرۆڤایەتی دەکەن، هەروەها تێگەشتنێکی ترسێنەر و تاوانبارانەیان بۆ ئاین هەیە. ئەمەش هەمان

تێگەشتنە کە لە ئەوروپا و لە سەردەمی ڕەشی دادگاکانی پشکنییندا بۆ ئاین باو بووە.

لەبەر ئەم هۆیەیە عاقڵەکانی نێو بزوتنەوەی فەندەمینیتاڵیزم لەو ڕەوتە نەزۆکە دورکەوتونەتەوە کە ناوبانگی عەرەب و موسڵمانانی لە سەرتاپای گۆی زەوی لەکەدار کردووە. بەڵام خۆرئاوا، چ ئەوروپا یاخود ئەمریکا، باوەڕ بەو ڕەوتە میانڕەوەی فەندەمینیتاڵیزم ناکات گەر بە ئاشکراو بە ڕونی و بەدەنگێکی بەرز ئیدانەی ئەو کارە تیرۆرستیانە نەکەن. ئاسانە تۆ بڵێی من میانڕەوم یاخود مامناوەندیم، پاشان چاوپۆشی یاخود بە نهێنی هاوسۆزی خۆت لەگەڵ دەستە و تاقمە بکوژەکان و تاوانباراندا دەربڕی. لێرەوە میانڕەوی نرخی خۆی هەیە، ئەویش بریتیە لە: باوەڕهێنان بە دەستکەوتەکانی مۆدێرنە کەدیموکراتیەت یەکێکە لە بەرهەمەکانی یاخود بەشێکی دانەبڕاوە لێی. یەکەمین دەستکەوتی مۆدێرنەش جیاوازی نەکردنە لە نێوان هاوڵاتیاندا لەسەر بنچینەی ڕەگەز یاخود ڕەنگ یان تایفە یاخود مەزهەب.

ئاخۆ بزوتنەوە ئوسوڵییە (میانڕەوەکان) دەتوانن بەوە ڕازیببن؟ لە ڕوکاردا پێت دەڵێن بەڵێ، بگرە پاساویشی بۆ دەهێننەوە، بەڵام ئەوەی کردەوەکانی پێشوتریان و لێدوانە ئاگراویەکانیان و کتێب و بڵاوکراوەکانیانی ناسیبێ، هیچی بۆ ناکرێ تەنها گومانکردن نەبێ لە ڕاستی قسەکانیان، یاخود لانی کەم لە ڕاستی قسەی هەندێکیان.چونکە ئەو قسانەیان پڕە لە ژەهری تایفەگەری و تەکفیرکردنی توێژێکی



فراوانی میللەت و دنەدان بۆ کوشتن و سەربڕین لەسەر شوناس. کەچی پێمان دەڵێن گوایە ئەوان گۆڕاون و پێشکەوتون، ئەمە گەر ڕاستبێت شتێکی جوانە، بەڵام من بەڵگەی سەلمێندراوم لەسەر ئەو گۆڕانو پێشکەوتنە دەوێ.

من کە ئەمە دەڵێم، تەنها بیر لەوەناکەمەوە کە برایانی موسڵمانی (ئیخوان موسلمین) سوریا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا چییان کرد؟ یاخود لە هەمان کاتدا یان کەمەکێك دواتر چییان بە میسر و جەزائیر کرد، بگرە بیر لەوانەش دەکەمەوە کە لە سەرتاپای جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕویداوە، بیر لە هەموو ئەو تەقینەوە و تیرۆر و کوشتارگا بە کۆمەڵانەش دەکەمەوە کە لێرەو لەوێ ڕویانداوە.

لێرەوە ئەو پرسیارەی ڕوبەڕوی (میانڕەوەکان) دەکرێتەوە ئەمەی خوارەوەیە: ئایا ئەوان ڕازیدەبن پرۆگرامەکانی خوێندنی ئاین بگۆڕدرێت تاکو لە فقهی تەکفیرەوە بگوێزینەوە بۆ فقهی بیرکردنەوە. یاخود لە فقهی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بگوێزینەوە بۆ فقهی سەدەکانی مۆدێرنە؟ ئایا دەتوانن عەقڵییان فراوان بکەن و دەستبەرداری دۆگماکانیان ببن و تێبگەن کە پێشکەوتن شتێکە دەکرێ جێبەجێ بکرێ، بگرە پێویستە جێبەجێ بکرێ، تەنانەت لە کاروباری ئاینیشدا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە ڕوبەڕوی بزوتنەوە ئوسوڵییە هاوچەرخەکان دەبێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە دەستبەرداری فقهی تایفەگەری تاریکبین ببن کە تاکو ئێستا و سەدان ساڵە بەردەوامە، واتە لە سەدەکانی دواکەوتنەوە تاکو ئەمڕۆ، لە شوێنی تێگەشتنێکی دیکە بۆ ئاین تەبەنی بکەن.

لەسەر ئەم پێوەرە دەبێ جیاوازی لە نێوان میانڕە و توندڕەودا بکرێت. لە نێوان ڕەوتی عەقلانی و هیومانستی لەنێو بزوتنەوە ئیسلامیەکاندا لەگەڵ ڕەوتی دەمارگیر یاخود ئەوانەی خۆیان بە دەستەواژەی سەدەکانی ناوەڕاستی تایفەگەری و مەزهەبیەوە گرتووە، ئەو دەستەواژانەی بە شێوەیەکی ڕون و ئاشکرا دژ بە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی بوونە.

هەر ئەمەش بوو ڕەوتی لیبرالی نێو مەسیحیەتی ئەوروپی جێبەجێی کرد، کاتێ وازی لە زۆربەی دەستەواژەکانی کڵێسای کاتۆلیکی پاپەوی ڕۆمانی هێنا کە تێدا پەیڕەوکەرانی مەزهەبەکانی دیکەی وەك پرۆتستانتەکان بە کافر دادەنا و لە هەموو ناوچەکاندا چەندین شەڕی ناوخۆی هەڵگیرساند و درزێکی گەورەی کردە قوڵایی یەکێتی نیشتیمانی گەلانی فەرەنسی یان ئەڵمانی یاخود هۆڵەندی..هتد. ئاشکرایە کڵێسای کاتۆلیکی بانگەشەی ئەوەی دەکرد گوایە حەقیقەتی ڕەهای مەسیحیەت لای خۆیەتی. دروست وەك ئەوەی ئێستا ئیخوان موسلمین لە جیهانی عەرەبیدا بانگەشەی بۆ دەکەن، گوایە حەقیقەتی ڕەهای ئیسلام لای خۆیانە. لێرەوە هەر کەسێ بە جۆرێکی جیاوازتر لە ئیسلام بگات یاخود دژی تێگەشتنی ئەوان بێت، ئەوا بەلای ئەوانەوە حسابی کافر و گومڕای بۆ دەکرێت.

لێرەوە لەبەر ئەوەی یەکەم پرنسیپ لە دیموکراتیەتدا بریتییە لە مافی هەڵبژاردن، ئیدی من تێناگەم ئەوان چۆن دەبنە دیموکراتی. ئایا ئەم قسانە مانای بەرگریکردنە لە ڕژێمەکانی ئێستا یاخود



بەرگریکردنە لە بەردەوام بونی ئەم ڕژێمانە بۆ هەتاهەتایە؟ بێگومان نەخێر، چونکە ئەم ڕژێمانە خراپەکاریەکانیان هێجار زۆرە، ئەم قسانە مانای ئەوەیە ساتی دەربازبون جارێ دوورە و ڕێگای ئێشوئازارەکانیش هێشتا درێژە و، ڕزگاربونی گەورەش ڕونادات تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ڕۆشنگەری ئاینی سەرکەوتن بەدەست دێنێت. دروست وەك ئەوەی لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا ڕویدا، هەر لە کۆمەڵگای ئەوروپییەوە بیگرە تاکو دەگاتە ئەمریکای باکور، ئەمەش پرۆسەیەکە چەندین ساڵ دەخایەنێت. بەڵام تاکو ئەو کاتە دێت ئایا دەبێ دەست لە ئەژنۆ دانیشین؟ جارێکیتریش بێگومان نەخێر. ئالێرەدا پێویستی بونی دیالۆگی نێوان ڕەوتی عەلمانیەت و ڕەوتی میانڕەوی ئاینی گرنگە، لە پێناو دورخستنەوەی میللەت لە مەترسیەکانی شەڕی ناوخۆ و خوێن ڕشتن تاکو ئەو ئاستەی دەکرێ.

ئەو پرسیارەی بەردەوام لەخۆمم ئەکرد ئەمەی خوارەوەیە: تۆبڵێی ڕۆشنگەری ئاینی،یاخود بڵێ ڕۆشنگەری فەلسەفی بۆ ئاین بێتەدی، بەبێ جەنگی شکاندنی ئێسقانی یەکتر؟

بە مانایەکی تر: ئایا دەکرێ خۆمان لە جەنگە ناوخۆییەکان یان ململانێ خوێناوییەکان بەدوربگرین و بەسەلامەتی بگەینە کەناری ئارم، بێ ئەوەی نرخەکەی بدەین؟ بێگومان هەمومان خوازیاری ئەوەین، چونکە جەنگە ناوخۆییەکان خراپترین جۆری جەنگە و بۆ مرۆڤ لە هەمویان کوشندەترە و لە هەمویان زیاتر کۆمەڵگا مرۆییەکان لێکهەڵدەوەشێنێتەوە. بەڵام ئەوەی چاودێری ڕەوتی مێژو بکات یاخود

پەندو ئامۆژگارییەکانی هەڵهێنجێنێ، تێدەگات کە مرۆڤ ناتوانێت فێرببێت وەك دەڵێن تەنها لە (ئەزمونی) خۆیەوە نەبێت. مەبەستم لەمەش ئەوەیە هەر هەنگاوێ کە میللەت بۆ پێشەوە دەینێ نرخەکەی بە خوێن و فرمێسك دەدات. بەڵام کاتێ ئەو نرخە دەدات ئیدی ئەو هەنگاوە دەبێتە شتێکی جێگیر و پەشیمان نابێتەوە لێی. گەلی فەرەنسا ناتوانن لە ئازادی ڕۆژنامەگەری یان لە فرەیی سیاسی و ئاینی، یاخود لە جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت پەشیمان ببنەوە، چونکە بە درێژایی سێ سەدەی ڕابردوو نرخێکی زۆری ئەوەیان داوە. دەگرێ هەمان شت سەبارەت بە گەلی ئینگلیزی و گەلی ئەڵمانی و سەرجەم گەلانی ئەوروپای پێشکەوتوخواز بڵێن.

لێرەوە چارەسەرێکی هەنوکەیی و چارەسەرێکی درێژخایەن هەیە، چارەسەرە هەنوکەییەکە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کە هەموو ئەوانەی نییەتیان پاکە هێزی خۆیان کۆکەنەوە لە پێناو گەیشتن بە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی مەعقول، کە وڵات لە ئاگری شەڕی ناوخۆ بپارێزێت، بەبێ ئەوەی کێشەکە لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەر بکات. بەڵام چارەسەری درێژخایەن ئەوەیە دوای سی یاخود چل ساڵی دیکە فکرێکی تر دێت و سەردەکەوێت کە لەمڕۆدا هێشتا ڕۆشنایی نەبینیوە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٥/٦/١٢

## تۆبلێی ئەزمونی یەکێتی ئەوروپا... بۆ عەرەب سەرکەوتوبێت ؟



دوێنێ کاتێ تەلەفزیۆنەکەم لەسەر کەناڵی ئاسمانی (ئەلعەرەبییە) کردەوە، زۆرجار ئەم کەناڵە دەکەمەوە، ئەم پرسیارە بۆ من کتوپڕ بوو هەروەها کتوپڕیش نەبوو، لەڕاستیدا هەمومان بە جۆرێك لە سەرسوڕمانەوە دەپرسین: بۆچی ئەوروپای فرە نەتەوە و فرە ڕەگەز و فرە زمان یەکدەگرێ، کەچی عەرەب ئەوانەیان کە بەیەك زمان قسەدەکەن یەکناگرن؟

ئاشکرایە مەسەلەی زمان وەك بەربەستێك لەبەردەم یەکێتی ئەوروپا خرایەڕوو. فەرەنسییەك نەیدەویست قوربانی بدات بە زمانەکەی، هەروەها ئەڵمانییەك و ئیسپانیەکییش. بەڵام زمانی ئینگلیزی لە کۆڕ و کۆبونەوەکانی یەکێتی ئەوروپادا خۆی سەپاند، چونکە زۆربەی زۆریان دەزانن قسەی پێبکەن، بگرە زمانی ئینگلیزی لە زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا بە زمانی دووەم دادەنرێ، هەوەرها لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیش. ئەمەش فەرەنسیەکانی هێجگار ئازاردا، چونکە ئەوان زۆر هۆگری زمانەکەی خۆیانن و لە مێژیشە لەسەر مەزنی و باڵادەستی گەردونیانەی خۆیان مونافەسەی ئەنگلۆسەکسۆنی دەکەن. بەڵام دواجار گەرچی پێشیان ناخۆش بوو، ملکەچی ئەمری واقع بوون، بۆ قەرەبودانەوەی ئەوە بانگەوازی ئەوەیان کرد کە زمانی هەر وڵاتێ لە وڵاتەکانی دیکەدا بخوێندرێت. هاوکات جیاوازی زمان کە مەترسیەکی گەورەیە، بە درێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو نەبووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی یەکێتی ئەوروپا هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە نەهاوێ.

بە بۆچونی من هۆکەشی بۆ ئەو گەشەکردنە ژیارییە دەگەڕێتەوە کە گەلانی ئەوروپا بەدەستیان هێناوە. لێرەوە زەحمەتە بەراورد لە نێوان گەلانی ئەورووپی و گەلانی ئێمەدا بکرێ کە زیاتر کەوتونەتە شوێن دروشمی سوزئامێز تاکو دروشم و دەستەواژەی عەقڵانی. ئەمە مانای بە کەم تەماشاکردنی هەست و سۆزی گەلانی خۆمان نییە، چونکە ئەو هەست و سۆزە بە نرخە، بەڵام وەك ئەوەی یەکێك لە زاناکانی سۆسیۆلۆژیا دەڵێ: (تەنها بە نییەت پاکی موعجیزە دروست ناکرێ!)

لە واقیعدا بەراوردکردن لە نێوان ئەوروپا و جیهانی عەرەبی لە بنچینەدا شتێکی هەڵەیە و بۆ ئێمە ناحەقییەکی زۆری تێدایە، بگرە ورەمان دەڕوخێنێ. ئێمە جارێ لە سەرەتای دەستپێکردنی شارستانیەتداین، کەچی ئەوان خەریکە دەگەنە کۆتاییەکەی. ئێمە جارێ نەچووینەتە ناو مێژووەوە، ئەوان عەیامێکە چونتە ناویەوە ودەوڵەتی یاسا و دامودەزگا مۆدێرنە جێگیرەکانیان دامەزراندووە. لێرەوە ئەوان سەر بە کۆمەڵگا بە هێز و دەوڵەمەندەکانن، ئەو کۆمەڵگایانەی بڕوای تەواویان بەخۆیان هەیە و دەزانن چییان دەوێ و ناکرێ لەگەڵ یەکەم شۆکدا بلەقێن یاخود هەرەسبێنن. بەڵام ئێمە سەر بە کۆمەڵگا ترسنۆك، فشۆڵەکانین، کۆمەڵگایە وەك ئەوەی چارەنوسی لە قوڕگی شێردابێت.

ئەوان کێشەکانی ناوخۆیان چارەسەرکرد و حساباتە مێژووییەکانیان خۆبەخۆ لە نێوان خۆیاندا چارەسەرکرد، ئیدی کێشەی ڕەگەز یاخود



تیرەگەری یان تایفەگەرییان نەماوە، وەك ئەوەی لای ئێمە هەیە. لای ئەوان ئەو شتانە بونەتە پاشماوەکانی ڕابردوو، بەڵام ئێمە هێشتا کوێرانە تێیدا دێین و دەچین، بگرە ئێمە ئێستا لە ناوجەرگەی گێژاوەکەداین و، پێش ئەوەی حساباتە مێژووییەکانمان لەگەڵ خۆماندا تاکو دوا ئاست یەکلانەکەینەوە، پێناچێت بتوانین لەو گێژاوە بێینەدەرێ.

لێرەوە هەرگیز شیاو نییە بەراوردی نێوان کۆمەڵگا عەرەبییەکانو کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بکرێ. دەترسم وەڵام دانەوەم بۆ ڕاپرسییەکەی کەناڵی (ئەلعەرەبییە) خەڵکێکی زۆر بێهیوا و بێزار بکات، بەڵام من ئەو شتە دەڵێم کە پێموایە ڕاستە یاخود حەقە، بگرە مەسەلەکان زیاتر دەوروژێنم و دەڵێم ڕەنگە کۆمەڵگاکانمان لەم چەند ساڵەی داهاتودا بزوتنەوەیەکی لێکهەڵوەشاندنەوە بەخۆیەوە ببینێ تا بزوتنەوەیەکی یەکگرتویی، تەواو پێچەوانەی ئەوەی ئەوروپا. بۆچی؟ چونکە جیاوازی ڕەگەز یاخود تایفەگەری تا ئێستا زۆر بەهێزە و هیچ کەسێ تاکو ئێستا نەیتوانیوە خۆی لێدەرباز بکات. بگرە کەس ناوێرێ بە ڕون و ئاشکرایی قسەوباسیان لەسەر بکات، لەترسی ئەوەی نەبادا ناوناتۆرەی تایفەگەری بخەنەشوێن! تەماشا دواکەوتویمان گەیاندوینیەتە چ ئاستێ.

گەر یەکێ هەوڵبدا دەستنیشانی نەخۆشییە کوشندەکە بکات کەجەستەی کۆمەڵگای لەناوەوە هەڵکۆڵیوە، تۆمەتباری دەکەن بەوەی ئەو هۆکاری ئاڵۆزکاندنی نەخۆشییەکەیە یاخود ئەو هۆکاری تەنانەت خۆلقاندنی نەخۆشییەکەیە! ئەمەش یەکێکە لە شتە

سەيروسەمەرەكان. ئەمە دروست پێچەوانەی بەرنامەڕێژی ئەوروپییە: واتە بەرنامەڕێژی زانستی كە ڕوبەڕو بەرەنگاری كێشەكان دەبێتەوە و لە ئاستیاندا چاو نانوقێنێ یاخود بازنادات بەسەریاندا، وەك ئەوەی ئایدۆلۆژیستە عەرەبەكان ساڵانێكی زۆە دەیكەن. ئەو ئایدۆلۆژیستانە واقع وەك خۆی چۆنە نابینن، بەڵكو قەسەوباس لە واقیعێكی وەهمی/خەیاڵی دەكەن كە تەنها لە خەیاڵدانی خۆیاندا بونی هەیە. لەبەر ئەم هۆیەیە ئێمە لە دۆڕاندنێكەوە دەگوێزینەوە بۆ دۆڕاندنێكی دیكە و لە شكستێكەوە دەچین بۆ شكستێكی تر.

دەبێ بزانین یەكێتی ئەوروپا لەسەر بەهاكانی سەردەمی ڕێنیسانس و سەردەمی ڕۆشنگەری دروستبووە، واتە بەهاكانی مەیلی مرۆڤدۆستانەی گەردونی كە لەلایەن تێكڕای گەلانی ئەوروپییەوە بێ هەڵاوێردی پەسەندكراوە. بەڵام ئێمە لەسەر چ بەهایەك كۆببینەوە؟ ئایا لەسەر بنەمای بەهاكانی ئیسلام یاخود مەسیحی؟عەرەبی یان كوردی یاخود بەربەری؟سونی یان شیعی كۆببینەوە؟ دواتر نابێت تایبەتمەندی هەرێمەكانی نێوجیهانی عەرەبی لەبیربكەین، وەك تایبەتمەندی مەغریبییەكان و تایبەتمەندی مەشریقییەكان، یاخود تایبەتمەندی خەلیجییەكان و تایبەتمەندی شامییەكان و میسرییەكان، تەنانەت لەسەر ئاستی زمانیش كۆمەڵێ زمان و شێوە قسەكردنی جیاواز جیاواز هەیە كە ناكرێ بە هەند وەرنەگیرێن و حسابیان بۆ نەكرێت.

ڕەنگە یەكێك بڵێ: هەموو ئەمانە سەروەت و سامان و دەوڵەمەندییە بۆ جیهانی عەرەبی، من بە تەواوی لەگەڵێدام. بەڵام گرفتەكە ئەوەیە لە



نێو ئەم پانتاییە گەورە و فراوانەدا كە پێدەوترێ جیهانی عەرەبی، دەبێ هەندێ فاكتەری هاوبەش بدۆزینەوە تاكو بتوانین لەدەورەی كۆببینەوە، یاخود لەسەر بنەمای ئەو فاكتەرانە یەكبگرین، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندییە لۆكاڵییەكان یاخود هەرێمایەتیەكان لەدەست بدەین. ئەم فاكتەرە هاوبەشانەش نایەتەدی تەنها بە ڕێزگرتنی كەرامەتی مرۆڤانەی هەموو هاوڵاتییەك نەبێ، بێگوێدانە ئینتیمای ڕەگەز یاخود ئاین. بە مانایەكی تر، پرۆژەی یەكێتی عەرەبی ئەگەر لەسەر مەیلی فاشیانەی نەتەوەپەرستی دروست ببێت، ئەوا چارەنوسی شكستهێنانێكی خێرایە وەك ئەوەی لەم دوایانەدا ڕویدا. بۆچی؟ چونكە ئەو كوردەی كە لە خۆرهەڵاتە ڕەتیدەكاتەوە و حەقی خۆشیەتی، هەروەها ئەمازیغی لە مەغریب یاخود لە جەزائێر ئەوانیش ڕەتیدەكەنەوە. گەر لەسەر بەهای فەندەمینیتاڵیزمی ئاینی دەمارگیر و لەسەر شێوەی بن لادن یان زەواهیری یاخود زەرقاوی دروست ببێت، ئەوا نەك بە تەنها مەسیحیە عەرەبەكان ڕەتیدەكەنەوە، بەڵكو سەرجەم دەستەو تاقمە شیعیەكان و ئەبازیەكان ڕەتیدەكەنەوە، بگرە توێژە ڕۆشنبیرەكانی كۆمەڵی سونەی شارستانیش ڕەتیدەكەنەوە. لێرەوە ناكرێ ئێمە لەسەر هەڵە یان لەسەر شتێكی باتڵ یاخود زۆرداری یان دەمارگیرییەكی كوێرانە یاخود شۆفێنیەكی ڕەگەزپەرستانە یەكبگرین. ئەمانە كۆمەڵە بەهایەكی نێگەتیڤن و تاكو ئێستا لە جیهانی عەرەبیدا بەها بەهێزەكانن، ئەو بەهایانەن سوپایەكی ملیۆنی لە جەماوەر سازوئامادەدەكات. تەماشاكە كاتێ سەدام كوێتی گرت و پیاوبونی خۆی

یاخود فحولەتی عەرەبی سەلماند، ئەوانە چۆن هەموویان هەستانەوە و پشتگیریان کرد. تەماشاکە چۆن لە پشت بن لادنەوە وەستان و دەستخۆشیان لێکرد کاتێ هەردوو بورجەکەی ڕوخاند و بەیەکجار سێ هەزار کەس کوژران..دەبێ دان بەوەدا بنێین زۆربەی شەقامی عەرەبی لە پشت ئەم دوو پیاوەوە "سەدام" و "بن لادن" ڕاوەستان.

کەواتە لەبەر ئەوەی شەقامی عەرەبی لە پشت خەڵکی لەو جۆرەوە دەڕۆن یاخود خۆشحاڵن بە حەماقەت و تاوانی لەو جۆرە، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە شەقامی عەرەبی شەقامێکی تێنەگەشتووە و ناکرێ بە شەقامی ئەوروپی بەراوردبکرێ کە خاوەنی مەیلێکی مرۆڤدۆستانەو شارستانیەتێکی بەرزە. (حەماسەت) بۆ شەڕ لە خودی کردەی شەڕ ترسناکترە.

لێرەوە تکاتان لێدەکەم! یەکێتی عەرەبیمان ناوێ و ئاو بێنەو دەست بشۆ. دوایبخەن تاکو ئەو کاتەی نەك تەنها میللەت یاخود کەسی سەرشەقام پێدەگات، بەڵکو تاکو ئەو کاتەی خودی توێژە سیاسی و ڕۆشنبیرەکەش پێدەگات!

نامەوێ ناو بهێنم و ئەوە بەلامانەوە گرنگ نییە. بەڵام تەنها هێندە بەسە تەماشای بەشێکی زۆری بەرنامەی کەناڵە ئاسمانیەکان یاخود وتارە ڕۆژنامەوانیەکان بکەین، تاکو لەوە دڵنیاببین کە ڕاستڕەوی عەرەبی دەمارگیر بە هەردوو شێوازە تایفەگەری و ڕەگەزپەرستیەکەی تائێستا ئەوە گۆڕەپانەکەی کۆنترۆڵ کردووە. گومانی تێدانییە بەم دوایانە و دوای شکستی سەدام و بن لادن ئاژاوەگێڕییەکەیان کەمی



کردووە، بەڵام هێشتا هەر دێن و دەچن و بەدەنگی بەرز هاواردەکەن، گەرچی بزاوتی مێژو تێز و دروشمەکانیانی بەدرۆ خستۆتەوە.

بێگومان تیشکی ڕوناکییەکی عەقڵانی لە ئاسۆی کەناڵە ئاسمانیەکان و ڕۆژنامە عەرەبییەکانەوە سەریهەڵداوە، بەڵام تاکو ئێستا لاواز و کزە، گەرچی ئێمە لەو بڕوایەدایین ئەو تیشکە لە بەرزبونەوە و زۆربوندایە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٥/٦/١٨

# قەسابخانەکەی لەندەن و فاشیزمی فەندەمینیتاڵیزم



بە هەڵەدا دەچێت ئەوەی واتێبگات کردەوە تیرۆرستیەکانی دوێنێ، لە پایتەختی یەکەمی ڕۆشنگەری ئەوروپی و جیهانی (لەندەن)، دوا کردەوەی تیرۆرستی دەبێت، بگرە بە پێچەوانەوە، ئێمە جارێ لە سەرەتای شەڕەکەداین، شەڕێك لە نێوان شارستانیەتی مۆدێرن و فەندەمینیتاڵیزمی سەدەکانی ناوەڕاست و فاشیزمی تاریکبین لە یەککاتدا. وتم فاشیزم، چونکە گوتار و بڵاوکراوە و شێوازی ئیشکردنو زمانە بەدەکەی فاشیزمان بیرکەوتەوە، چونکە ئەو بزوتنەوە بەسەرچوانەی بیرخستینەوە کە لە سی ساڵی ڕابردودا ئەوروپا بەدەستییەوە گرفتار بوو. بەڵام دواجار و پاش هەوڵێکی زۆر شارستانیەتی لیبراڵ و دیموکرات سەرکەوتن بەسەریاندا، لە کەوتنی هێتلەرەوە بۆ ڕوخانی مۆسۆلۆنی.

بگرە لە ئێستادا توندڕەوی ئیسلامی بۆ من لە فاشیزم ترسناکترە، چونکە دەمامکی دینداری و خواپەرستی کردووەتە بەرخۆی. بۆ ئەوەی ئەم دەمامکە ترسناکەی لێداماڵین کە بوتە هۆی فریودان و هەڵخەڵەتاندنی ملیۆنان کەس، لەسەرمانە ئێمەی ڕۆشنبیرانی عەرەب، چی هێز و توانامان هەیە بە شێوەیەکی فراوان لە ماوەی ئەم سی یاخود چل ساڵەی ئایندەدا بیخەینەگەڕ. مەسەلەکە هێجگار ترسناکە، بگرە زۆر لەوە زیاتر ترسناکە کە مەزەندەی دەکەین، چونکە قوڵاییەکی مێژویی هەیە درێژ دەبێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەر: بە دروستی درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو چرکەساتەی داخڵی سەردەمی داڕمان بوین، ئیدی ئەو گفتوگۆ جوانەی لەنێوان عەقڵ و نەقڵ، ئەدەبیاتی فەلەسەفە

و ئاین هەبوو، پەکی کەوت و ڕاوەستا. بیرمەندەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتون ئەو چرکەساتە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یازدە یاخود دوازدەی زاینی کە تێیدا فەلسەفە مرد و فکرێکی تاریك دروست بوو. ئەو فیکرە تاریکەیە بن لادن و زەرقاوی ئەمڕۆ بۆ پاساوی کارە تیرۆرستیەکانیان بەکاریدەهێنن. مەبەستم لەوە ئەوەیە، ئەو دارمانە لەو چرکەساتەوە دروست بوو کە تێگەشتنێکی تەسك و شەڕانی بۆ ئاینی ئیسلام و عەقڵ و کرانەوە و لێکبوردەیی هاتەئاراوە. ئەم تێگەشتنە، ڕاستر ئەم جەهالەتەیە لەو کاتەوە تاکو ڕۆژی ئەمڕۆمان بەردەوامە و لەمڕۆدا هەیمەنەی کردووە بەسەرماندا.

هێندە بەسە تەماشای وتنەوەی وانەی ئاین بکەین لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە بۆ زانکۆ، بە تێپەڕین بە خوێندنگا ناوەندی و دواناوەندیەکاندا، تاکو ترسناکی مەسەلەکەمان بۆ دەرکەوێت. چۆنیەتی وتنەوەی وانەی ئاین لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەك، هەمان وتنەوەیە کە لە ڕێڕەو کون و قوژبنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەوترایەوە. هیچ کرانەوەیەکی فیکری لە وانەی وتنەوەی ئاین بۆ گەنجانی عەرەبی و موسڵمان بەدیناکرێت. بەڵکو دووبارە و سێبارە کردنەوەی هەمان قەوانە سواوەکەی باوباپیرانی پێش چەندین ساڵ لەمەوبەرە. بگرە کەلەپوری عەقڵانی کۆنی ئیسلام بە بیانوی ئەوەی گوایە ئەوە لە دەرەوەی ئیسلامە ڕێگەی پێنادرێت بوترێتەوە و قەدەغەدەکرێت. لە ئێستادا ڕێگەنادرێت کەلەپوری بیرمەند و فەیلەسوف و ئەدیبە گەورەکانی وەك "ئین عەرەبی" و



"تەوحیدی" و "جاحز"....هتد بوترێتەوە، ئیدی چۆن چۆنی ڕێگە دەدرێ ئەو کەلەپورە ڕۆشنگەرەی بۆ ئاین لە ئەوروپا هاتە ئاراوە، ئەوەی سەرەتا لەسەر دەستی "سپینۆزا" هاتەئاراوە و بە "هیگڵ" کۆتایی پێهات، بە تێپەڕین بە "ڤۆڵتێر" و "ڕۆسۆ" و "دیدرۆ" و "کانت" و دەیانی دیکە، بوترێتەوە. لێرەوە هەموو شتێ قەدەغەیە، جگە لەو پۆلە ئەستێرە ناسراوە، ئەوا "ئیبن ڕوشد" و "ئین سینا" و "فارابی"، خوا بمانپارێزێ لێیان. بێگومان ئەمە لە تێڕوانینی فەندەمینیتاڵیزمەکاندا.

بەڵێ ڕەگی دەمارگیری ئاینی کە لەمڕۆدا و لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامیدا دەیبینین، بگرە لەلای جالییەی ئیسلامی کە دانیشتوی خۆرئاوایە دەیبینین، دەگەڕێتەوە بۆ حەوتسەد و هەشتسەد ساڵ لەمەوبەر. هۆکاری ئەو دەمارگیرییە هۆکارێکی فیکری تیۆلۆژی عەقائیدیە، پێش ئەوەی هۆکاری ئابوری یاخود سیاسی یان کێشەی فەلەستین و شیشیان و عێراق..هتد بێت. بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو فاکتەرانە پێشگوێ بخرێن. لێرەوە ئەوانەی لە لەندەنەوە و لەسەر شاشەی هەندێ لە کەناڵە ئاسمانیەکان وەك توتی شتەکانی دوبارە دەکەنەوە و دەڵێن "تۆنی بلێر" باجی هەڵەکانی عێراق و شوێنکەوتنی بۆ بوش دەدات، ئەوانە تەنها نیوەی حەقیەقەت دەڵێن و چاو لە نیوەکەی دیکەی دەنوقێنن. نیوەکەی دیکە بریتیە لە دەمارگیری ئاینی و ڕق لێبونەوە لە شارستانیەتی مۆدێرنە و بەسوك تەماشاکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتی. ئەمە هۆکاری سەرەکی تاوانەکەی

لەندەنە. ئەو نیوەیەی کە نابینرێت بگرە سێ چارەکی ئەوەیە کە لە هیچ کۆمەڵگایەکی عەرەبی و ئیسلامی فیکرێکی ڕەخنەیی ئازاد نییە.

بەڕێزان، گرفتێکمان لە ناوخۆدا هەیە، گرفتەکە تەنها دەرەکی نییە! نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ناوەوەماندا هەیە، کەس غیرەتی نییە لەبارەیەوە بدوێ و قسەی لەسەر بکات. لێرەوە هەموو کاتێ بەرپرسیارەتیەکە دەخرێتە ئەستۆی سیاسەتی درەوەی ئەم وڵاتی زلهێز یاخود ئەو وڵاتی دیکە، تاکو چاو لەو دەردە بپۆشن کە هەشت سەدەیە لەناوەوە هەناوی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی داڕزاندووە. واتە لەو چرکەساتەوەی شارستانیەتی کلاسیکی عەرەبی - ئیسلامی هەرەسیهێنا. لێرەوە پێویست بوو لەسەر ئەوانەی (گەرماوگەرم) قسەیان لەسەر تاوانەکەی لەندەن کرد، سەرەتا ئیدانەی تاوانەکەیان بکردایە، ئەوسا بیریان لە پاساو هێنانەوە بکردایە بۆی. بەڵام ئایا ئەوەی پەرۆشی سەردەمی سەدام حسێن و بن لادن و زەرقاوی بێت، لانی کەمی مەیلی مرۆڤدۆستی و کەرامەتی فیکریان هەیە؟ هەڵەیەکی گەورەیە چاوەڕوانی شتێکی وایان لێبکەین. با لێیانگەڕێین لە هەراوزەنای خۆیاندا نوقمبن. چونکە بزاوتی مێژوی پێشکەوتوخواز کە بەرەوپێش هەنگاودەنێ لەناویان دەبات و فرێیان دەداتە زبڵدانەکانەوە.

بە دەیان و سەدان کەس لە شەقامەکانی لەندەن و لە نێو پاس و میترۆکاندا دەکوژرێن، بێ جیاوازیکردن لە نێوان سپیپێست و ڕەشپێست یاخود موسڵمان و ئەوروپی، کەچی ئەوان قسە بە تۆنی بلێر دەڵێن کە یەکێکە لە سەرکردە گەورە و پێشکەوتوخوازەکانی هەموو خۆرئاوا،



ئەمە گەر لەهەمویان گەورەتر نەبێت! ئەو قسانە لە "کێ"وە دەردەچن؟ لەو کەسانەوە دەردەچن کە بەیانیان و ئێواران سەری زمانیان و بنی زمانیان قسەکردنە لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ. ئەوانە لە خودی فەندەمینیتاڵیستەکان ترسناکترن، چونکە فەندەمینیتاڵیستەکان بە ئاشکرا ناسراون و ئەوەی دەیڵێن جێبەجێی دەکەن یاخود ئەوە جێبەجێدەکەن کە دەیڵێن. بەڵام ئەوان خەڵکانێکی درۆزن و ساختەچین، بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە پەیوەندیان لەگەڵ مۆدێرنە و ئازادیدا هەیە، بگرە بەیاننامە لە پێناو دیموکراسی دەنوسن! کەچی لە ڕاستیدا ئەوانە سەرسەخترین دوژمنی دیموکراتین، چونکە بە ئاشکرا یاخود بە نهێنی هاوسۆزن لەگەڵ فیکری توندڕە و کە ئەم هەموو دەردوبەڵایەی ئەمڕۆ دەیبینین بەرهەمهێناوە. ئەوانە بێ هیچ دوودڵییەك و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە باس لە پاڵەوانیەتیەکانی "شێخ ئوسامە بن لادن"دەکەن.

لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ئەوانە مەترسین بۆ سەر دواڕۆژی ئازادی و دیموکراتیەت و مەیلی مرۆڤدۆستانە. ئێستا ئیدی کاتی ئەوە هاتووە حەقیقەتەکان ئاشکرابکرێن و دەمامکەکان لەڕوو داماڵرێن. بەڵێ کاتی ئەوە هاتووە لەسەر گۆڕەپانی ڕۆشنبیری عەرەبی شتەکان لێکجیابکرێنەوە. پێویستە بزانین کێ لە قوڵایی دڵیەوە (تاوانەکەی لەندەن) و تاوانە هاوچەشنەکانی ئیدانە دەکات و کێش تەنها بەسەر لێو ئیدانەی دەکات و لە قوڵایی دڵیشیەوە پێیخۆشە. پێویستە بزانین کێ دژی ئوسوڵیەتی سیاسی ئێستایە کە بەرگێکی ئاینی پۆشیوە و کێش

دژی نییە. پێویستە بزانین کێ لەگەڵ ئەوەیە بچێتەپاڵ بزوتنەوەی فراوانی ڕۆشنگەری بۆ گەلانی عەرەبی و ئیسلامی و کێش ناچێتەپاڵی و دژی ئەو بزوتنەوەیەیە. کێ لەگەڵ ڕەخنەگرتنێکی مێژویی ڕادیکالانەیە بۆ بیروباوەڕەی فەندەمینیتالێزمی ڕادیکاڵ و کێش دژیەتی.

لێرەدا ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە تاکو دەستخۆشی لەو کتێبە نایابەی توێژەری تونسی "محەمەد شەریف فەرجانی" بکەم کە بەمدوایانە لەژێر ناونیشانی (سیاسەتمەدار و ئاینپەروەر لە گۆڕەپانی ئیسلامدا) لە پاریس بڵاوکراوەتەوە. ئەوە کتێبێکی بەسودە، کتێبێکە تینوێتی دەشکێنێ. من عەیامێکە چاوەڕوانی دەرچونی کتێبێکی لەوجۆرە دەکەم، گەرچی من تەنها بەم دواییانە گوێم لە ناوی دانەرەکەی بووە. سڵاو بۆ ئەو و بۆ هەموو ڕۆشنفکرانی عەرەب لە هەرکوێیەك بن.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٥/٧/٩

# کامیکاز..ژیان دژ بە کامیکازی مەرگ*



پێدەچێ لە ئێستادا پەتای فەندەمینیتاڵیزم و دەمارگیری و ئیکراه لە ئاین، لە هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا لە هەڵکشان و سەرکەوتندابێت، بگرە پەتای ئەم بەڵایە گەشتووەتە ئەو جالییە ئیسلامیانەی ماوەیەکی زۆرە نیشتەجێی ئەوروپان. گەر ئەو هەواڵە ڕاستبێت کە دەڵێت ئەو تاوانبارانەی میترۆ و پاسەکانی لەندەنیان تەقاندوتەوە کوڕی چەند خانەوادەیەکی (بێوەیی) پاکستانین، ئەوا ئەمە مانای وایە چیتر کەس بەدوور نییە لەم نەخۆشییە کوشندەیە. لەبەر ئەوە پێویستە زەنگی مەترسی لێبدەین و بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم بابەتە کە ئیتر تەحەمولناکرێ شتێك بکەین. تاقە شتێکیش پێمانبکرێ ئەوەیە تێگەشتنێکی دیکە بۆ ئیسلام گەڵاڵەبکەین جیاواز لەم تێگەشتنە باوەی ئەمڕۆ. مەبەستم تێگەشتنێکی(فیکرێکی) کراوە، لێکبوردە، عەقڵانی.

بەڵێ لێکدانەوەیەکی تازە بۆ عەقیدەی ئیسلامی دەکەوێتە ململانێیەکی توندەوە لەگەڵ لێکدانەوە کۆن و ڕەگ داکوتاو و جێگیرەکەی ئەمڕۆ کە فەندەمینیتاڵیزمەکان بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆرستیەکانیان پشتی پێدەبەستن. ئەو لێکدانەوە کۆن و جێگیرەیە پاساو دەبەخشێتە کارە قێزەونەکانیان و لەلایەنی دەرونیشەوە تەواو دەیانپارێزێ، گەر وانەبوایە ئەوا نەیاندەتوانی ئەو هەموو کوشتوبڕە کۆکوژییە دژ بە خەڵکی مەدەنی و بێتاوان ئەنجامبدەن. لێرەوە مەسەلەکە پێش ئەوەی مەسەلەیەکی سیاسی بێت مەسەلەیەکی فیکرییە. گەر لەڕووی فیکرییەوە حەسمنەکرێت ئەوا هەرگیز ڕۆژێ لە

ڕۆژان لەڕووی سیاسییەوە حەسمناکرێت. هەر ئەمەشە ڕۆشنبیرانی عەرەب یاخود زۆربەی زۆریان بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو پشتگوێیان خستووە.

لەم سەروبەندەدا چیرۆکی فەیلەسوفی فەرەنسی "ڤۆڵتێر"م بیردەکەوێتەوە کە هەموو ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ دژایەتی کردنی دەمارگیری مەسیحی و توندڕەوەکانی سەردەمی خۆی و بواری لەبەردەم ڕۆشنگەری ئەوروپی ڕەخساند. "ڤۆڵتێر" لەپێناو سەرکەوتنی ئەو ئەرکە پیرۆزە هەموو ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە، ئەرکێك چارەنوسی شارستانیەتی ئەوروپای لەسەر ڕادەوەستا. ئەی کێ لەمەدا نمونەی باڵای بوو؟ ئەوە شاری لەندەن و فەیلەسوف و زاناکانی بوون. بەڵێ، لەندەن کە ئێستا بەوپەڕی سەربەرزی و ڕوسوری و شەرەفمەندانەوە برینەکەی ساڕێژدەکات.

"ڤۆڵتێر" دوای ئەوەی لە فەرەنسای فەندەمینتیالیزم، فەرەنسای "لویسی پازدەهەم"ی ستەمگەر بۆ ماوەی چەند مانگێك لە گرتوخانەی (باستیل) بەنددەکرێت، ڕادەکات و ساڵی ١٧٢٦بۆیەکەمجار سەردانی لەندەن دەکات. ئەوکات لەندەن بە لێکبوردن و بونی ئازادیو گفتوگۆ دیموکراتیەکانی توشی سەرسوڕمان و هەژانی دەکات. بەڵێ، لەوکاتەوە لەندەنی برینداری ئێستا یەکەم تاقیگەی شارستانیەت و مۆدێرنە بووە بۆ جیهان. لەبەر ئەوەیە دەڵێن لەندەن ڕەسەنترین دیموکراتیەتە لە جیهاندا.



"ڤۆڵتێر" دوای ئەوەی لە فەلسەفەی"جۆن لۆك" و زانستی "ئیسحاق نیوتن" تێردەخوات و پاش ئەوەی سێ ساڵ لە لەندەن بەسەردەبات ، دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا. دەگەڕێتەوە و لەناخیدا تورەبونی بلیمەتێك گێنگڵ دەدات، مەبەستم تورەبونیەتی لەبارودۆخی فەرەنسا. هەربۆیە کتێبە بەناوبانگەکەی (نامە ئینگلیزیەکان) دەنوسێ کە پاشتر دەبێت بە : نامە فەلسەفییەکان.

"ڤۆڵتێر" لەو کتێبەدا بەراوردێکی ڕاشکاوانە لە نێوان بارودۆخی ئینگلتەرەی پێشکەوتو لەگەڵ وڵاتە دواکەوتووەکەی خۆیدا دەکات و جامی تورەبونی خۆی بەسەر فەرەنسا و فەرەنسییەکان ڤلێپدەکاتەوە، چونکە ڕێگەی عەقڵ و لێکبوردنی ئاینی ناگرنەبەر. ئەوکات لە فەرەنسا تەنها یەك ئاین یاخود یەك مەزهەب هەبوو، ئەویش مەزهەبی کاتۆلیکی پاپەوی ڕۆمانی بوو. جگە لەو مەزهەبە هەموو مەزهەبەکانی دیکە بە تەواوی قەدەغەبوون. ئەمە لەکاتێکدا سەرجەم مەزهەب و ئاینەکانی دیکە هەمویان پێکەوە لە ئینگلتەرە بەو پەڕی ئاشتی و تەباییەوە لەگەڵ یەك دەژیان. کەس کەسی دیکەی نەدەکوشت چونکە باوەڕی بە ئاینێکی تر هەیە جگە لە ئاینەکەی خۆی، یاخود لەسەر ئەوەی مەزهەبەکەی لە مەزهەبی خۆی ناچێت. بگرە تەنانەت عەقڵانییەکان ئەوانەی باوەڕیان بە سروت و ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیش نەبوو، بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێ ئازاریان بدات، بەسەلامەتی لە وڵاتی "شەکسپیر"دا دەژیان. لێرەوە لێکبوردنی ئینگلیز مێژویەکی کۆنی هەیە و تازە نییە.

دواتر "ڤۆڵتێر" دەڵێ: (لە فەرەنسا حوکمێکی ستەمگەری ڕەها لەئارادابوو، چینێکی دەرەبەگی خانەدانی لەخۆبایی بێکار باڵادەستبوون، لە فەرەنسا بازرگانی ببوە شتێکی قێزەونی ناپەسەند و جوتیاریش دەچەوسێنرایەوە و لەژێر بارگرانی ئەو باجەی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە بەزۆری سەپێندرابوو بە سەریدا، دەیناڵاند. کەچی لە ئینگلتەرە پەرلەمان حوکمی دەکرد، ئەمەش دوای ئەوەی لە میانەی شۆڕشە بەناوبانگەکەی ساڵی ١٦٦٦یانەوە توانیان ستەمگەری و چەوساندنەوە لەناوببەن. ئیدی بازرگانی شتێکی شایستەی پەسەندکراوبوو، جوتیاریش دەوڵەمەند بوو و شانازی بەو بارودۆخەوە دەکرد کە تێیدا دەژیا، هەروەها بڕوایەکی تەواویشی بە خۆی هەبوو.

لە فەرەنسا دەتبینی خەڵکی سەرگەرمی گفتوگۆی تیۆلۆژی نەزۆك بوون لە جۆری: ئایا ئەمە حەڵاڵە یان حەرامە، گڵاوە یاخود پاکژە، ئیماندارە یان کافرە...هتد. کەچی لە ئینگلتەرە دەتبینی گفتوگۆ فەلسەفییەکان لەسەر شێوازی "فرانسس بیکۆن" و میتۆدە ئەزمونگەرییەکەی لە زانستدا برەویان هەبوو. یاخود گفتوگۆ فەلسەفیەکان لەسەر ڕێبازی لۆژیکی هەستپێکراوی "جۆن لۆك" بەڕێوەدەچوون نەك لۆژیکێکی ئەبستراك یان میتافیزیکی. یاخود لەسەر ڕێگای "نیوتن"دەچوو بەڕێوە، "نیوتن" ئەو بلیمەتە مەزنەی سیستەمی جیهانی بۆ شیکردینەوە ئیدی ئینگلیزەکان لەسەر سەری خۆیان دایاننا).

ئابەم شێوەیە "ڤۆڵتێر" بەردەوام دەبێت لە هێرشکردنە سەر



فەرەنسییەکان و بەرزڕاگرتنی ئینگلیزەکان. بێگومان "ڤۆڵتێر" پێش ئەوەی ئەم کتێبە ئابڕوبەرەیەی کە وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو وابوو بۆ کاتی خۆی، بڵاوبکاتەوە. پێش وەخت مشوری خۆی خواردبوو، ئەویش بەوەی کتێبەکەی بەبێ ئەوەی ناوی خۆی لەسەر بێ بڵاوکردەوە و پاشان خۆشی شاردەوە، چونکە دەیزانی بەدوایدا دەگەڕێن و شوێنی دەکەون. هەرئەوەش بوو ڕویدا، کتێبەکەیان کۆکردەوە و لە بەردەم (کۆشکی عەدل) و بە بەرچاوی هەموانەوە سوتێنرا. لەو سەردەمەدا فەرەنسا جارێ هەر کتێبێ دەسوتاند یاخود لێنەدەگەڕا بڵاوبکرێتەوە و سانسۆریان دەخستەسەر، وەك ئەوەی ئێستا ئێمە دەیکەین. ئابەم جۆرە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە فەرەنسا جەنگی خۆیان دژ بە فەندەمینیتاڵیزم دەبرد بەڕێوە، تاکو دواجار جەنگەکەیان بردەوە و دەمارگیری ئاینیان لە ڕەگ و ڕیشەوە لە وڵاتەکەیاندا دەرهێنا.

لێرەوە ئێمە پێویستمان بە (کامیکازی فیکری) لە جۆری "ڤۆڵتێر" هەیە، تاکو بتوانین ڕوبەڕوی کامیکازە خۆتەقێنەرەوەکانی شێخە تاریکگەراکان و تیرۆرستەکان لەسەر شێوەی بن لادن و زەواهیری و زەرقاوی و هەزارانی وەك ئەوان، ببینەوە.

بەڕێزان ئێمە لەبەردەم جەنگێکی کراوەداین، جەنگی جەنگەکان، دایکی جەنگەکان. کۆتایشی نایەت تەنها بەسەرکەوتنی لایەنێك نەبێت. چونکە ئەو لێدانەی فەندەمینیتاڵیزمەکان لەشاری لەندەنی ڕەسەن و قەشەنگیان دا، وەك ئەوەی "تۆنی بلێر" وتی لێدانێکە بۆ فیکرەی شارستانیەت و شێوازێکی دیاریکراو لە ژیان و بوون، ئەوەی ئەوان لێیاندا فیکرەی ئازادی و

فرەیی ئاینی و سیاسی و ڕۆحیی بوو، ئەوەی لێیاندا ئازادی بیروڕا و قسەکردن بوو. ئەو ئازادییە خودی فەندەمینیتالیستەکان سودی لێوەردەگرن و لە پێناو بڵاوکردنەوەی ژەهرەکانیان لە باخچەکانی (هاید پارك) یاخود لە گۆشە تاریکەکاندا بەکاریدەهێنن.

ئەو ئازادییە هەمان ئازادییە کە (ئایدۆلۆژستە عەرەبەکان) سودی لێوەردەگرن، ئەو ئایدۆلۆژستانەی بە نهێنی و بە ئاشکرا لەگەڵ بن لادن و زەرقاوی و سەدام حسێنن، گەرچی بەئارەزوی خۆیان لە لەندەن و پاریس و بەرلین و ئەمستردام دێن و دەچن. پاشان بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە ئەوان دژ بە دیکتاتۆریەتی وڵاتەکانیان تێدەکۆشن! کێ دەتوانێ باوەڕیان پێبکات؟ ئایا کەسێك هاوسۆزبێت، تەنها هاوسۆزبێت، لەگەڵ ئەو بکوژ و تاوانبارانەدا، دەتوانێت لە پێناو ئازادیدا یاخود لە پێناو تازەگەریی فیکریو سیاسی تێبکۆشێت؟! ئاخۆ تاکەی ئەم درۆیە بەردەوام دەبێت و تاکەی خەڵك چەواشە دەکەن؟!

بەڕاستی دەمامکی سەر ڕوخسارەکان کەوتنەخوارەوە یاخود خەریکە دەکەونە خوارەوە.



**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٥/٧/١٦

⋆کامیکاز: بەو سەربازە و تیمە خۆکوژیانەیان دەوت کە یابانییەکان لەدژی ئەمریکا بەکاریان دەهێنا.

وشەی کامیکاز وشەیەکی یابانییە و مانای "ڕەشەبای پیرۆز" دەگەیەنێت، دەڵێن لەسەدەی سیازدەهەم کاتێ یابان دژ بە مەنگۆلیا دەجەنگێ، ڕەشەبایەك بەسەر هێزەکانی مەنگۆلیادا هەڵدەکات و لەناویان دەبات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی یابان لەو شەڕەدا سەرکەوێت، لەبەر ئەوە ناوی کامیکاز"ڕەشەبای پیرۆز"یان لەو تیمە خۆکوژیانە ناوە.

(بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: ئەنیس مەنسور، ڕۆژنامەی الشرق الاوسط٢٠٠٥/٧/١٦)

# مێژوو لە ئاستی
# ڕوکەش و لەئاستی قوڵیدا



یەکێکیان پێی وتم: نزیکەی سێ ساڵ زیاترە، تۆ بۆ تێگەشتن لەوەی کە لە عێراق و هەموو جیهانی عەرەبیدا ڕودەدات، فیکر "هیگل" یاخود فەلسەفەی "هیگڵ" بۆ مێژوو بەکاردەهێنی. ئایا لەو بڕوایەدانیت بەم کارەت ڕێگا لەخۆت هەڵەناکەیت؟ ئەم فەیلەسوفە دەڵێ عەقڵ حوکمی جیهان دەکات و جیهان بەدەر لەهەر بەربەستێك بەرەو ئازادی و دادپەری و حەقیقەت دەڕوات.. لێرەوە ئایا تۆ لەو بڕوایەدای تەقینەوەکانی لەندەن و شەرم ئەلشیخ دوور و نزیك پەیوەندیان بە عەقڵەوە هەبێت؟ ئاخۆ ئەوە شێتی نییە کە بوەتە گەورەی جیهان و هۆکاری سەرەکی ئەم ڕوداوە دڵتەزێن و تاوانکاریانەیە؟ عەقڵ لەکوێی ئەم گێرەشێوێنیە ڕادەوەستێ کە لەمپەڕەوە بۆ ئەو پەڕی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی گرتۆتەوە، بگرە پزیسك و ئاگری بورکانەکەشی گەشتووەتە جیهانی دەرەوەش؟ بەڕێز مێژوو شێت بووە، شێت...

پێم وت: هاوڕێ کەمەکێك لەسەرخۆبە. من لەو تۆقینەی تۆ تێدەگەم و تاڕادەیەکی زۆریش لەگەڵتدام. لەبەردەمتدا دانیپێدا دەنێم هەندێجار توشی ڕەشبینییەکی گەورە و نائومێدییەکی زۆردەبم. ئیدی ئەودەم قسە بە "هیگڵ" و هیگڵیەت و عەقڵ و عەقلانیەت و هەموو فەلسەفە خۆشباوەڕەکانی دیکەی مێژوو دەڵێم. ئەودەم تەواو وەڕسدەبم و دەمەوێ چەکەکەم- مەبەستم قەڵەمەکەمە- فڕێبدەم و بەیەکجاری خۆم تەسلیمی ئەوە بکەم کە ڕویداوە و ڕودەدات. بەڵام نازانم ئەو هێزە ناوەکییە لەکوێوە دێت کە پاڵم پێوەدەنێت بۆ ئەوەی

هیوایەکم هەبێت و بەردوامبم لە بەرگریکردن، گەرچی ئاسۆ بەتەواوی لێڵ و داخراوە.

بەڵێ، فەلسەفەی "هیگڵ" بۆ مێژوو، سەرنجم ڕادەکێشێ و پەلکێشم دەکات، ئیدی منیش دەکەومە داوییەوە، چونکە من جگە لەو هیچی دیکە نادۆزمەوە، هیچ فەلسەفەیەکی دیکە لەڕووی فیکرییەوە تێرم ناکات و یارمەتیم نادات لەو ڕوداوە خێرا و تێکەڵانەی کە ئێستا تێیدا دەژین، تێبگەم. بەڵێ، ئەو فەلسەفەیە دڵخۆشمدەکات و واملێدەکات تاکو ئێستا لەسەرپێی خۆم ڕاوەستم، هەربۆیە منیش دەستم پێوەگرتووە.

ئەم فەلەسەفەیە لە هێڵە پانەکانیدا چی دەڵێت و؟ چۆن دەکرێ بەسەر واقیعی ئێستای عەرەبی و ئیسلامیدا پراکتیزە بکرێ؟ ئەم فەلسەفەیە دوامانلێدەکات پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان مێژووی سەتحی و ڕواڵەتکاریانەی ڕوداوەکان لەگەڵ مێژووی قووڵی ڕوداوەکان. لە ڕواڵەتدا ئەوەی ڕودەدات وەك جۆرێك لە شێتی و ئاژاوەیەکی بێسەروبەر یاخود وەك جۆرێك لە بێهودەیی و ناماقووڵ دێتەبەرچاو. هیچ شتێك لە جیهاندا پاساوی ئەو تەقینەوە تاوانکاریانە نادات کە لە لەندەن و شەرم ئەلشیخ و بێگومان لە شوێنانی تریشدا ڕودەدات. نەعەقڵ نە لۆژیك نە ئاین نە ئیمان پاساوی ڕودانی ئەو کارانە نادەن.

بەڵێ، جۆرێکی تایبەتی (تێگەیشتن) بۆ ئاین و ئیمان پاساوی ئەو ڕوداوە دڵتەزێنانە دەدەن، ئەم جۆرە تێگەشتنەیە، بگرە ئەم جەهل و تاریکبینییە ڕەهایەیە سەدان ساڵە کۆنترۆڵی کردوین و پرۆگرامەکانی خوێندنیشی پڕ کردووە. هەرئەویشە دواجار باجەکەی دەدات، وەك



ئەوەی "هیگڵ" خاوەنی فەلسەفەی مێژوو پێمان دەڵێت. ئەم ڕوداوانە ڕودانیان پێویست بوو تاکو سروشتی ترسناکی سەلەفیەتی داخراو بۆ خەڵکی دەرکەوێت. فێڵی مێژوو ئالێرەدایە. مێژوو بۆ ئەوەی بچێتەپێش پێویستی بەم ڕوداوە قێزەونانە و کەسایەتیە شەڕانگێزانە هەیە. پێویستی بەوانە هەیە تاکو قەبارەی ئەو ئەرکە بزانین کە لەم سەردەمە ڕەشەی عەرەبی-ئیسلامییەدا لەسەرشانمانە. گەر تەقینەوەی ئەم ڕوداوانە نەبوایە، کەس ئاگاداری ئەوە نەدەبوو کە پێویستە ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ ئاراستەی خودی کەلەپور و ئەو کەلەپورە بکرێ کە سەدان ساڵە دوبارە دەبێتەوە و کەڵەکەبووە بەسەریەکدا. هەموو بەڵگەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن ئەم کەلەپورە کەڵەکەبووە، بووەتە بارگرانییەك بۆمان. چونکە بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین یاخود بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین، لێگەڕاین کەڵەکەببێت بەسەرماندا. ئەم کەلەپورە بوەتە ڕێگرێك لەبەردەم پێشکەوتنی مێژوو لە هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی.

لێرەوە مێژوو لە ئاستی قوڵدا مەنتقی و عەقڵانییە، گەرچی هۆکاری ناعەقڵانی بەکاردەهێنێ، واتە بەکارهێنانی تەقینەوەی تیرۆرستیانە. ئەمەش بۆ ئەوەیە لە جۆری ئەو نەخۆشییە کوشندەیە بەئاگابین کە لەناوەوە بێ ئەوەی پێیبزانین دایڕزاندوین. ئایا لەو بڕوایەدابوی کەس گرنگی بە ڕەخنەلێگرتنی عەقڵی ئوسوڵی داخراو بدات کە خۆی وەك حەقیقەتێکی ڕەها دەبینێ، گەر تەقینەوەکانی یازدەی سێپتێمبەر و یازدەی ئایاری مەدرید و حەوتی تەموزی

لەندەن‌و بیست و چواری تەموزی شەرم ئەلشیخ.. نەبوایە؟ گەر ئەم تەقینەوە ترسێنەر و وەحشیانەیە نەبوایە کە دەیان کەسی کردە قوربانی و سەدان خێزانی سەرگەردان کرد و هەزاران کەسی بۆ هەتاهەتایە سەقەت و نوقسان کرد، گەر ئەوانە نەبونایە ئەوا کەس تەنها پرسیارێکیشی نەدەکرد سەبارەت بە ئایدۆلۆژیای شەڕ و تاریکبین لە جیهانی عەرەبیدا، بگرە تەنانەت دوای ئەم هەموو ڕوداوانەش، سەختیەکی زۆر لە خستنەڕوی پرسیارەکان یاخود لە دەستنیشانکردنی-تەنها دەستنیشانکردنی- شوێنی دەردوبەڵاکە بەدیدەکرێت. ئەوەتا زۆربەی زۆری ڕۆشنبیران-تەنها کەمەکێکی کەمیان نەبێت کە خۆشبەختانە ئەو کەمە لە زۆر بوندایە- تاکو ئێستاش سورن لەسەر هەڵە و لەخشتەبردن و دۆزینەوەی پاساو و بڕوبیانو بۆ ئەو کردەوە تاوانباریانە، تاکو ئێستاش سورن لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو حەقیقەتەی وەك تیشکی خۆر گەشاوەیە..ئەم پاساو هێنانەوەیەش بە تێڕوانینی من هیچی لە مەترسی خودی تەقینەوە تیرۆرستیەکان کەمترنییە. پشتگیریکردنی شەڕ یاخود هاوسۆزی نواندن لەگەڵیدا هیچی لەمەترسی جێبەجێکردنەکەی کەمترنییە، ئەوانە ڕۆشنبیرنین، بەڵکو کۆمەڵێ سەفستائی و دۆگمان و حەقیقەت بەلایانەوە نە مانای هەیە و نە شوێنی بایەخە.

سەبارەت بە هەموو ئەوانە "هیگڵ" چیمان پێدەڵێ؟ "هیگڵ" دەڵێ: (هیچ شتێکی مەزن لە مێژودا ڕونادات تەنها لە میانەی ململانێ خوێناوییەکان و ئارەزووە هەڵچووە ناکۆکەکانی مرۆڤەکانەوە نەبێت.



ئەوە وەهمێکی ساویلکە و گێلانەیە واتێبگەین مرۆڤ بەبێ تێپەڕین بە هەڵەدا دەگاتە ڕاستی، یاخود دەگاتە حەق بەبێ گوزەرکردن بەناحەقدا، یاخود دەگاتە ڕوناکی بەبێ ئەوەی لەپێچوپەناکانی تاریکیدا کوێرانە دەستنەوەشێنێت.)

هەر ئەمەش بوو لە ڕابردودا و لەلای گەلانی ئەوروپا ڕویدا، پێش ئەوەی ئەو گەلانە بگەنە پێشکەوتن و شارستانیەت. هەرئەمەشە لەئێستادا بەرامبەر بە گەلانی عەرەبی و ئیسلامی ڕودەدات، ئەم گەلانە لە ئێستادا لەنێو ژانی لەدایکبونێکی سەختی تازەگەریدا دەژین و پێش ئەوەی بگەن بە ئەنجامەکەی بە تینی گڕی ئاگرەکەی دەسوتێن.

لێرەوە مێژوو عەقلانییە، گەرچی وادەردەکەوێت بۆمان کە پڕە لە پەشێوی و جەنگ و کوشتوبڕ و زوڵم و زۆرداری. مێژوو عەقلانییە لەگەڵ بونی ئەو هەموو دیاردە ڕواڵەتکاریە خلێتەنەرانەی کە پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێن. عەقلانیەتێکی قووڵ لە مێژودا هەیە بەچاوی ئاسایی نابینرێت، تەنها بیریارە گەورەکان دەتوانن ببینن، "هیگڵ"یش بیریارێکی گەورە بوو: واتە دەرکەوتنی لە مێژودا تەواو وەك دەرکەوتنی کانت و دیکارت بوو.

لێرەوە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی کە لە ئێستادا ڕەشترین چرکەساتی خۆی دەژی، چووەتە نێو بۆتەقە گەورەکەی مێژووەوە و کەسیش نازانێ کەی لێیدێتە دەرەوە. مەسەلەکە گەورەیە، بگرە زۆر لەوە گەورەترە کە وێنای دەکەین و جارێ لەسەرەتای سەرەتاکەیداین. هەربۆیە دەربازبون نزیك نییە و نامەوێ هیچ کەسێکیش بخڵەتێنم،

بەلگەش بۆ ئەمە ئەوەیە لە ڕۆژهەلاتی عەرەبییەوە بۆ ڕۆژئاوای تاکو ئێستا تۆ ناتوانیت لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان سەبارەت بە ئایدۆلۆژیای ئوسوڵی کە دەستی خستۆتە بینەقاقامان بلاوبکەیتەوە. من بۆخۆم تاکو ئێستا چاوەڕوانم کردووە، واتە تاکو تەمەنم گەشتووە بە پەنجاوپێنج ساڵ، ئینجا بلاوکەرەوەیەکم دۆزیەوەتەوە یەکەم کتێبم لەسەر ڕۆشنگەری و ڕەخنە لە فەندەمینیتاڵیزمی مەسیحی بۆ بلاوبکاتەوە! جا من گەر هەموو کتێبە ڕەخنەییەکانم بۆ ڕەخنەگرتن لە فەندەمینیتاڵیزمی ئیسلامی کە لە ئێستادا مەترسیەکەی هەموو جیهانی گرتۆتەوە، تەرخانبکردایە، چی ڕویدەدا؟ ئەوە دنیا سەروبن دەبوو. بگرە من لە بلاوکردنەوەی وەرگێڕانەکانیشم ترسم هەبوو چ جای نوسینی ڕاستەوخۆ؟ هەرچۆنێك بێت ئەو وەرگێڕانانە سنوردارەو لە زۆر ژینگەدا قەدەغەیە. بەلام ئەمەیە سروشتی پێشکەوتن، پێشکەوتن تەنها لە میانەی ململانێ و بەرگریکردن و ڕوقایمیەوە دەچێتەپێش و... جەنگەکەش جەنگێکی کراوەیە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط/ ٢٠٠٥/٨/٨

## سیستمی فیدراڵی لە عێراق...
## باشترین سیستمی سیاسیە لە جیهاندا



لەوانەیە عێراق بۆ دراوسێکانی و بۆ هەموو جیهانی عەرەبیش، بوبێتە تاقیگەیەك بۆ پێشکەوتن و موعاناتی داهێنان، پێدەچێ لە ئێستادا عێراق نرخی پێشکەوتنی سیاسی و شارستانی لەباتی هەموان بدات، ئەو مشتومڕو گفتوگۆ گەرمانەی هەنوکە سەبارەت بە دەستورە ئامادەکراوەکەی دەکرێ، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە، هیوادارین ئەم مشتومڕانە و ئەو لەدایکبونە سەختەی لەگەڵێدایە، دەستورێکی لێبکەوێتەوە ببێتە نمونە بۆ هەموان.

یەکەم هەڵە کە پێویست دەکات خۆمانی لێ لابدەین، ترسە لە وشەی فیدرالیەت، یاخود ئیدانەکردنیەتی پێش ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لێیتێبگەین. لە واقعدا باشترین دەوڵەت لە جیهاندا ئەو دەوڵەتەیە خاوەنی سیستمێکی فیدراڵییە نەك سیستمێکی مەرکەزی توندوتیژ، نمونە بۆ ئەوە سویسرا کە پێیدەوترێ یەکێتی سویسرای فیدراڵ، چونکە ئەم فیدراڵیەتە چەندین کانتۆن کە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیانن لەخۆدەگرێ‌و لەهەمان کاتیشدا پەیوەستن بە دەوڵەتی فیدراڵەوە.

لێرەوە پێناسەی فیدراڵیەت بریتیە لە پرۆژەیەکی سیاسی هەوڵدەدات لە ناو یەك دەوڵەتدا و لە نێوان دوو گروپ یاخود چەند گروپێکدا کە لە ڕووی زمان و ئاین و مەزهەبەوە لەیەکتر جیاوازن، تەوافوقێك دروستبکات. فیدراڵیەت هەوڵدەدات قەناعەت بەم گروپانە بکات بە شێوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ یەکدا بژین،لە هەمان کاتدا ئەم گروپانە لێکدی جیادەکاتەوە نەبادا یەکێکیان دەستدرێژی بکات سەر

ئەوی دیکەیان. بە مانایەکی تر، فیدراڵیەت بریتیە لە چارەسەرێکی سەخت و گران لە نێوان چەند گروپێکی ناکۆك بەیەك، یاخود چەند گروپێك کە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و پێگەی جەماوەریی و سەروەت وسامان و کاروبارەکان، ڕکابەرایەتی و ململانێی یەکتر دەکەن، لەنێو خودی یەك وڵاتدا.

بەدیلی فیدراڵیەتیش ستەمکاری و سەرکوتکردنە، مەبەستم ستەمکاری گروپێکە بەسەر هەموو گروپەکانی دیکە و چەوساندنەوەیان و بەتاڵانبردنی سامانی وڵات و پاوانکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی تەواو یاخود نیمچە تەواو. هەر ئەمەش بوو بە درێژایی هەشتاساڵ لە عێراقدا ڕویدا، لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر دەستی ئینگلیز ساڵی ١٩٢١، بە درێژایی حوکمی ئینگلیز و پاشان ئەوەی پێیدەوترێ حوکمی (نیشتیمانی) عێراق دەوڵەتێکی مەرکەزی نافیدراڵ بووە و لەلایەن تاقە گروپێکەوە حوکمڕانی کراوە کەعەرەبی سونەن. ئەم گروپەش تەنها لەسەدا بیستی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، هەرئەمەشە بەدرێژایی چەندین ساڵ بووەتە هۆکاری بەردەوام بونی پەشێوی و نەهامەتیەکانی عێراق. حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا جارێك ئاراستەی هێرش و پەلامارەکانی دەکردە سەر کوردەکانی باکور و قەلاچۆی دەکردن و جارێکی دیکە هێرشەکانی ئاراستەی باشور دەکرد بۆ لەناوبردنی شیعە. لێرەوەیە ئەم گروپە ئێستا تاقە گروپێکە سیستمی فیدراڵی ڕەتدەکاتەوە، هۆکارەکەشی ڕون و ئاشکرایە: ئەم گروپە ئامادەنییە دەستبەرداری دەستکەوتە



مێژوییەکانی خۆی ببێت. ڕازینییە بۆ یەکەمیجار گروپەکانی دیکە لە دەسەڵات و حوکمڕانی کردنی وڵات و سەروەت و سامانەکەیدا بەشداربن لەگەڵیدا. ئەمەش هەڵوێستێکی نابەجێیە و زەرەر لە خودی عەرەبی سونە دەدات، چونکە هەم جیهان گۆڕاوە و هەم خەڵکی لە سەردەمی مۆدێرنەی گەردونیدا وەك یەکیان لێهاتووە و یەکسانن. لەبەر ئەم هۆیەیە ئەوان فیدراڵیەت بەدابەشکردن و جیابونەوە و خیانەت تۆمەتبار دەکەن!.. ئەمەش تێگەشتنێکی بەرتەسك و هەڵەیە بۆ وشەی فیدراڵیەت.

لە ڕاستیدا ئەم سیستمە تازەیە(فیدراڵیەت) لە پێشکەوتورین وڵاتانی جیهاندا پەیڕەوی لێدەکرێت، وەك نەمسا کە پێکهاتووە لە نۆ دەوڵەتی فیدراڵ، ئەڵمانیا پێکهاتووە لە شازدە ویلایەت یاخود هەرێم،هەر هەرێمێکیش لەسەر ئاستی ناوخۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ، کەنەدا کە لە دە هەرێمی سەربەخۆ پێکدێت، لەهەمان کاتدا لەگەڵ یەکدا یەکیان گرتووە. هەمان شت سەبارەت بە ئوسترالیا ڕاستە کە لە شەش ناوچە یان دەوڵەت پێکهاتووە، بەلجیکاش لەسەر ئەساسی زمان دابەشبووە بۆ سێ هەرێمی سەرەکی، یەکەمیان بە فەرەنسی و دووەمیان بە هۆڵەندی و سێیەمیان کە هەرێمێکی بچوکە بە ئەڵمانی قسەدەکەن.

سیستمی فیدراڵی دوا شتە بیرمەند و فەیلەسوفانی ئەوروپا دوای بیرکردنەوەیەکی دورودرێژ لە کاروباری سیاسەت پێیگەشتون. فەیلەسوفی ئەڵمانی "ئیمانۆیل کانت" و فەیلەسوفی فەرەنسی

"مۆنتسکیۆ" کە خاوەنی تیۆرە بەناوبانگەکەی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەیە لەیەکتر: یاسادانان، جێبەجێکردن،دادوەری، لە گەورەترین لایەنگرانی ئەم سیستمە بوون. تەنانەت فەرەنسا کە مەرکەزیەت تێدا لە هەموو وڵاتانی دیکە زیاترە، ئێستا ڕێوشوێنی سیاسی لامەرکەزی دەگرێتەبەر و دەسەڵاتێکی زیاتر دەدات بەو هەرێمانەی دوورن لە پایتەختەوە، تاکو خۆیان کاروباری ناوخۆی خۆیان بەڕێوەبەرن.

بۆچی فەیلەسوفانی ئەوروپا ئەم سیستمە تازەیەی فیدراڵیەتیان داهێنا؟ بۆئەوەی خۆیان لە جەنگە ناوخۆیی و کوشتوبڕەکان بەدووربگرن، بۆئەوەی خۆیان لە حوکمڕانی تاقە گروپێك بەسەر گروپەکانی دیکە و چەوساندنەوەی گروپەکانی دیکە لە ڕێگەی قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن تاقە گروپێکەوە بەدووربگرن. بۆ نمونە سویسرا لە ڕووی مێژوییەوە و سەبارەت بە ئاین و زمان دابەشبووە، سویسرا لە دوو مەزهەبی گەورە کە تاڕادەیەك ژمارەیان وەك یەکە پێکهاتووە، مەزهەبی پرۆتستانت و مەزهەبی کاتۆلیك. ئەو ڕقەبەرایەتی و دژایەتیە تیۆلۆژییەی نێوانیان هیچی لە قوڵیی و مەترسی ئەو دابەشبونەی نێوان سونە و شیعەی عێراق کەمترنییە. تاقە جیاوازی ئەوەیە کە تێگەشتنی لیبراڵ یاخود عەقڵانی بۆ مەسیحیەت دواجار لە سویسرا و سەرتاپای ئەوروپا سەرکەوت بەسەر تێگەشتنی فەندەمینیتاڵیزمی کۆن. لێرەوە ئەو قسە ناشرینانەی ئەم دوو مەزهەبە بەیەکتریان دەوت، تاڕادەیەکی باش کەمیکردووە،



بەشێوەیەك وایلێهاتووە هەندێجار لایەنگرانی ئەم دوو مەزهەبە لەگەڵ یەکدا و پێکەوە لە یەك کڵێسادا نوێژ دەکەن. بزوتنەوەی (المسكونیە)، واتە بزوتنەوەی لێکتر نزیك کردنەوەی نێوان مەزهەبە جیاوازەکانی مەسیحیەت و تێپەڕاندنی ڕق و کینەکانی ڕابردوو، بەشداربووە لە کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبیانە لەوێ.

نە عێراق و نە هەموو عەرەبیش لە مەودای بینراودا ناتوانن ئەوە بکەن. پێشکەوتن سەیرورەیەکی مێژویی ئاڵۆزە و چەندین نەوە دەخایەنێت تاکو سەردەکەوێت. بۆ ڕزگارکردنی عەقڵی عەرەبی لە پاشماوە و خەڵتەی تایفەگەری و مەزهەبی و بەرهەمهێنانی عەقڵیەتێکی دیکەی تازەی جیاواز لەوەی سەدەکانی ناوەڕاست، جارێ لە سەرەتای سەرەتادانین. (تەماشای وتاری "مشار ئەلزایدی" سەبارەت بە تازەکردنەوەی خوێندن لە سعودیە بکە، ڕۆژنامەی شرق ئەلئەوسەت،٢٠٠٥/٨/٢٣).

لێرەوە وایدەبینم سیستمی فیدراڵی گونجاوترین سیستمە بۆ عێراق و ڕەنگە لە مەودای دووردا عێراق کەڵکی لێوەربگرێت. ئەو پرسیارەی ئێستادەخرێتە ڕوو ئەمەیە:

ئایا پێش شەڕی ناوخۆ یاخود دوای شەڕی ناوخۆ بەو سیستمە فیدراڵیە دەگەین؟ ئاشکرایە سویسرا تەنها دوای شەڕی ناوخۆی نێوان کاتولیك و پرۆتستانت پێیگەشت. بەڵام هیوادارین هەموو گروپە گەورەکانی عێراق بە تایبەتی عەرەبی سونە و عەرەبی شیعە لەئاست ئەو بەرپرسیارەتیەدابن کە لەسەرشانیانە و بەبێ جەنگی ناوخۆ بگەنە

فیدراڵیەت، چونکە ئەو شەڕە ناوخۆییە هەموان تێیدا دۆڕاو و زەرەرمەند دەبن و نەهامەتی بەسەر عێراقدا دەهێنێت و لەمەی ئێستا زیاتر وێرانتری دەکات. ئیدی با ماڵوێرانی و کاولکاری بەس بێتو گەلی عێراق شایەنی چارەنوسێکی دیکەیە.

بۆ ئەوەی هەموان لەوە دڵنیابن کە فیدراڵیەت مانای جیابونەوە یاخود دابەشکردن نییە، دەڵێین سیاسەتی دەرەوە و دارایی و بەرگری نیشتیمانی و هێڵە گشتییەکانی ئابورییەکی بەهێز لە ئەستۆی دەوڵەتی یەکگرتودایە کە هەموان بەپێی قەبارە و هێزی خۆیان بەشدارن لەو دەوڵەتەدا.بەڵام خوێندن و کاروباری ڕۆشنبیری و پۆلیس و ئیدارەی هەرێمەکە یاخود ئیشوکارە ناوخۆییەکان، ئەوا تایبەتمەندی هەر هەرێمێکە بە تەنها. لێرەوە پەیوەندییەکی جەدەلی هەیە لە نێوان دەوڵەتی یەکگرتوو لەگەڵ هەرێمە سەربەخۆکاندا کە لەناو دەوڵەتەکەدان. دەوڵەتی یەکگرتوو چەندە تەحەکوم بە هەرێمەکانەوە دەکات، هەرێمەکانیش بەهەمان شێوە تەحەکوم بە دەوڵەتە یەکگرتووەکەوە دەکەن و کاریشی تێدەکەن. لێرەوە پەیوەندییەکی کارتێکرا و کارتێکەر لەنێوانیاندا دەبێت.

دواجار ئەمە دەڵێم: بەناوبانگترین سیستمی فیدراڵی لە جیهاندا ئەمانەن: وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا، بەلجیکا، کەنەدا،هیند،مەکسیك..هتد. هاوکات ئیسپانیا و ئیتاڵیا و ئینگلتەرە، ئەوانە دەوڵەتی لامەرکەزین، بەڵام ئەمانیش بەرەو فیدراڵیەت هەنگاودەنێن. ئەو چاکسازییە دەستورییەی ئێستا لە ئیتاڵیا



بەڕێوەدەچێ، بەم نزیکانە ئیتاڵیا دەکاتە کۆمارێکی فیدراڵ. تەنهافەرەنسا لەنێوان دەوڵەتە گەورەکانی یەکێتی ئەورپا هێشتا تاقە دەوڵەتێکی مەرکەزییە. بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد فەرەنسا ئێستا بیر لەوەدەکاتەوە سیستمی لامەرکەزی پەیڕەوبکات و دەسەڵاتێکی فراوانتر بداتە هەرێمەکان و ئەوەش لە دەستوردا جێگیردەکات.

کەواتە بژی فیدراڵیەت و بڕوخێ سیستمی سەرکوتکەری ستمەگەر کە تێیدا تاقە گروپێك هەموو دەسەڵات و سەروەت و سامانەکان بۆخۆی دەبات و گۆڕبەگۆڕچێ و نەگەڕێتەوە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٥/٨/٢٧

## ترس له ئازادی: بۆ؟



ساڵی ١٧٢٤ "ئیمانۆیل کانت" گەورەترین فەیلەسوف لە مێژوی نوێی خۆرئاوا، بگرە لە مێژوی مرۆڤایەتیشدا لەدایك بووە و ساڵی ١٨٠٤کۆچی دوایی کردووە، واتە نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاوە، ئەم تەمەنە بۆ ئەوکات، تەمەنێکی درێژ بووە و بەرامبەر بە سەد ساڵ تەمەنی ئەم سەردەمەمانە. ئەم تەمەنە درێژە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند کارە فەلسەفییە گەورەکانی لەسەرخۆ تەواوبکات. گەر بەراوردی کامڵبون و پێگەشتنی "کانت" لە ڕووی فەلسەفییەوە، بۆ نمونە لەگەڵ "هیگڵ" و "نیتچە" بکەین، دەبینین کامڵبونێکی لەسەرخۆ و درەنگوەخت بووە. "هیگڵ" لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا گەشتە ترۆپکی فەلسەفە مەزنەکەی، واتە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح. "نیتچە" پێش سی ساڵی (لەدایکبونی تراژیدیا)ی نوسی. گەر "کانت" لە تەمەنی شەست ساڵی یاخود پێش تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵی بمردایە، ئەوا کەس ناوی نەدەبیست، کتێبە بەناوبانگەکەی (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی) لەو تەمەنەدا دەرکەوت.

زۆربەی زۆری ڕۆشنبیران پێیانوایە "کانت" لوتکەی ڕۆشنگەری ئەوروپییە، چونکە توانی عەقڵانییەت بگەیەنێتە دواقۆناغی خۆی، هەروەها وێرای بەوپەڕی چاونەترسییەوە و بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە فەلسەفە لە تیۆلۆژیای مەسیحی جیابکاتەوە، بەم کارەش ترسی خستە دڵی هاوسەردەمەکانی خۆی و وایلێکردن هەست بە شپرزەییەکی گەورە بکەن. لەبەرئەوەیە فیکری "کانت" فیکرێکی شۆڕشگێڕانە یاخود ڕادیکاڵانەبوو، زیاد لەوەی وێنایدەکەین. ئەم فەیلەسوفە دوای

تێپەڕبونی دووسەد ساڵ بەسەر مردنەکەیدا، وەك شتێکی ئاسایی بەلای ئێمەوە دەردەکەویّ، بگرە وەك حەکیمێکی لێزان کە هیچ کەسیّ ناڕەحەت و بێزار ناکات، بێگومان من ئەو قسانە لە تێڕوانینی ڕۆشنبیرانی ئەوروپییەوە دەکەم، نەك ڕۆشنبیرانی خۆرهەلاتی عەرەبی و ئیسلامی. بەلاّم ئێمە بۆ زانینی قەبارە و ئاستی ئەو کاریگەریەی "کانت" لە مێژوی فیکردا هێناویەتیە ئاراوە، یاخود بۆ زانینی قولاّیی ئەو تێڕوانینە فەلسەفیەی کە لەوسەردەمەدا وێرای دەرببڕیّ، پێویست دەکات بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژگار و زەمانەی "کانت" تێیدا ژیاوە.

"کانت" فەلسەفەی تەنها لە تیۆلۆژیای ئاینی و میتافیزیقای غەیبانی یاخود ئەبستراکت جیانەکردەوە، بەڵکو فەلسەفەی لەسەر کۆمەڵێ ڕێسای ورد و زانستی تۆکمە دامەزراند. لە واقیعدا هەموو فەلسەفەی "کانت" هیچ نییە تەنها تیۆرەیەك یاخود پاساوهێنانەوەیەك نەبێت بۆ ئەو شۆڕشە زانستییە یان فیزیا/ماتماتیکیە نەبێت کە ڕوخساری خۆرئاوا و جیهانی گۆڕی. مەبەستم شۆڕشی "ئیسحاق نیوتن"ە، کە لە دوای "گالیلۆ" و "دیکارت" و "کیبلەر"وە هات، هەربۆیە زۆرێك لە بیرمەندان ئەم دەستەواژە بەناوبانگە دەڵێن: (گەر نیوتن نەبوایە، کانت نەدەبوو!).

ئەو شتەی کە "کانت"ی سەرسامکرد یاخود ئەو شتەی کە "کانت"ی توشی واقوڕمانکرد، ئەمەی خوارەوە بوو: (زانستی تازە چۆن بووە شتێکی مومکین؟ زانستی فیزیا و ماتماتیك چۆن چۆنی توانیان ئەو یاسایانە بدۆزنەوە کە گەردونی ڕاگرتووە یاخود کە تەحەکوم بە



گەردونەوە دەکات، مرۆڤ چۆن توانی تەنها بە عەقڵی خۆی پەی بەو هەموو نهێنییە ببات کە خالق بەخشیویەتیە مەخلوقەکانی؟ ئەوە موعجیزەیەکی ڕاستەقینەیە کە "نیوتن" توانی بگاتە یاسای کێشکردن)

"کانت" بە تەنها فەلسەفەی زانستی پێشکەش بە ئەوروپا نەکرد، بەڵکو فەلسەفەیەکی ئەخلاقی بگرە تەنانەت فەلسەفەیەکی سیاسیشی پێشکەش کرد، گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەم کتێبەیە ئێستا لەبەر دەستمایە. ئەم کتێبە سێ دق لەخۆدەگرێ: یەکەمیان بەناونیشانی ئاشتی هەمیشەیی لەنێوان گەلاندا، دووەمیان چۆن لە وێڵگەکانی فیکردا ڕێگای خۆمان دەکەینەوە؟ سێیەمیان بە ناونیشانی ڕۆشنگەری چییە؟ ئەم دەقانە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی فەرەنسی و ئەکادیمیستی توێژەر خاتو "فرانسوا بروست" پێشەکییەکی بۆ نوسیوە. من تەنها چاوێك بەم کتێبەدا دەخشێنم، چاوپیاخشاندنێك و بەس، تاکو وێنەیەکی گشتی سەبارەت بە بابەتەکە بخەمەڕوو، من تەنها لەسەر دەقی سێیەم کە تایبەتە بە ڕۆشنگەری ڕادەوەستم.

توێژەری ناوبرا و ئاوا دەڵێ: ساڵی ١٧٨٤، واتە ئەو ساڵەی "کانت" تەمەنی دەگاتە شەست ساڵ و ناوبانگی جیهانی پڕکردبوو، هەروەها ئەو کاتەی ڕۆشنگەری ئەڵمانی گەشتبووە لوتکەی، یەکێك لە ڕۆژنامەکانی شاری بەرلین ئەم پرسیارەی خستە بەردەم بیرمەندانی ئەڵمانیا: (ڕۆشنگەری چییە؟) ئەم بزوتنەوە فیکرییە چ مانایەك دەگەیەنێ کە هەموو سەدەی هەژدەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە؟ بە تایبەتی فەرەنسا و ئینگلتەرە و ئەڵمانیا و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی

عەقڵیەتێکی نوێ.

پرسیارەکە وەك ڕاپرسییەك وابوو لەبەردەم ڕۆشنبیراندا، هەندێکیان پێش ئەوەی "کانت" بێتە نێو گۆڕەپانەکە و وەڵام بداتەوە، وەڵامیان دایەوە، سەرنوسەری ڕۆژنامەکە هاوڕێیی "کانت" بوو، زۆری لە "کانت" کرد وەڵام بداتەوە، بەو پێودانگەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەڵمانیا چاوەڕوانی بیروڕای ئەویان دەکرد. وتم ئەڵمانیا، دەبوایە بڵێم بروسیا، چونکە ئەڵمانیای یەکگرتوو بەم مانایەی ئێستا دەیزانین، ئەودەم بوونی نەبوو، ئەڵمانیا ئەوکات دابەش ببوو بەسەر دەیان دەوڵەتۆکە و میرنشینی بچوك بچوکی ناکۆك بەیەك.

وەڵامدانەوەی "کانت" بۆ ئەو ڕاپرسییە ڕۆژنامەوانییە لە (دە) لاپەڕە تێپەڕی نەکرد.ئەمەش مانای وایە ئەو وەڵامە بە بەراورد لەگەڵ کتێبە فەلسەفیە گەورەکانی دیکەیدا دەقێکی بچوکە، بەڵام دەلالەتێکی گەورە و کاریگەری لەخۆگرتووە، بەو پێودانگەی باس لە سەرقاڵبوونی فەیلەسوف دەکات بە کێشە و قەیرانەکانی سەردەمەکەیەوە. فەیلەسوف بەپێی ئەو وێنە تەقلیدییەی لەبارەیەوە بڵاوببوەوە، کەسێکە لەقوللە عاجییە بەرز و دورەکاندا دادەنیشێ و لە جووڵەی جیهان و کۆمەڵگا دادەبڕێ و کتێبی قورس و زەحمەت کە کەس لێیان تێناگات دەنوسێ! بێگومان ئەم جۆرە وێناکردنە ڕاست نییە و هەرگیز بەسەر فەیلەسوفێکی گەورەی وەك "کانت" پراکتیك ناکرێ. فەیلەسوف لەقوڵایی ناخی خۆیدا هەستدەکات بەرپرسیارە لە ڕێبەرایەتی کردنی مرۆڤایەتی بەرەو ڕۆشنایی و حەقیقەت. ئاشکرایە دوای دەرچوونی



کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی) ساڵی ١٧٨١، ئیدی هەر وشەیەك لە "کانت"ەوە دەردەچوو، دەنگدانەوەی لە هەموو ئەڵمانیا یاخود ئەوروپا دەبیسرا.

"میشێل فۆکۆ" پێیوایە "کانت" بە بڵاوکردنەوەی ئەم دەقە داهێنانێکی تازەی لە مێژووی فەلسەفەدا هێناوەتە ئاراوە، ئەویش سەرقاڵبونی فەیەلەسوفە بە کێشە گەورەکانی کۆمەڵگا و سەردەمەکەیەوە. ئەمە بەتایبەتی دەڵێین چونکە هەموو کتێبە گەورەکانی "کانت" بە وشەی ڕەخنە دەستپێدەکات: (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی، ڕەخنە لە عەقڵی عەمەلی، ڕەخنە لە عەقڵی داوەری).

ئاشکرایە "کانت" بەردەوام وتە بەناوبانگەکەی خۆی دەوتەوە: (سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕەخنەیە کە پێویستە هەموو شتێ ملکەچی بێت، لەوانە قسەی پیاوانی ئاینی، واتە قەشە و کاهینەکان..ئەوانە نابێ لەسەروی ڕەخنەلێگرتنەوە بمێننەوە، چونکە ئەمە مانای بە کەم تەماشاکردنی عەقڵ و، بەربەست نانەوە لەبەردەم پێشکەوتن و، پەردەپۆشکردنی حەقیقەتەکان دەگەیەنێ. لێرەوە ڕۆشنگەری مانای ئەوەیە ئێمە مافی خۆمانە ڕەخنەبگرین، واتە ئازادبین لە بەکارهێنانی عەقڵمان، بگرە تەواو ئازادین و دەسەڵاتی کەسێکی لاهوتی یاخود قەشە کە بوونەتە دێوەزمە بەسەرمانەوە و وەك ئەوەی سێبەری یەزدان بن لەسەر زەوی، نەتوانێ سنور بۆ ئازادی ئێمە دابنێ، چونکە ئەوانیش مرۆڤن و لە هەڵەکردن بەدوورنین. لێرەوە کاتی ئەوەهاتووە لە ڕێگەی لێکدانەوەی عەقڵانی بۆ ئاین و پەیامە نەمرەکەی، سنوری دەسەڵاتی

تيۆلۆژيا و پياوانی ئاينی كە بەسەر خەڵكيدا پراكتيكيان دەكرد، بەرتەسك و سنوردار بكرێت)

لە ڕاستيدا هەموو فەلسەفەی ڕۆشنگەری تەنها بريتيە لە خوێندنەوەيەكی مێژويی و ڕەخنەيی و عەقلانی بۆ دەقەكانی مەسيحييەت. ئەمەش ئەو خوێندنەوەيە كە "ڤۆڵتێر" و "جان جاك ڕۆسۆ" لە فەرەنسا و "ليسبنگ" و "كانت" لە ئەڵمانيا...هتد پێيهەستان. ئەم خوێندنەوەيەش لەگەڵ خوێندنەوەی كۆنی ڕەگداكوتاوی پياوانی ئاينی تيۆلۆژی مەسيحی بەريەككەوتن، هەر لە ڕێگەی ئەم بەريەككەوتنە ياخود پێكدادانەوە پزيسكی ڕۆشنگەری سەريهەڵدا.

ئابەم شێوەيە دەبێ لەو بزوتنەوە فيكريە مەزنەی سەدەی هەژدە تێبگەين كە بە هەموو ئەوروپادا بڵاوببوەوە و بڵاوبونەوەكەشی بووە هۆی هێنانەئارای شارستانيەتێك كە سەركەوت بەسەر شارستانيەتی خۆرهەڵاتی عەرەبی و ئيسلامی. لەو چركەساتەوە ئێمەيان بەچەندين سەدە خستە دواى خۆيانەوە.

ئاخۆ پێناسەی "كانت" بۆ ڕۆشنگەری دەبێ چيی بێت؟ ئێستا كاتی ئەوە هاتووە هەندێ نمونە گەرچی بچوكيش بێت لەو دەقە بەناوبانگەی بێنينەوە، "كانت" لە سەرەتادا ئاوا دەڵێ: (گەشتن بە ڕۆشنگەری، مانای دەربازبونی مرۆڤە لە حاڵەتی كەم عەقڵی كە خۆی تێدا دەبينێتەوە و هەر خۆشی لەو حاڵەتە بەرپرسيارە، گەر كەموكوڕی لە عەقڵتدا هەبوو، مانای وايە تۆ ناتوانی عەقڵی خۆت بێ ڕێنمايكردنی



كەسانی ديكە بەكاربێنی، ئەم حاڵەتەش مرۆڤ خۆی لێی بەرپرسيارە، گەر هۆكاری ئەو كەموكوڕييە خودی عەقڵ نەبێت، ئەوا هۆكارەكەی ترسنۆكی و نەبونی بوێرييە لە وەرگرتنی بڕياردا، لێرەوە ئەی مرۆڤ با بوێربيت لەوەرگرتنی مەعريفەدا، با ئەوەندە ئازابيت بتوانی عەقڵی خۆت بەكاربێنيت! ئەمە ڕاسپاردە و پوختەی ڕۆشنگەرييە)

پاشان كانت لەم بارەيەوە بەشێوەيەكی باشتر تێڕوانينی فيكری خۆی دەخاتەڕوو. لە واقيعدا ئاسان نييە لە قۆناغی كەموكوڕی عەقڵييەوە بگوێزينەوە بۆ قۆناغی كامڵبونی عەقڵی، ياخود قۆناغی پێگەشتن و بەرپرسيارەتی. ئەوە بە قسە ئاسانە، بەڵام بەكردەوە گرانە، هەندێ كەس گەرچی تەمەنيان گەشتووەتە شەستساڵ، كەچی لەبەرچاوی باوكانيان هەر بە منداڵ دەمێننەوە، عەقڵيەتی منداڵانە (الطفولة العقلية) دڵنيايمان دەداتێ، چونكە مانای وايە كەسێكی ديكە لەباتی ئێمە بڕيارەكان دەردەكاتو بەرپرسيارەتيش هەڵدەگرێ.

لێرەوە دەبا بەدرێژايی تەمەنمان هەر بە منداڵی بمێنينەوە..! ئەمەش ئەو هەڵوێستە تەمەڵ و ترسنۆكانەيە كە كانت سەركۆنەی دەكات، بەڵام بەپێی ئەو تێڕوانيەی سەرەوە تاكو ئێستاش ميللەتگەلێكی زۆر هەيە هەر لەقۆناغی منداڵيدايە. گەر گەلانی ئەوروپا لە قۆناغی كەموكوڕی عەقڵی هاتبنەدەرەوە و بەشێوەيەكی سەربەخۆ و راست بيردەكەنەوە، بەبێ ڕێنمايی و ئامۆژگاری هيچ كەسێ، ئەوا تاكو ئێستا لە خۆرهەڵاتدا ئەو حاڵەتە نەهاتووەتەدی.

بۆ نمونە تەماشای هەندێ لە گەلانی عەرەبيی و ئيسلامی بكە و

ببینە کاتێ سەدام کوێتی داگیرکرد، چۆن کردیان بە هەڵڵا و ئافەرینان کرد و چەپڵەیان بۆلێدا، یاخود چۆن دەستخۆشیان لە بن لادن کرد کاتێ نیۆیۆرکی تەقاندەوە و بە جارێ سێ هەزار کەسی کوشت!تۆبڵێی ئەم میللەتانە ڕۆشنگەر بن؟ بێگومان بارودۆخی ئەم گەلانە لەڕووی پێشکەوتنەوە بە بەراورد بە بارودۆخی گەلی ئەڵمانی یاخود گەلانی دیکەی ئەوروپا لەسەردەمی کانتدا، گەر خراپتر نەبێت باشتر نییە. لێرەوە زۆر ئاسنە بڵێین: (خەڵکینە هۆشتان بێتەوەبەر و، پێش ئەوەی هەڵسوکەوتێ بنوێنن یاخود حوکم لەسەر شتێ بدەن، عەقڵتان بەکاربهێنن). بەڵام لەبەر هۆیەکی سادە ناتوانن ئەوە بکەن، ئەویش ئەمەیە: ئەوان بە درێژایی سەدانساڵە مێشکیان پڕ کراوە لە بیروباوەڕ و فیکری هەڵە و تابینەقاقایان لە نەزانین و هەژاری و پشتبەستن بە خەڵکانی دیکە، نوقم بووە.

کەواتە مرۆڤ بۆ ئەوەی لەقۆناغی کەموکوڕی عەقڵی بێتەدەرێ و بگاتە قۆناغی ڕۆشنگەری یاخود بگاتە تەمەنی کامڵبوون و هوشیاری، لەسەریەتی شەڕێکی گەورەی نەبڕاوە لەگەڵ خودی خۆیدا و لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕە دەمارگیر و تێڕوانیە هەڵانەدا بکات کە هەر لە منداڵییەوە تێیدا دەچێنرێت. لێرەوە ڕۆشنگەری لە دوو قۆناغ پێکدێت: قۆناغی یەکەم نێگەتیڤە و قۆناغی دووەم پۆزەتیڤە. سەرەتا پێویستە ڕەگ و ڕیشەی ئەو بیروبۆچون و فیکرە هەڵە و نادروستانەی لە ناختدا چێنراوە دەربهێنی، ئەمەش پرۆسەیەکی گرانو دژوارە و تەنها بیرمەندە گەورەکان دەتوانن ئەنجامیبدەن، ئەوانەی بۆ زانینی



حەقیقەت و بەدەرخستنی ڕاستیەکان پێش میللەتەکانیان دەکەون، هەرچی میللەتە دەیان ساڵی دەوێ تاکو پێدەگاو تێدەگا و بەرچاوی ڕۆشندەبێتەوە. ئەم شتەش "کانت" بەوپەڕی هۆشیارییەوە لێی تێگەشتبوو، بەڵگەش بۆ ئەوە لە هەمان دەقدا دوای چەند پەرەگرافێك ئەمەی خوارەوە دەڵێ:

(بۆ ئەوەی ڕۆشنگەری بڵاوببێتەوە تەنها یەك شتمان پێویستە ئەویش ئازادییە. مەبەستم لە ئازادیش مافی مرۆڤە لە بەکارهێنانی ئاشکرای عەقڵی بە هەموو ئاراستەکان، بەڵام کاتێ من ئەم وشەیە (ئازادی) بەکاردەهێنم، تەماشا دەکەم لەهەموو لایەکەوە دەیکەنە هەراو هۆریا و هاوارکردن: خەڵکینە عەقڵی خۆتان بەکارمەهێنن! ئەفسەری سوپا دەڵێ "عەقڵتان بەکارمەهێنن، بەڵکو مەشق لەسەر مانۆڕی سەربازی بکەن یاخو فەرمانەکان جێبەجێ بکەن دواتر ناڕەزایی دەربڕن، یان هەرگیز ناڕەزایی دەرمەبڕن"، فەرمانبەری باجیش دەڵێ "عەقڵتان بەکارمەهێنن و لە شتەکان مەکۆڵنەوە، بەڵکو باجەکانتان بدەن!"، قەشەی مەسیحیش پێمان دەڵێ: "عەقڵتان بەکارمەهێنن و بێنەوبەردەی پێناوێ، بڕوا بێنن." ئەمانەش لە هەموو حاڵەتەکاندا بەرتەسکردنەوە و سنوردارکردنی ئازادییە).

لێرەوە ئەم هەموو ترسە چییە لە ئازادی؟ ئەم ترسانە مانای ترسی یاخیبونی بچوکە لە گەورە، ترسی یاخیبونی کوڕی کارەکەرە لە کوڕی خانم، یاخود کوڕی جوتیارە لە کوڕی دەرەبەگ، ترسی یاخیبونی

حوكمدراوە لە حاكمێكی زۆردار. لێرەوە خانەدان و دەوڵەمەندان لەدژی ئازادین، چونكە كۆیلایەتی بوونی خەڵك بۆ ئەوان زۆر گونجاوە. تەنانەت میللەتێكی ژێردەستە و چەوساوە، ئەوەندە ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی چەشتووە، حەز بە تامو چێژی ئازادی ناكات، ڕەنگە ڕاپەڕێ و تورەببێت و پێیناخۆش بێت گەر جەوروستەمەكەی سەرشانی لابرا.

كەس ناوێرێ عەقڵ بەكاربێنێ، چونكە هەموان بەدرێژایی چەندین سەدە ملكەچی هەمان سیستەمی باوكسالاری، پەتریاركی، دەرەبەگایەتی، فەندەمینیتاڵیزمی لاهوتی ستەمگەر بوون! كار گەشتە ئەوەی "كانت" بڵێ (ئەو حەماسەتەی گەلانی ئەوروپا، نەك بە تەنها گەلی فەرەنسی، بەرامبەر شۆڕشی فەرەنسی پیشانیاندا، لە خودی شۆڕشكە بایەخدارتر بوو.) لەبەرچی؟لەبەر ئەوەی ئەوحەماسەتە گوزارشتكردن بوو لە حەزی ئەو گەلانە بۆ پێشكەوتن و بەرەوپێشەوە چوون، ئامادەبوون نرخی ئەو پێشكەوتنەش بدەن، بێگومان لادانی شۆڕش لە ڕێگا ڕاستەقینەكەی خۆی و گەشتنی بە قۆناغی ترس و تۆقاندن و تیرۆر، پاشان لێكردنەوەی سەری "لویسی شازدەهەم" لە ژێر مەقسەڵەكەدا، هەموو ئەمانە "كانت"ی زۆر نیگەران كرد و پێیوابوو ئەو كارانە زیادەن و پێویست بەڕودانیان ناكات، بەڵام حەماسەتی بۆ بەرائەتی ئەو ڕوداوە شۆڕشگێڕییە كە لە قوڵایی گەلانەوە هاتبووە دەرەوە، گۆڕانی بەسەردا نەهات و ئیمانی بە دواڕۆژی مرۆڤایەتی و توانای مرۆڤایەتی بۆ هەرچی باشتركردنی بارودۆخی ژیانی خۆی زیاتر و زیاتر



بەهێزدەبوو. هەموو فەلسەفەكەشی بە تەنها بریتیە لە هەوڵدانێكی بلیمەتیانە بۆ پیشاندانی حەقیقەت لەبەردەم مرۆڤایەتی كە بەدەست ئێش و ئازارو دواكەوتوییەوە دەناڵێنێ.

"كانت" هەموو ژیانی تایبەتی خۆی كردە قوربانی ئەوەی بە تەنها خۆی بۆ ئەركێكی گرنگ تەرخان بكات ئەویش: ڕزگاركردنی ڕۆحی بەشەریەتە لەو كۆت و بەندانەی كە دەیخنكێنێ و خەریكە لەناویدەبات. "كانت" لەوە تێگەشتبوو ڕزگاركردنی ڕۆح، واتە سەركەوتنی ڕۆح بەسەر خودی خۆیدا، بەسەر كۆت و پێوەندەكانیدا، گەورەترین ئیشە كە فەیلەسوف پێیهەستێ و وەك دیارییەكیش پێشكەشی میللەتەكەی و سەرجەم مرۆڤایەتی بكات.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٤/٥/٢١

## جان جاک ڕۆسۆ..
## بیرمەندێک لە زەمەنی ڕاوەدوناندا



چی بڵێین دەربارەی ئەم ژیاننامەیە کە مامۆستایەکی زانکۆی برۆکسل دەربارەی "ڕۆسۆ" لە کتێبێکی حەوت سەد لاپەڕەیی گەورەدا پێشکەشی دەکات؟ ئایا ڕەوایە کورتبکرێتەوە یاخود دەکرێ تەنها لە وتارێکدا مافی تەواوەتی خۆی بدرێتێ؟ بێگومان نەخێر. من خۆم خەونم بەوەوە دەبینی، ئێستاش ئەو خەونەم هەر هەیە، کتێبێکی تەواو لەسەر "جان جاك ڕۆسۆ" بنوسم، حەزمدەکرد دەستەبەرداری هەموو شتێك ببم و خۆم بۆ نوسینی ئەو کتێبە تەرخان بکردایە.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی "ڕیمۆن ترۆسۆن" ئەم ناونیشانە لە خۆدەگرێ: (ڕێچکەی چونەپێشەوە بەرەو نەمری). دانەر لەم بەشەدا سەرگوزشتەی ساڵانی یەکەمی ژیانی "ڕۆسۆ" دەگێڕێتەوە، هەر لە سەرەتای لەدایکبونیەوە لە شاری (جنێف) تادەگاتە بڵاوکردنەوەی تێکستە بەراییەکانی کە گەیاندیانە لوتکەی ناوبانگ دەرکردن، بە تێپەڕین بە قۆناغی منداڵی و ڕاکردنی لە ئێوارەیەك لە ئێوارەکاندا لە جنێف و خۆخستنە باوەشی سروشتەوە بێ ئەوەی گوێ بە مەترسییەکان بدات.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ قەسەکردن لەسەر نیوەی دووەمی ژیانی "ڕۆسۆ"، واتە دوای ئەوەی بە تەواوی ناوبانگێکی زۆرپەیدا دەکات و هەروەها دوای ئەوەی زۆر بەتوندی دەکەونە شوێنی و ڕاویدەنێن. لەبەر ئەوەیە ئەم بەشە ئەم ناونیشانە دژە لەخۆدەگرێ:(پرسەیەکی دروشاوە بۆ خۆشبەختی). ڕاستە ئەوە خۆشبەختییە بگەیتە نەمری دوای ئەوەی کەسێکی هاکەزایی یاخود

بێنرخ بوبێت، بەڵام باجی ئەم نەمرییە باجێکی گرانە، بەڵکو زۆر لەوە گرانترە کە "ڕۆسۆ" چاوەڕوانی دەکرد. لێرەوەیە وشەی پرسە لەگەڵ وشەی خۆشبەختیدا هاتووە.

داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم، چونکە من لێرەدا تەنها لەسەر ساڵانی کۆتایی ژیانی "ڕۆسۆ" ڕادەوەستم کە تێیدا "ڕۆسۆ" لە ئەنجامی ڕاوەدونانێکی بەردەوام و گەڕان بەشوێنیدا لەلایەن چەندین گروپ و هێزەوە کە دەیانویست بەهەرشێوەیەك بێت تێکی و پێکی بشکێنن، تەواو شەکەت و ماندوببوو. لەڕاستیدا گەورەیی و مەزنی "ڕۆسۆ" لێرەدا دەردەکەوێ.. "ڕۆسۆ" تاکو دوا ساتەکانی ژیانی بەخۆڕاگری مایەوە و سەرسەختانە بەرگری لە حەقیقەتەکانی خۆیدەکرد. لێرەوەیە "ڕۆسۆ" دەبێتە شوێنی سەرنجڕاکێشانی نوسەرانی دوای خۆی، هەر لە "گۆتە"وە بۆ "تۆلستۆی" و "دیستۆفسکی" و "هۆلدەرلین"... "ڕۆسۆ" باجی هەموو ئەو شتانەی دا کەنوسینی.

بەشەکانی کۆتایی کتێبەکە ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێ: "ڕۆسۆ" ڕۆدەچێتە ناو وێڵگەیەکەوە نە سەرەتای هەیە و نەکۆتایی. "ڕۆسۆ" دەربەدەرێکی ونبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر. دواهەمین تێکۆشانەکان یاخود دواهەمین ململانێکان. "ڕۆسۆ" تەسلیمی قەدەرەکان دەبێ و دەڵێ: (خودایە مردنی جان جاك ڕۆسۆ با بەخواستی تۆبێت!). بەرپابونی شۆڕشی فەرەنسی و بەرزکردنەوەی کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بۆ پلەوپایەکی بەرز و دواجار بوونی ئەو کتێبە بە ئینجیلی شۆڕش. بڵاوبونەوەی وێنەکانی "ڕۆسۆ" لەسەر دەستی



شۆڕشگێڕەکان و چینە میللیەکان بە هەموو شەقامەکانی پاریسدا، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر و لە ژیانیدا "ڕۆسۆ" بۆی نەبوو لە پایتەختی فەرەنسا نیشتەجێ ببێت یاخود بە شێوەیەکی ئاشکرا لەنێو خەڵکیدا دەربکەوێ. گواستەنەوەی تەرمەکەی بۆ گۆڕستانی مەزنەکان(بانتیۆن) کە تاکو ئەم چرکەساتەش هەر لەوێدا و لەپاڵ نەیارە سەرسەختەکەیدا "ڤۆڵتێر" ڕاکشاوە. هەموو ئەم بەش و دیمەنانە لە کتێبەکەدا یەك لەدوای یەك دەردەکەون.

من لێرەدا لەسەر ئەو تاقە لاپەڕیە ڕادەوەستم کە تێیدا دانەری کتێبەکە "ڕیمۆن ترۆسۆن" باس لە گەڕانەوەی "ڕۆسۆ" دەکات بۆ ئەو خانووە کۆنەی دوای ڕاکردنی لە جنێف خۆشترین ساتەکانی ژیانی تێدا بردوەتەسەر. ئەودەم "ڕۆسۆ" تەمەنی شانزە ساڵ بووە.. ئاشکرایە لەو سەروبەندەدا "ڕۆسۆ" لەگەڵ هەندێ لە برادەرەکانی یاخود لەگەڵ کوڕە مامەکەیدا لە دەرەوەی شار سەرقاڵی یاریکردن دەبن.. کاتێ لە گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە دوادەکەون.. شار هەموو دەروازەکانی خۆی داخستووە.. ئیدی "ڕۆسۆ" بڕیاردەدات ڕابکات و سەری خۆی هەڵبگرێ و چیتر نەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی.. لەڕاستیدا بەپێچوانەی کوڕە مامەکەی..کەس نەبووە لەماڵەوە چاوەڕوانی "ڕۆسۆ" بکات.. "ڕۆسۆ" لەمێژبووە دایکی کۆچی دوایی کردووە، بگرە لەکاتی لەدایکبونیدا دایکی دەمرێ، باوکیشی ژنێکی دیکە دەهێنی.. ئیدی بۆچی بگەڕێتەوە و بۆ کوێش بگەڕێتەوە؟ بۆچی ڕووە و ئەو دەشت و دەرەی چواردەوری (جنێف)ی داوە ڕانەکات و بەشوێن ماڵێکی دیکەدا نەگەڕێ؟ بەشوێن

ئەگەری گەرمبونەوەیەکی تردا نەگەڕێ؟ هەر ئەمەش بوو ڕویدا. ڕێکەوت و قەدەر وایانکرد "ڕۆسۆ" بگاتە ماڵی ئەو ژنەی کە دواتر بەڕاستی دەبێت بە دایکی؛ واتە خانم "دوفرانس". ئەم خانمە سەرەتا لە پێشوازیکردنی "ڕۆسۆ" دوودڵە، بەڵام دواجار پێشوازی لێدەکات و دەیگرێتەخۆی. هەرچۆنێکبێت "ڕۆسۆ" لەم ماڵەدا بۆ یەکەمجار مانای دڵسۆزی و پەرۆشی و خۆشەویستی خێزانی دەدۆزێتەوە. ئەمەش بە ڕونی و ئاشکرایی لە کتێبی (دانپیانانەکان)دا دەردەکەوێ کە چەند لاپەڕەیەکی بۆتەرخان کراوە و زەمانە بەسەردەچێت و ئەو لاپەڕانە بەسەرناچن.

"ڕۆسۆ" لەو خانوەدا ڕۆژگارێکی خۆش و پڕ شەوق دەگوزەرێنێ کە تاماوەیەکی درێژ کاریگەریەکەی بەسەریەوە دەمێنێتەوە. ئەم ئافرەتە کە بەهیچ جۆرێ نە خزمی "ڕۆسۆ" بووە و نە پێشتر ناسیویەتی ئەوە "ڕۆسۆ" لە کتێبی(دانپیانانەکان) بەدایە بانگی دەکات.

"ڕۆسۆ" دایکی ڕاستەقینەی خۆی هەرگیز نەناسییوە، تەنها لە میانەی ئەو بیرەوەریانەوە نەبێت کە بۆیان گێڕاوەتەوە و لە سەرەتای (دانپیانانەکان)دا بە شێوەیەکی کاریگەر و ئەفسانەیی یادیدەکاتەوە. لێرەوە کاتێ "ڕۆسۆ" لە کتێبەکانیدا وشەی (دایە) بەکاردێنێ، ئەوا مەبەست لێی دایکی ڕاستەقینەی نییە، بەڵکو مەبەستی ئەو ژنەیە کە لە تەمەنی شانزە ساڵیدا دەیناسێ و ناوی خانم "دوفرانس"ە. شایەنی باسە دوا تێکست کە "ڕۆسۆ" نوسی و نەیتوانی تەواوی بکات(بەهۆی مردنی لەناکاویەوە) تەرخانکرابوو بۆ ئەو خانمە و پێشکەش بەیادی



ئەو کراوە. بەڵام دوای بردنەسەری چەند ساڵێك لەگەڵ ئەو خانمەدا، بارودۆخی ژیان "ڕۆسۆ" ناچاردەکات ئەو ماڵە جێبێڵێت و ڕووبکاتە پایتەخت و بەختی خۆی لە شاری پاریس تاقیبکاتەوە، پاریس شاری گەیشتن و ناوبانگ. ئیدی ئەوەی ڕویدا ڕویدا و "ڕۆسۆ" هیچ هەواڵێکی لەو خانمەوە پێناگات و پاش ماوەیەك مەدام "دۆفرانس" کۆچی دوایی دەکات بەبێ ئەوەی جارێکیتر "ڕۆسۆ" ببینێتەوە.

ئێستا ئا ئەوەتا "ڕۆسۆ" گەڕاوەتەوە ئەو ماڵەی کە باوەشی بۆ کردەوە و لە فەوتان و لەناوچونێکی ڕاستەقینە ڕزگاریکرد. ئەوەتا ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتای هەنگاوەکانی، بۆ ماڵە کۆنەکەی و یادگارییەکان بە ئاسانی و بە گوژم لە ڕوخساریدا دەردەکەون. ئەوەتا گەڕاوەتەوە بۆ ئەو خانووەی شوێنی گەمە و سەرکێشی و یاریەکانی منداڵی و ساڵانی یەکەمی گەنجیەتەکەی بوو. ئەو خانووەی بە ئامادەگی ئەو خانمە ئاوەدان بوو وەك ڕۆژی ڕوناك. ئەوەتا ئێستا "ڕۆسۆ" پیر و کەنەفت بووە و بە نەخۆشی و کەسەرییەوە گەڕاوەتەوە. گەڕاوەتەوە و هێندە ڕاویانناوە و پلانیان لەدژی گێڕاوە تەواو شەکەت و ماندوبووە. ئەوەتا گەڕاوەتەوە و خەم و خەفەت و ناسۆری باری سەرشانیان قورسکردووە و بستێ زەوی نەماوە بیگرێتە خۆی!

بەڵام دوای بیست و پێنج ساڵ دابڕان تەنها هێندە بەسە کەمەکێك چاوانی دابخا بۆ ئەوەی ببینێ دایکی لە پێدەشتەکاندا بەدوایدا ڕادەکات تاکو بیگرێ و ماچێکی بکات. هێندەی بەسە چاوانی لێکبنێ تاکو هەموو ژیانی پێشوی بە زیندووی و وەك خۆی چۆن بووە ئاوا ببینێتەوە، بەڵام سەرەتا پێویستە سەردانێکی گۆڕستانەکە بکات، زمانحاڵی گۆڕستانەکە

دەڵێ: (بەخودا سوێندت دەدەم گەر لەو دەوروبەرە دورەوە تێپەڕیت و ئەو گۆڕە بەجێماوەت بینی کە خەریکە شوێنەواری نامێنێ و گژوگیای دەشتەکی دایپۆشیوە، توو زاتی خوا بۆ ساتێك لابدە لای و بەسەریدا بنوشتێوە و لە باتی من خۆڵەکەی ماچ بکە!).

هەرواش بوو، "ڕۆسۆ" دوای ئەوەی سەردانی ماڵە کۆنەکەی دەکاتو چەند جارێ بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، دوای ئەوەی تەماشایەکی پێدەشتە دڵگیرەکەی ئەو دەوروبەرە دەکات کە دەکەوێتە نێوان فەرەنسا و سویسراوە، یەکسەر بەرەولای گۆڕستانی هەژارەکان هەڵدەگەڕێ. لەوێ خۆیدەدا بەسەر گۆڕەکەدا و دەستدەکات بە ماچکردنی و دەموچاو هەڵسوان لە خۆڵەکەی، بەشێوەیەك دەستدەکات بە گریان لە دوورەوە هەنسك و ناڵینەکانی دەبیسرێ. لەوێ بەسەر گۆڕەکەدا دەنوشتێتەوە تاکو بەهەردوو دەستی گۆڕەکە لەئامێزبگرێ. پاشان دەستدەکات بە تۆبەکردن و لێخۆشبون لە گوناهەکانی، چونکە نە مردنەکەی خانم "دۆفرانس"ی بینی و نە لە دواساڵەکانی ژیانیدا و پێش ئەوەی بمرێ نەیتوانی یارمەتیبدات.. ئیدی "ڕۆسۆ" لەوێدا ڕۆژانی ڕابردوی دەکەوێتەوەبیر، ئەو ڕۆژانەی دەکەوێتە بیر کە بۆ دواجار ئەو خانمەی بینی، ئەویش پێش چەند ساڵێك لە مردنەکەی بوو..ئەودەم "ڕۆسۆ" تازە لە پاریس گەڕابووەوە و ماوەیەکی زۆریشی بوو لەیەکتر دورکەوتبونەوە، "ڕۆسۆ" ئەوکات تەواوێك ناو ناوبانگی دەرکردبوو. سەرەتا "ڕۆسۆ" ناتوانێ خانم "دۆفرانس" بناسێتەوە، چونکە ئەو ئافرەتە حاڵەتی هێجار تێکچو بوو هەروەها تەواوێك گۆڕابوو.. "ڕۆسۆ" کاتێ سەلام لەو خانمە دەکات هەست بە ترس و شپرزەییەکی زۆر دەکات، خانمەکەش



تەواوێك دڵخۆش و شادمان دەبێت و باوەڕ بە چاوی خۆی ناکات و باوەڕ ناکات ئەو منداڵە دەربەدەر و بێکەسەی ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆیکرد بە ماڵەکەیدا، ئێستا بووەتە "جان جاك ڕۆسۆ!" بۆیە لەیەك کاتدا هەم خۆشبەختە و هەم واقیشی وڕماوە. "ڕۆسۆ" بەسەریدا دەنوشتێتەوە و دەستەکانی ماچ دەکات.

ئەم گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو گەڕانەوەیەکی لەسەرخۆ و تێڕامانێکی هێمنانەیە. دانەری کتێبەکە "ڕیمۆن ترۆسۆن" سەبارەت بەم گەڕانەوەیە دەڵێ: (ئەم گەڕانەوەیە دڵی "ڕۆسۆ"ی شەقار کرد، چونکە ڕابردوو ناگەڕێتەوە و ئەو ئافرەتە قەشەنگ و جوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٧٢٨ پێشوازیلێکرد و دەرگای ماڵەکەی بۆ کردەوە، چیتر لێرە نییە تاکو بە ئامادەبونی ئەو ناوە پڕبکات. لە گۆڕەکەشیدا تەنها لاشە بەنرخ و مەزنەکەی نەشاردراوەتەوە، بەڵکو جوانترین ساڵەکانی گەنجیەتی "ڕۆسۆ"ش شاردراوەتەوە).

دواتر "ڕۆسۆ" هەواڵی ئەو خانمە لە دەرودراوسێکان دەپرسێ و دەزانێ ئەو خانمە لە دواساڵەکانی ژیانیدا تەواو هەژارکەوتووە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ئافرەتێکی خانەدان بووە، بگرە دەرگای ماڵەکەی بۆ هەموو کەسێکی دوور و نزیك لەسەر پشت بووە و میوانداریێکی دڵفراوان بووە... "ڕۆسۆ" ئەودەم تێدەگات دوژمنەکانی تەنانەت لێرەشدا دەستی خۆیان لێوەشاندووە.. دوژمنەکانی ویستویانە بە ئازاردانی ئەم خانمە ئەویش ئازاربدەن.. لەوەشدا سەرکەوتوبوون.

ئەی "شوازێل")ی وەزیر بە یەزدان سوێندی نەخواردووە کە دەبێ سەر

بە "ڕۆسۆ" شۆڕبکات؟ یان گەر سەریشی پێشۆڕنەکات ئەوا دەبێ پشتی بشکێنێ؟ کێش دەتوانێ تەحەدای ئیرادەی وەزیرێکی بەهێزی "لویسی پازدەم" بکات. ناحەز و نەیارەکان "ڕۆسۆ"یان لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا گەیاندە حاڵەتی وڕێنەپێکردن و شێتی..

"ڕۆسۆ" دەترسا دوای مردنی کتێبەکانی بشێوێنن، بۆیە بەشوێن چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزدا دەگەڕا تاکو وەك ئەمانەتێك کتێبەکانی لایاندانێ، بۆ ئەوەی دوای مردنی کتێبەکانی وەك خۆی بڵاوبکرێنەوە.

پێویستە بوترێ کتێبەکانی (دانپیانانەکان) و (گفتوگۆکان) و (خەونی پیاسەکەرێکی تەنها) تاکو "ڕۆسۆ" لە ژیاندا بوو بڵاونەکرانەوە، چونکە دوای ئەوەی حوکمی بەندکردنی هەتا هەتایی بەسەردا بڕا، بڵاوکردنەوەی کتێبەکانییان لێ قەدەغەکرد. مەسەلەکە گەشتە ئەو ئاستەی "ڕۆسۆ" جارێکیان بیری لەوەکردەوە سەرجەم دەستنوسەکانی بداتە کڵێسای (نۆتردام) کە دەکەوێتە گەڕەکێکی (لاتینی) لە ناوەڕاستی پایتەختی فەرەنسا و ئەم وشانەشی لەسەر دەستنوسەکانی نوسیبوو: (خودای زوڵملێکرا و چەوساوەکان، یەزدانی بەحەق و دادپەروەری، ئەم ئەمانەتە لە کەسێکی غەریبی بێ جێگا و ڕێگا و بێبەخت وەربگرە، کەسێکی تەنهای بێ پاڵپشت و بێ هاوڕێ لەسەر ئەم گۆی زەوییە، کەسێك لەلایەن تەواوی نەوەیەکەوە گاڵتە و سوکایەتی پێدەکرێت، کەسێ قەشمەری پێدەکەن و خیانەتی لێدەکەن.. زۆر بەدڵنیاییەوە چاوەڕوانی ڕەحمەتی تۆ دەکەم و پشت بە دادوەری تۆ دەبەستم و خۆم تەسلیمی قەدەری تۆ دەکەم).

خۆشبەختانە ئەو ڕۆژەی "ڕۆسۆ" دەچێت بۆ کڵێسا تاکو



دەستنوسەکانی لێدانێ، کڵێساکە داخرابوو، چونکە گەر ئەو دەستنوسانەی لەوێ دابنایەو بکەوتایەتە دەستی قەشەیەکی کاسۆلیکی دەمارگیری دژ بە پرۆتستانت، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەر هەمووی بزردەبون یاخود ئەدڕێنران و دەفەوتان..جگە لەوە ئەوان-پیاوانی ئاین- "ڕۆسۆ"یان تەنها بەکەسێکی گومڕا نەدەزانی، چونکە ئینتیمای بۆ مەزهەبی کەمینەی پرۆتستانت هەبوو، بەڵکوبەکافریشیان دادەنا، چونکە لێکدانەوەکانی بۆ ئاینی مەسیحی تەواو جیاواز و دژ بوو لەگەڵ لێکدانەوەکانی ئەوان..لەوەش خراپتر ئەوەبوو عەشیرەتەکەی "ڕۆسۆ" بەهۆی بیروباوەڕە ئازا و بوێرییەکەیەوە لەسەر ئاین، ئەوانیش گلەیی و سەرزەنشتیان دەکرد. کەچی هەر ئەو بیروڕایانەش بوو بە دەساڵ دوای مردنی "ڕۆسۆ" سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. بگرە هەر ئەو بیروڕایانە بوو دوای هاتنەئارای سەدەکانی مۆدێرنەی ڕۆحیو فیکری، بوونە کاکڵەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبوون.

ئەوە "جان جاك ڕۆسۆ" بوو دوای ئەوەی وێنەیەکی عەقڵانی دەربارەی خودی ئاین خستەبەرچاو، توانی جەوهەری ڕۆحی و عەقڵانی ئاین ڕزگاربکات. بەڵام ئەوە بۆ ئەوکات کارێکی ئەستەم سەخت بووە، کارێك بووە پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو. لەبەر ئەوەیە تاکو "ڕۆسۆ" خۆی لە ژیانیدا بوو ئەو بیروڕایانەی ڕۆشناییان نەدی. مەسەلکە گەشتە ئەو ئاستەی "ڕۆسۆ" لە ساتێك لە ساتەکانی بێزاریدا، دادەبەزێتە نێو شەقامەکانی پاریس و ئەم بڵاوکراوەیە بڵاودەکاتەوە و دەیداتە دەست خەڵکی، بڵاوکراوەکە شتێکی ئاوای تێدا نوسراوە: (بۆ هەموو فەرەنسییەك کە تاکو ئێستا

دادپەروەری و حەقیقەتی خۆشدەوێ، ئەی فەرەنسیەکان من ڕاستەوخۆ ڕووی قسەکردنم لە ئێوە دەکەم.. ئەی ئەو نەتەوەیەی پێشتر دڵساف و بەڕەوشت بوون، ئەوە ئێستا چیتان لێقەوماوە؟ بۆچی گۆڕاون؟ ئەم بیانیە هەژار و داماوە بۆ دەچەوسێننەوە کە پەنای بۆ ئێوە هێناوەو لەنێوتاندا دەژی، ئەم هەموو دووڕوویی و پیلان و دۆرودەلەسە و پڕوپاگەندانە چین لە دژی من هەڵیدەبەستن؟).

بەڵام خەڵکەکە بێئاگابوون لە "ڕۆسۆ" و نەیاندەناسی کە وەك سواڵکەرێك دەستی درێژ کردبوو تاکو بڵاوکراوەکەیان بداتێ.. گەر ئاگاداریشی بونایە و بشیانناسیایە و بڵاوکراوەکەشیان لێوەربگرتایە، ئەوا دوای خوێندنەوەی بۆیان دەگەڕاندەوە یان فڕێیان دەدایە سەرزەوی، چونکە ئەوان گومانیان لە عەقڵی "ڕۆسۆ" دەکرد. ئابەم شێوەیە تەنها کەسێکی نەدۆزییەوە لێیتێبگات، هەستی دەکرد زەوی لە ژێرەوە خەریکە قوتی دەدات، هەستی دەکرد لە بیابانێکی پڕ لە ئادەمیزادایە، نەیدەزانی جارێ ڕۆژی خۆی نەهاتووە و تەنها دوای مردنیشی ڕۆژی دێت. ئەو دەمەش کە ڕۆژی هات هەموو پاریس بەڕۆژی ڕوناك و بەبانگی ئاشکرا وێنەکانی بەرزدەکەنەوە. بەڵام ئێستا کات و ساتی ئەو نییە و تا ئاستی سەرخۆشبوون دەبێ تامی ناسۆری و سوکایەتکردن بچێژێ. لە ڕاستیدا "ڕۆسۆ" دەیزانی ڕۆژ و ساتی خۆی دێت، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەم وشانەی خوارەوەیە:

(با مرۆڤەکان لە دژی من هەرچییەك دەکەن بیکەن، بەڵام ڕۆژێ دێت ئاسمان کاری خۆیدەکات، نازانم ئەو ڕۆژە کەی و چۆن و لەکوێیە، بەڵام ئاسمان تۆڵەی من دەکاتەوە، من بەدڵسۆز دەزانێ، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە



حوکمی ئاسمان حوکمێکی مەزن و عادیلانەیە و ڕۆحی منیش ڕۆحێکی پاك و بێگەردە و شایەنی ئەم هەموو چارەنوسە ناخۆشە نییە).

شتی سەیر و سەرنجڕاکێش لە "ڕۆسۆ"دا، ئەمەش دیسانەوە مەزنی ئەو دەردەخات، ئەوەیە کە "ڕۆسۆ" پاش ئەوەی بە درێژایی دوا بیست ساڵی کۆتایی ژیانی، ناحەز و نەیارەکانی هەرچییەکیان ویست پێیانکرد، کەچی ئەو لە ڕەحمەت و میهرەبانی خودا بێهیوا نەبوو.. نەکەوتە ناو بازنەی عەدەمیەتەوە وەك ئەوەی هەندێ بیرمەندی دیکە تێکەوتن. تەنانەت دوای ئەوەی تلاندیان لە قوڕەوە و لەسەرتاپای ئەوروپادا و لە ڕێگەی قسەو قسەلۆکەوە سومعەیان لەکەدار کردو شێواندیان، کەچی تێگەشتنی بۆ حەق و دادوەری گۆڕانی بەسەردا نەهات و نەکەوتە کوفرکردن. ئەو تەواو لەوە دڵنیابوو ڕۆژێ دێ حەقیقەت دەردەکەوێ و هێزی تاریکگەرا و پلانگێڕان و تاوانکار پەتیان کورتە و ڕیسوادەبن. لەو بڕوایەدام ئەمە گەورەترین وانەیە "ڕۆسۆ" پێشکەشی ئێمەی کردووە، وانەیەکە لەسەرمانە زۆر بە باشی لەبەریبکەین، چونکە وانەیەکە بۆ هەموو کۆمەڵگاکان و بۆ هەموو سەردەمێك دەگونجێ.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٤/٤/٤

# بەشی دووەم

## ئەو شاعیرەی مرد

## تاکو شیعر بژی



فیکرەی ئەم کتێبە کە بەم دواییانە لەپایتەختی فەرەسا دەرچووە، فیکرەیەکی جوانە، رەنگە زیاد لەجوانیش بێت. ئەم کتێبە لەدوتوێی لاپەڕەکانیدا بیروڕای شاعیرو فەیلەسوفە گەورەکانی سەبارەت بە"ئارسەر رامبۆ" لەخۆگرتووە. ئاشکرایە ئەم شاعیرە کە لە موعجیزە دەچێت، بووەتە دیاردەیەکی جیهانی نەك تەنها فەرەنسی، تا ئێستاش لەکۆمەڵێ شتدا خەڵکی سەرسام دەکات، یەکێ لەوشتانە لەتەمەنی پازدەساڵیدا، واتە هەر لە منداڵییەوە بەهرە و دروشانەوەی شیعری تیادەرکەوت، ئەمەش لەمێژوودا وێنەی نییە، تەنها "مۆزارت" نەبێ لەبواری مۆسیقادا. دووەم شت لەتەمەنی نۆزدەساڵیدا یاخود لەبیست ساڵیدا دوای ئەوەی شۆڕشێکی رادیکاڵانەی لەشیعردا بەرپاکرد، وازی لەشیعرنوسین هێنا، واتە لەکاتێکدا وازی لەشیعر هێنا کە لای هەندێ کەسی دیکە تەمەنی دەستپێکردنی نووسینی شیعرە یاخود پەخشانە، ئەمە گەر دەستیان پێکردبێت.

دواتر وەك بێدەنگی گۆڕەکان بێدەنگ بوو، هەروەها بەدرێژایی ئەو بیست ساڵەی دیکە کە لەژیاندا مابووی، رازی نەبوو یەك دێڕە شیعری دیکە بنووسێت. بگرە بەتەواوەتی پشتی کردە شیعرو وەك ئەوەی هەرگیز بەلایەوە گرنگ نەبووبێت. لەوەش زیاتر، رازی نەبوو بایەخ بەشیعرەکانی خۆی بدات یاخود کۆیانبکاتەوە یان بڵاویانبکاتەوە، مەبەستی بوو شیعرەکانی خۆی لەناوبەرێ‌و لەسێدارەیان بدات، وەك ئەوەی هەرگیز شیعری نەنووسیوەو بەدرێژایی ژیانی سەرەتای گەنجییەتی بیری لێنەکردبێتەوەو سەرقاڵی نەکردبێت. ئەمە

لەکاتێکدایە ئەوانیتر پەلەو هەڵپەیانە دیوانەکانیان بلاّوبکەنەوە، کەچی "رامبۆ" دەیویست دیوانەکانی لەتوپەت بکاو لە وجودا بیانسڕێتەوە.

ئا بەم جۆرە دابڕانێك لەژیانی ئەم پیاوەدا کە ناوی "ئارسەر رامبۆ"یە روویدا، کاتێ لەگەورەترین شاعیری سەدەکانی مۆدێرنەوە گۆڕا بۆ کەسێك ئیشی بووە فرۆشتنی قاوەو پێستەو چەكو چۆڵ لەشاخەکانی (حەرار)و ئەسیوبیا و عەدەن. بووە کەسێك هیچ پەیوەندییەکی بەکەسەکەی پێشترەوە نەمابوو. لە(حەرار) کاتێ زانیان "رامبۆ" کێیەو رابردووە شیعرییەکەیان بیردەخستەوە، زۆر پەست دەبوو، هەوڵیدەدا خۆی لەهەموو پرسیارەکان بدزێتەوەو نەفرەتی لەهەموو ژیانی پێشتری دەکردو شیعرەکانیشی بە(خلّتە) وەسف دەکردو ئەو قۆناغەشی بەپیسترین و بەدترین قۆناغ ناودەناو لەخەڵك دەپاڕایەوە هەرگیز سەبارەت بەو قۆناغە پرسیاری لێنەکەن. بەم شێوەیە وتە بەناوبانگەکەی خۆی بەسەردا سەپا کە دەیووت: (من کەسێکی دیکەم.. من من نیم).

ئاخۆ رۆشنبیرە گەورەکانی جیهان سەبارەت بەم (راگوزەرە گەورەیە) کە گوزارشتێکی "ماسۆر مێیە"یە دەڵێن چی؟ ئەم کتێبەی بەردەستمان وەلاّمی ئەو پرسیارە دەداتەوە. بەداخەوە من ناتوانم وەلاّمی هەموویان پێشکەش بکەم و بیانخەمەڕوو، چونکە ئەوە پێویستی بەدەیان بگرە بەسەدان لاپەڕە هەیە. بۆیە تەنها لەسەر وەلاّمی هەندێکیان رادەوەستم.

سەرەتا وەلاّمی "ئەنتۆنیۆ ئارسەر" پێشکەش دەکەم، ئەو شێتە



مەزنەی کە رەنگە لە "ڕامبۆ" تێگەشتبێت یاخود گەشتبێتە ئاستی ئەو. "ئەنتۆنیۆ" ئەم پەرەگرافە تاك و تەنهایە دەڵێ: (جیرار دەرنیفال، ئەدگار ئالان پۆ، بۆدلێر، لۆتەر یامون، نیتچە، ئارسەر رامبۆ نە لەبرساندا، نە بەنەخۆشی، نە لە بێزارییەکی کوشندە، نە لە نەبونیەکی لەڕادەبەدەردا مردن، بەڵکو ئەوان مردن چونکە دەیانویست بیانکوژن!).

مەبەست لەوەش ئەوەیە کۆمەڵگا ئەوانی کوشتو "رامبۆ"ش خۆی خۆی کوشت، چونکە کۆمەڵگا لەحەقیقەتی ئەوانە تێنەگەشتبوو، یاخود بڵێ تەنها دوای ئەوەی کار لەکار تراز لێیان تێگەیشتبوو. لەدیدی "ئارسەر رامبۆ"دا کۆمەڵگا تاوانبارێکی بێ بەزەییو بێ رەحمەو ناتوانێ لەبلیمەتەکان تێبگا، هەر بۆیە ئەو بلیمەتانە دەگۆڕدرێن بۆ شێت یاخود لایەنی شیعری خۆیان دەکوژن، وەك ئەوەی "رامبۆ" ئەنجامیدا.

"پۆل ڤێرلین" کە لەهەموو کەس زیاتر "رامبۆ" دەناسیو گەر ئەو نەبوایە ئەوا شیعرەکانی بۆ هەتا هەتایە بزردەبوون، ئەم دەستەواژەیە دەنووسێ: (نە فریشتە بوو نە شەیتان، بەڵکو ئەو ئارسەر رامبۆ بوو، واتە شاعیرێکی مەزنو گەورە).

"مارسێل برۆست" خاوەنی رۆمانی بەناوبانگ (گەڕان بەدوای زەمەنی بەسەرچودا) دەڵێ: (ئەو حاڵەتێکی تایبەت و ئاوارتەیەو، وەك بڵێی لەسەروی ئادەمیزادەوەیە!).

دواتر "مارسێل برۆست" دان بەوەدا دەنێ کە دایکی یاخود باپیری حەزیان نەکردووە بکەوێتە ناو ئەو دۆزەخە گەورەو ئێشو ئازارە ترسناکەی کە "رامبۆ" و "بۆدلێر" و "ئەدگار ئالان پۆ" و "ڤێرلین"

کەوتنە ناوییەوە.

"لویس ئاراگۆن" سەبارەت بە "ڕامبۆ" دەنووسێو دەڵێ: (لەسپێدەی یەکێك لەبەیانیە خەمبارەکاندا کتێبی (ئیشراقات)م کردووە، بینیم روخسارە نائومێدەکەی ژیان لەبەردەممدا رەوییەوە).

"عەزرا پاوەند" لەو باوەڕەدایە (شیعر دوای رامبۆ یەك هەنگاو چییە نەچوەتە پێش، یاخود بلێ تۆزقالێکی زۆر کەم چووەتە پێش) ئەمەش گەورەترین مەدحە بۆ "رامبۆ".

"بێر جان جۆن" ئەم پەرەگرافە پڕ دەلالەتەو دواجار راستە دەڵێ: (شتێکی ئاشکراو بەلگەنەویستە، رامبۆ ژیانی خۆی گلاۆوکردو تێك و پێکی شکاند تاکو لەشیعرەکانیدا پاکژی رەها بەدەست بێنێ. رامبۆ مرد تاکو شیعر بژی).

بەمانایەکی تر "رامبۆ" قوربانیدا بەژیانی شەخسیو تایبەتی خۆی تاکو چەند شیعرێك بنووسێ کە لەبەرائەتی رەها نزیك ببێتەوە. "رامبۆ" لە (بەشێك لەدۆزەخ) ئەم پەرەگرافە دەنووسێ: (ئەو کەسەی دەیەوێ خۆی تێکبشکێنێ کەسێکی گوناهبارو نەفرەتلێکراوە، مەگەر وانییە؟). "رامبۆ" خودی خۆی تێکشکان، خۆی لەناوبرد، تاکو شیعر بباتەوە..

"فلوبێر" و هەموو بلیمەتە گەورەکانی دیکەش هەروایانکرد، هەموو ژیان لەبەردەم تەنها چرکەیەکی داهێناندا هیچ نییە. لەهەمان دیوان و بەدروستی لەلاپەڕەکانی دوایدا، ئەم پەرەگرافەی دیکە دەنووسێ کە گوزارشتە لەسەختی ئەو جەنگە دەروونییەی کە "رامبۆ" لەگەڵ خۆیدا



بەرپایکردبوو و تێیدا دەژیا، ئەم پەرەگرافە بەسە بۆ ئەوەی یادی وەك شیعرو وەك فیکر بەرز راگیرێ: (جەنگ لەگەڵ خود ترسناکترە لەجەنگ لەگەڵ پیاوانی تردا) لەمەوە ئەو دەرئەنجامە بەدەست دەهێنین کە هەر شاعیرێك لەگەڵ خۆیدا نەکەوێتە جەنگێکی قورسو سەخت ناتوانێ لە "دیستۆفسکی"و "بۆدلێر"و "رامبۆ" و "ئەنتوان ئارتۆ" و "نیتچە" و "رینییە شار" بگات. بەم مانایە دەکرێ زۆربەی ئەدەبەکەمان بەبێ گرفت فڕێدەینە زبڵدانەوە.

"جان پۆل سارتەر" تەواوێك راستی پێکاوەو قوڵترین شیکاری بۆ دیاردەی "رامبۆ" پێشکەش کردووە کاتێ لەگەڵ "بۆدلێر"دا بەراوردیان دەکات، بێگومان "بۆدلێر" بلیمەت بوو، بەلام لەموغامەرەی داهێنانە شیعرییەکەیدا لەناوەڕاستی رێگاکەدا رادەوەستێ، دواتر پاشەکشە دەکاتو پەشیمان دەبێتەوە، لەعاقیبەتی ئەو موغامەرە شیعرییە شێتانەیە دەترسێ گەر بێتو بەردەوام بێتو تاکو کۆتایی لەگەڵیدا بڕوات، "بۆدلێر" تووشی ترسو دڵەڕاوکە دەبێ کاتێ هەست دەکات کە لەسەردەمو هاودەمەکانی بەتەواوی دادەبڕێ، بەلام "رامبۆ" نەدەترسێو نەپەشیمانیش دەبێتەوە. "ڕامبۆ" خۆیدەهاوێتە ناو موغامەرە شیعرییەکەیەوە، ئیدی دەرئەنجامو رەنگدانەوەی ئەو خۆهاویشتنە هەرچییەك بێت بەلایەوە گرنگ نییە. تەنانەت گەر ئەو خۆهاویشتنە بیگەیەنێتە شێتی تەواو یاخود ببێتە هۆی دابڕانێکی رەها لەگەڵ سەردەمو هەموو جیهان، بەم مانایە "رامبۆ" لە "بۆدلێر" ئازاترو جەربەزەتر بووە، "رامبۆ" گەورەترین شاعیری ئازاد و سەرکێش بووە لەمێژوودا. لێرەوەیە شیعری پڕە لەبارگەیەکی ناکۆتا لەئازادی، هێزی

راکێشانی شیعرەکانی کە ناتوانین خۆمان لەبەردەمیدا راگرین‌و تاکو ئێستاش سەرسامان دەکات، هەر لێرەوەیە.

"میشێل بۆرتۆر" ئەم پەرەگرافە جوانە سەبارەت بەڕامبۆ دەڵێ: (مەحاڵە حەقی قسەکردنی بدەینێ، لەوەش مەحاڵتر ئەوەیە حەقی قسەکردنی نەدەینێ، چونکە ئەو تا ئەبەد بۆ ئێمە قسەی کردووەو لەناوەوەی هەر یەکێکماندا قسەی کردووە).

"سێوارن" وەك عادەتی خۆی لە ئاژاوەنانەوەو گێچەڵکردن، قوڵترین لێکدانەوە بۆ بێدەنگی رامبۆ دەکات و دەڵێ: (هیچ شتێ لای رامبۆ چاوەڕوانکراو سروشتی نییە، تەنها (بێدەنگییەکەی) نەبێت. ئەو لەکۆتاییەوە دەستیپێکرد، بەیەك جار گەشتە دوا سنوری خۆی، ئەو نەیدەتوانی ئەو سنورە ببڕێ گەر خودی خۆی‌و داهێنانەکانی پێشووی رەتنەکردایەتەوەو حاشای لێنەکردنایە، ئیدی بێدەنگ بوو، کارێکی باشی کرد کە بێدەنگ بوو. گەر هەشتا ساڵی بژیایە، ئەوا ناچار دەبوو قسەو باسی لەسەر شیعرەکانی بکردایە، لەسەر تەڤینەوە شیعرییەکانی سەرەتای، دواتر دەبوایە بەردەوام لێکدانەوەی بۆ بکردنایە، ئەوەدەمیش گەورەترین تاوانی لەمێژودا جێبەجێ دەکرد، تاوانێك دەگەشتە ئاستی سوککردن و ناحەقیکردن بە شیعر).

بەم جۆرە دەبینین بێدەنگی "رامبۆ" هەموو کەسێکی بێزارکرد تەنها "سێوران" نەبێ! بەڵام ئایا "سێورانگ راست ناکات؟ ئایا "رامبۆ" لەماوەی چوار یان پێنج ساڵی تەڤینەوە شیعرییەکانیدا هەموو ئەو شتانەی نەبەخشی کە دەبوایە بیبەخشێ؟



ئایا خۆی دووبارە نەدەکردەوە وەك زۆرێك لەو شاعیرانەی ساڵانە بەشیعرو دیوانەکانیان گەمارۆمان دەدەن‌و گەر سەد ساڵیش بژین ئەوا هەر خۆیان دووبارە دەکەنەوە؟ ئایا پێویست نییە لەسەر شاعیرەکان بزانن کەی لەنووسینی شیعر رادەوەستن، بۆ ئەوەی زەرەر بەمەسەلەی شیعر نەگەیەنن، بۆئەوەی شیعرەکانیان دووبارەو سێ بارە نەبێتەوە؟ ئامۆژگارییەکە بۆ شاعیرە مەزنەکانی عەرەب، ئەوانەی مەزن بوون. "رامبۆ" کارێکی باشیکرد کاتێ بێدەنگ بوو، ئەو کەرامەتی بەخشییە شیعرو بەرائەتی بەخشییە داهێنان کە هیچ خڵتەیەك لەخۆناگرێ.

ئێستا دەچمە سەر بیروڕای "ئۆکتا فیوباز" کە نابێ هەروا بەئاسانی بەسەریدا تێپەڕم.

باز دەڵێ: (رەنگە ئەوەی لەواقعی ئێستادا بۆ یەکەمجار شێوە دۆزەخیەکەی یاخود بازنەییەکەی بزاوتی مێژووی بینیبێ، رامبۆ بووبێت. ئەو تەنها بەمانای مەجازی وشەکە نەیبینی، بەڵکو بەمانای حەرفی وشەکەش بینی. ئیشەکانی بریتییە لەئیدانەکردنی کۆمەڵگای مۆدێرن، کۆمەڵگای (پیشەسازی، ئالی، جەماوەری وەك مێگەل)، بەلاٌم لەدیوانە کۆتاییەکەیدا (بەشێ لەدۆزەخ) دەستیکرد بەئیدانەکردنی خودی شیعر! دوای دیوانی (بەشێك لەدۆزەخ) چیتر ناتوانین تاقە شیعرێك بنووسین گەر هەست بەگوناهو ئازاری ویژدان نەکەین، ئایا نووسین دوای "رامبۆ" نەبووەتە کارێکی سەخیف یاخود درۆزن؟ ئێمە دوو هەڵبژاردنمان لەبەردەمدا بوو کە "رامبۆگ هەردووکیانی جێبەجێکرد: یان دەستکردن بوو بە ئیشوکار و رۆچونە نێو ژیانی ڕۆژانەوە (ئیشکردن لەحەرار و یەمەن)، یاخود نووسینی

دواهەمین قەسیدە کە وەك کۆتایی هێنانە بەشیعر. دەڵێن شیعری تازە شیعرێکە بۆ شیعر، لەوانەیە ئەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە راستبێت، بەلاّم لەدەستپێکردنی (بەشێك لەدۆزەخ)ەوە شاعیرە گەورەکانمان تێکشکاندنی شیعریان کردووە بەبەرزترین شێوازی شیعری. شیعرەکانیان بووەتە رەخنەگرتن لەئەزمونی شیعری، لەزمان و مانا، رەخنە لەشیعر یاخود لێکهەڵوەشاندنەوەی شیعر، ئیدی زمانی شیعری لەڕەتکردنەوەی ئاخاوتنەوە گەشەی دەکرد، بەم جۆرە بازنەکە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی داین، بەمانایەکی دیکە چیتر هیچمان لەبەردەما نەما تەنها بێدەنگی نەبێت).

ناتوانم هیچ شتێ لەسەر قسەکانی ئۆکتافیوباز بڵێم، چونکە دەترسم عەقڵم لەدەست بدەم یاخود ئەوەندە عەقڵەی کە ماوەتە لەدەستی بدەم، ئەمە ئەگەر شتێکم مابێ.

"جۆرج باتای" سەبارەت بەنەخۆشکەوتنی "ئارسەر رامبۆ" قسەدەکاتو ئەم پەرەگرافە نایابە دەنووسێ کە تەنها فەیلەسوفەکان دەتوانن بینوسن، ئەوانەی دەزانن لەکوێدا سنوری شیعر کۆتای دێت تاکو سنوری فەلسەفە دەستپێبکات. "جۆرج باتای" دەڵێ (گەورەیی رامبۆ لەوەدایە شیعری بەرەو شکستهێنان بەشیعر برد، شیعری بەرەو دوا سنوری خۆی برد کە ئیدی لەدوایەوە هیچ سنورێکی دیکە نییە، ئەودەم زانی شیعر ئامرازێك نییە خود بتوانێ لەناسینی خۆیدا بەکاری بهێنێ).

بەمانایەکی تر ئەو مەعریفەیەی شیعر بەرهەمی دەهێنێ بەس نییە، بەڵکو دەبێ مەعریفەی فەلسەفی تەواوی بکات، ئا بەم جۆرە دەگەڕێینەوە بۆ



ئەو ململانێ ئەزەلییەی نێوان شیعرو فیکر: کامیان گرنگترەو لەکوێدا پێکدەگەنو لەکوێدا لەیەك جیا دەبنەوە. لێرەدا دەچینە ناو وێڵگەیەکەوە کە عەقڵ بەرەو شێتبوون دەبا.

ئیدی لێرەدا دەوەستمو ئەوەی "رینییە شار" و "رۆلان پارت" و "برێخت" و "مۆریس بلانشۆ" و "ئەلبێرت کامۆ" و "بۆرخێسگ" و "ئەندرێ بریتۆنگ" و "ئیف بۆنفدا" و "جان جینییە" و "مارتن هایدگەر" و ئەوانی دیکە سەبارەت بە "ڕامبۆ" نووسیویانە پشتگوێ دەخەمو داوای لێبوردنێکی زۆریش لەخوێنەر دەکەم بۆ ئەو تاوانەی بەبێ ویستی خۆم ئەنجامم داوە، بەلاّم ناتوانم کۆتایی بەم وتارە بێنم پێش ئەوەی شتێك لە "ڕامبۆ" خۆیەوە وەرنەگرم، سەرەتاکەشی ئەم دێڕەیە کە خەریکە دەمکوژێ:

(ئەفسوس، شیعرم باڵەکانی خۆی پێچایەوە)

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٦/١/٤

## شاعیرێک لەسەر لێواری شێتبوون ژیا، ئەوەی ئەو بینیئێمە بە چاوی ئاسایی نایبینین



شاعیری ئەڵمانی "فردريك هۆڵدەرلين" حەفتا و سێ ساڵ ژیا(١٧٧٠-١٨٤٣)، نیوەی تەمەنی بەئاگا و نیوەکەی تری لە حاڵەتی شێتبوندا بردەسەر، بەڵام شێتیەکی تەواو نا کە لە پەلوپۆی خستبێت، لەو جۆرەش نا لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا شەڕانگێزبێت، بەڵكو شێتبونەکەی مانای هەڵاتن بوو لەبەردەم جیهاندا و پاشەکشەکردن بوو لێی، ئەگەر نەڵێین قێز کردنەوە بوو لێی. بە پێچەوانەی "نیتچە"وە کە بە درێژایی دوا دەساڵی ژیانی شێتبونەکەی وشەیەکی نەنوسی، کەچی "هۆڵدەرلين" سەدان لاپەڕەی نووسی، هەندێکیان (ڕەشکردنەوەیەکی) بێمانا و هەندێکی دیکەیان لە دایکبونی کۆمەڵێ شیعری بلیمەتانە و بێوێنە بوون، کە لە نێوان ١٨٠٧-١٨٤٣نوسراون، بگرە هەندێکیان پێش چەند هەفتەیەك یان لەوانەیە پێش چەند ڕۆژێ لە مردنەکەی نوسرابن، ئەودەمی نزیکەی چل ساڵێك بەسەر شێتبونەکەیدا تێپەڕیبوو.

ئەم شیعرانە ئەو شیعرانەن کە شاعیری فەرەنسی "بیێر جان گۆف) کۆیکردونەتەوە و دواتر بە هاوکاری "بییێر کلۆزۆفسکی" فەیلەسوف کە هاوڕێی"میشێل فۆکۆ" و وەرگێڕی کارەکانی "نیتچە"یە کردی بە فەرەنسی، پاشان لە دەزگای (گالیمار) چەند جارێك لەژێر ناونیشانی (شیعرە شێتەکانی هۆڵدەرلین) چاپکراونەتەوە.

"هایدگەر" وانەیەکی ناوازەی بەناونیشانی (هۆڵدەرلین و جەوهەری شیعر) وتەوە، هەر لە سەرەتاوە ئەم پرسیارەی خستەڕوو: بۆچی لای "هۆڵدەرلین" بەشوێن جەوهەری شیعردا دەگەڕێین و لای شاعیرێکی

دیکەی ئەڵمان یاخود غەیری ئەڵمان بۆی ناگەڕێین؟ بۆچی لای "گۆتە" یان "شەکسپیر" یاخود "فێرجیل" یان تەنانەت لای "(هۆمیرۆس" بۆی ناگەڕێین؟ ئەو شتە چییە وادەکات "هۆڵدەرلین" لە هەموو شاعیرەکانی دیکەی سەرزەوی جیابکاتەوە و وایلێدەکات کە جەوهەری شیعر لەودا بەرجەستە ببێت؟

ئەوە ڕاستگۆیی ڕەهایە لەگەڵ خود دا، ئەو ڕاستگۆییەی گەیاندیە لێواری شێتیەتی. "هۆڵدەرلین" نەیدەویست لەگەڵ واقعدا تێوەگلێت یاخود سازش لەسەر حەقیقەتی ناوەوەی خۆی بکات، ئەو ژێرکەوتنی لە ژیاندا لە سەرکەوتنێکی ساختە پێباشتر بوو. بگرە شێتبونی "هۆڵدەرلین" خەرمانەیەکی لە سیحر و لە سەرنج ڕاکێشان، لە نهێنی قوڵ و لە مەودای ناکۆتا کرد بە بەر شیعریدا. ئەو لەبەر ئەوەی وەك شێتی لێهات- پێش ئەوەی بە ڕاستی شێت بێت لەسەر لێواری شێتبون دەژیا- هەربۆیە توانی ئەو شتانە ببینێ کە بە چاوی ئاسایی نابینرێن، توانی لە کونی دەرگاوە ئەو جیهانەی دیکە ببینێ کە ئێمە لە حاڵەتی عەقڵ و مەنتیقدا ناتوانین ببینین، توانی جیهانی خەونە وەنەوشەییەکان لە ئامێز بگرێ، جیهانی پاك و بێگەرد، جیهانی شەفافیەت و بەخشندەگی کە هەمیشە گۆڕانی بۆ دەوت.

"هۆڵدەرلین" توانی گورزەیەك لە نوری ئاسمان لەسەر ئەو لێوارەی کە جیاکەرەوەی نێوان عەقڵ و شێتییە و، لەناو ئەو وێڵگە (المتاهات) دورانەی کە تەنها گەورەکان سەرکێشی تیادەکەن، بچنێتەوە. "هۆڵدەرلین" سەرکێشێکی زێدەڕۆ بوو، دەچووە ئەو شوێنە



ترسناکانەوە کە قەدەغەیە مرۆڤی تێبچێت، ئەو شوێنانەی وەك خۆی دەڵێت زەبرێکی وای لە "ئەپۆلۆ"دا کە توشی شێتبوونی کرد، "هۆڵدەرلین" نرخی سەرکێشی و دەستنەسرەوتنەکەی لەسەر شتێك دا کە هیچ بونەوەرێك بۆی نییە دەستی بۆ ببات، ئەویش (نهێنی گەردون و مانای بوون)ە.

لەبەر ئەم هۆیەیە "هایدگەر" سەرسامە پێی و وایدەبینێ (شاعیری شیعرە) واتە شاعیر ڕووت، ئەو شاعیرەی شیعرەکانی هیچ خەوشێکی تێدانییە، (هۆڵدەرلین) پێش شێتبونەکەی و پاش شێتبونەکەشی جیهانی خستبووە ناو شیعرەوە. شێتبونەکەشی لە بنەڕەتدا هیچ نییە تەنها ئەنگێزەیەکە لە شیعرەوە، هیچ نییە تەنها کۆتاییەکی ئاسایی ئەو سەرکەشییە نەبێت کە "هۆڵدەرلین"ی گەیاندە وێڵگە هەرە دوورەکان.

لە واقیعدا "هایدگەر" وا سەیری خۆی دەکات کە (بیرمەندی فیکرە) وەك چۆن "هۆڵدەرلین" لە شیعردا (شاعیری شیعرە). لێرەوە کاتێ "هایدگەر" لەبارەی "هۆڵدەرلین"ەوە قسە دەکات و بۆ بەرزترین پلە بەرزیدەکاتەوە، ئەوا لە هەمان کاتدا سەبارەت بە خۆشی قسە دەکات و حساباتی خۆی لەگەڵ سەردەم و هاودەمەکانیدا یەکلادەکاتەوە و، دەیەوێت هەر لە ڕێگەی شیعری درەوشاوەی ئەوەوە دواڕۆژی ئەڵمانیا و چارەنوسی خۆی ببینێ.

"هایدگەر" بۆ لێکدانەوەی شیعرەکانی "هۆڵدەرلین" پشت بە دەستەواژەیەکی "هۆڵدەرلین" دەبەستێ کە دەڵێ: (بەشێوەیەکی گشتی شاعیرەکان یان لە سەرەتای دروستبونی جیهاندا دەردەکەون یاخود لە

کۆتاییەکەیدا، ئەوەتا لە ولاتی رۆشنبیریدا گەلان لە ڕێگەی گۆرانییەکانەوە لە ئاسمانی مندالییانەوە دێنەخوارێ تاکو ڕۆبچنە نێو ژیانی عەمەلیانەوە، هەر لە ڕێگەی گۆرانیشەوە گەلان دەگەڕێنەوە بۆ ژیانی سەرەتایی یاخود ژیانی ڕەسەن)

چۆن لەم دەستەواژەیە تێبگەین کە هیچی لە شیعر کەمتر نییە؟ دەتوانین بڵێین جیهان بە شیعر دەستپێدەکات و بە شیعریش کۆتایی پێدێت، لە نێوان سەرەتا و کۆتایشدا هیچ نییە تەنها ژیانێکی پەخشان ئامێزی وشك نەبێت، ژیانێکی ڕۆشنبیری و تەکنۆلۆژیی و ژیاری . ئایا تەنها ڕێکەوتە کە شیعر لەسەر گۆڕەپانی شارستانیەتی ئەوروپی لەناوچووە یاخود خەریکە لەناو دەچێت؟ ئایا تەکنەلۆژیای سارد و سڕ دوژمنی سەرسەختی شیعر نییە؟ بەڵام دیسانەوە دەتوانین ئەوەش بڵێین کاتێ ئەم شارستانییەتە بە هۆی شتێکەوە دەڕوخێ، ئەوا دەگەڕێینەوە باوەشی شیعر وەك چۆن لە دێر زەمانەوە وابووە. لێرەوە ئیدی شیعر لە سەرەتا و کۆتایی شارستانیەدا دەوەستێ: لە سەرتادا بۆ ئەوەی ڕۆحی بکاتە بەر و لە کۆتایشدا تاکو بیلاوێنێتەوە، تاکو بۆی بگری.

"هایدگەر" بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەی بۆچی پەنا دەباتە بەر "هۆڵدەرلین"؟ چونکە تەنها قسەی شاعیر دەتوانێ ئەوە بکاتەوە کە بۆ ئێمە داخراوە، تاکو لەو چەق بەستنەی ژیان دەرمانبێنێ کە ڕۆژانە تێیدادەژین، زمانی مەنتیق و عەقلانیەت و فەلسەفە سنورێکی هەیە، کە ناتوانرێ تێپەڕێنرێ، ئەو کاتەی ئەم سنورانە دەوەستن، ئیدی زمانی شیعر دەستپێدەکات، شیعر (ڕادارێکە) تاریکی و پێچ و پەنا داخراوەکان



ئاشکرا دەکات، "هۆڵدەرلین"یش گڕیگرت تا پێچ و پەناکانی ئەڵمانیا ڕوناککاتەوە.

شاعیر کەسێکی سەرچڵە، هەڵەشەیە و بەمانای وشە شێتە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی زمان ناچاردەکات ئەوە بڵێت کە لە حاڵەتی ئاسایدا ناتوانێ بیڵێ و سنوری مەعنەوی باویش دەبەزێنێ. قسەی شیعری و قسەی پێغەمبەران وەك یەکن، "هۆڵدەرلین" بە درێژایی ژیانی لەو بڕوایەدا نەبووە بتوانرێ شیعر لە  موقەدەس جیابکرێتەوە.

کەسێکی دیکە هەیە پێویستە گوێی لێبگرین و لەوانەیە ئەو تاقە کەسێك بێت لە توانایدایە ڕکابەری هۆڵدەرلین لەسەر لوتکەی شیعری ئەڵمانیا بکات: بێگومان ئەو کەسە "ڕیلکەیە".

"ڕیلکە" دەزانێ "هۆڵدەرلین" کێیە، چونکە ئەویش لە (شوێنە سپییەکان) و (شوێنە کوێرەکان) دا سەرچڵی کردووە کە خەڵکی سادەو ساکار پەیپێنابەن و زیاد لە جارێکیش شێتی سەریلێداوە، بگرە هێندەی نەمابوو بکەوێتە ناو قوڵاییەکەیەوە. لە شیعرێکیدا کە پێشکەشی "هۆڵدەرلین"ی کردووەو بە گەورەم، یان بە مامۆستام ناوی دەبات دەڵێ:

(ئاه! ئەوەی گەورەی گەورەکان خەونی پێوەدەبینێ، تۆ، بێ هیچ پاڕانەوەیەك، بەدەستی دەهێنی، بەرد لەسەر بەرد دایدەنێی و باڵەخانەیەکی پتەوی لەسەر دروستدەکەی، تەنانەت داروپەردووەکەشی نەیتوانی لەناوت ببات) واتە شێتیش نەیتوانی کەسایەتیە بەرزەکەت بڕوخێنێ، مەزنیت لەناوبەرێت، هەموو شاعیرەکانی دیکە لەبەردەمتدا هیچ نین تەنها کۆمەڵێ قوتابیی بچوك نەبێت.

## چەند نمونەیەک لە شیعرەکانی "هۆڵدەرلین"

***سەختی بەردەوام بوون لە ژیان**

*هەموو خۆشی ئەم جیهانە گەنج بردی*
*هیچ ڕوبارێ لە ئاسۆوە دیار نییە*
*نیسان و ئایار دوور کەوتونەتەوە*
*هاوینیش دوور کەوتوەتەوە*
*منیش چیتر هیچ نیم و*
*ئارەزووی ژیانیشم نەماوە.*

***هێڵەکانی تەمەن**

*⋆هێڵەکانی ژیان وەك ڕێگاکانی ژیان بەربڵاون*
*سنورەکەشی ئەوەیە ئێمە لێرەدا وەستاوین*
*تەنها یەزدان دەتوانێ*
*بە وێرد و بە چاکە ئەبەدیەت و نەمری تەواو بکات.*

* * *

*بەهاری ڕۆژێکی تازە لە بەرزاییە دوورەکانەوە دێتە خوارێ*
*سپێدەش لە تاریك و ڕوونی بەریبەیانەوە بەخەبەردێ و*
*بە شێوەیەکی ئاسودە و دڵڕفێن بۆ مرۆڤایەتی پێدەکەنێ.*

* * *

*ژیانی تازە لە ئایندەدا شاردراوەتەوە*
*وەك ئاماژەیەك بۆ ڕۆژە خۆشەکان.*



*خەریکە توشی وەهم دەبین*
*بەوەی دۆڵە گەورەکە و*
*سەرتاپای زەوی پڕ بووە لە گوڵ و گوڵزار*
*لەبەرامبەردا و لە وەرزی بەهاردا*
*هیچ بوارێك نەماوە بۆ گلەیکردن*
*بەهار، ئاه لە خۆری هەڵهاتوی، لە گوڵی لادێکانی!*
*ڕۆژەکان دێن و پڕن لە گوڵ*
*ئێوارانیش گوڵی خۆیان هەیە*
*سپێدە بێگەردەکان لە ئاسمانەوە دێنەخوارێ و*
*هەر لەوێوەش ڕۆژەکان لەدایك دەبن.*

* * *

*ئەوەتا وەك ئاماژەیەك بۆ مەزنی خواوەندەکان لەم جیهانەدا*
*ساڵ لەگەڵ وەرزەکانی وەك شکۆدارێك*
*یاخود وەك جەژنەکان بڵاودەبنەوە*
*مرۆڤ ئامادەی ئیشوکارەکانییەتی و سەرقاڵی شتی دیکەشە.*

"ستیڤان زفایگ" کە چەندین لاپەڕەی گرنگی بۆ هۆڵدەرلین تەرخان کردووە، لەو باوەڕەدایە شاعیر لەم شیعرانەدا گەڕاوەتەوە بۆ مندالّی. لەوانەیە ئەوە ڕاستبێت، ئەوە دەڵێین چونکە زۆرێك لەو شیعرانە تایبەتن بە وەرزەکان، بەهار، پایز، هاوین، زستان،" هۆڵدەرلین" لە ژورە بچوکەکەیەوە کە دەیڕوانی بەسەر ڕوباری

(نیکار)دا دەیتوانی یەکێك لە جوانترین دیمەنە سروشتیەکانی ئەڵمانیا ببینێ، بەڵام سروشت تەنانەت پێش شێتبونەکەشی لە شیعرەکانیدا ئامادەییەکی زۆری هەبووە، لێرەوە لەم لایەنەوە لە تێڕوانینی مندا هیچ شتێ نەگۆڕاوە، هێندە نەبێت لایەنی تێکشکاندن و کەنەفتبون و کەساسی ڕونتر و ئاشکراتر دەردەکەون. هەروەها سادە و ساکارییەکی جوان لە دێڕەکاندا بەدیدەکرێ. لەوانەیە تاقە شتێك کە گۆڕابێت سیمای خۆبەدەستەوەدانی شیعرەکانی بێت، چونکە کاتێ "هۆڵدەرلین" شێتبوو گەشتە مەنزڵ و وێستگەی خۆی، وەك "هایدگەر" دەڵێ (گەشتە دوا ئامانجی خۆی).

ئیدی "هۆڵدەرلین" دوای شەڕێکی درێژ لەگەڵ دژەکانی ناوخۆیدا، لەگەڵ وەسوەسە دۆزەخیەکانیدا، ئیسراحەتی کرد. لە ئێستا بەدەواوە چیتر هیچ شتێکی لا نەماوە تاکو جێبەجێی بکات یاخود بکەوێتە ململانێوە لەگەڵیدا.

لەم شیعرانەی کە ڕازیبونێکی قوڵ و ناسۆریەکی هێمنی پێوەیە، کەسێتی "هۆڵدەرلین"ی باش و ڕاکردوو لەژیان بەدیدەکەین. ئەمە لە شیعری یەکەمیدا زۆر ڕون و ئاشکرایە کە پێویست بە لێکدانەوە ناکات، بەڵام شتێکی دیکەش بەدی دەکەین: ڕازیبون بە قەدەر و ئارەزوی یەکگرتن لەگەڵ پێکهاتەکانی سروشت، لەم لایەنەوە پێدەچێ "هۆڵدەرلین" بەوفا و دڵسۆز بوبێت بۆ مامۆستا مەزنەکەی "جان جاك ڕۆسۆ".

سروشت دایکی سۆزدارمانە، لێیەوە هاتوینەتەدەر و بۆیشی دەگەڕێینەوە، لەسروشتدا ئاماژەکانی خواوەند بەرجەستە دەبێ و



جوانیەکانی یەزدان لە دروستکردنندا دەردەکەوێ، کاتێ "هۆڵدەرلین" لە کێڵگەکانی ترێ و دۆڵەکانی ئەڵمانیادا پیاسەی دەکرد، بە تەواوی لەگەڵ دیاردەکانی سروشتدا یەکی دەگرت، ئیدی خۆی وەك شتێك دانەدەنا و، گوڵ و بەرد و چۆلەکەش بەشتێکی دیکە، ئەو بەشێك بووە لەم هەمووە کە گەردونی داپۆشیوە.

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط٢٠٠٣/١١/٢

## رینیه ماریا ریلکە



نازانم بۆچی کاتێ وەرزی هاوین دێت، پێویستیم بۆ شیعر زیاتر دەبێ، من وەك نەخۆش چۆن ناوەناوە پێویستی بە دەرمان هەیە، ئاوا پێویستم بە شیعر هەیە. عەیامێکە هەستدەکەم نەخۆشی شیعرم و تەنها شیعریش چاکمدەکاتەوە. تاقە شتێك کە جێی داخە ئەوەیە من هەموو زمانەکانی دیکەی جیهان نازانم، تاکو هەموو شاعیرێکی مەزن بە زمانە تایبەتەکەی خۆی بخوێنمەوە. ئەو کات من "تاگور"م بە زمانی هیندی دەخوێندەوەو، "هۆڵدەرلین" یاخود "ریلکە" یان "نیتچە"م بە ئەڵمانی دەخوێندەوەو "دیستۆفسکیگ یان "بۆشکین"م بە روسی دەخوێندەوە، چونکە شیعری وەرگێڕدراو وەك شیعرێکی نەزۆك وایە، داوای لێبوردنیش لە خوێنەر دەکەم چونکە من ئەم وشەیەم خۆشناوێت. من ئەوە دەڵێم و دەزانم وەرگێڕانی باش هەیە و ماندوبونی پێوە دیارە، هەر چۆنێك بێت وەرگێڕانی شیعر کارێکی پێویستە و من یەکێکم لە لایەنگرانی وەرگێڕانی شیعر. لە هەندێ جاردا دەقە بنەڕەتییەکە لە بەرامبەر دەقە وەرگێڕدراوەکەدا دادەنرێت، وەك ئەوەی لەم کتێبەی "ریلکە"دا کراوە. ئەم کارەش هەر دوو ڕەخنەگری فەرەنسی "جان ئیف ماسۆن" و "گابرییل ئالتین" پێیهەستاون و نوسەری بەناوبانگ خانم "مارگرێت یورسنار" پێشەکی بۆ نوسیوە. "مارگرێت" سەبارەت بە وەرگێڕانی شیعر دەڵێ:

(من گەرچی تاڕادەیەك هاوسەردەمی "ریلکە" بووم، بەڵام ناسینێکی شەخسی نەمناسیوەو زۆر درەنگ کتێبەکانیم خوێندووەتەوە، لە ساڵی مردنەکەیدا بەرهەمەکانیم خوێندووەتەوە. بەشێکی زۆری شیعرەکانی

تێگەشتن لێی سەخت و گرانە و نوقمی تەمومژێکی گەورەیە.. شیعری وەرگێڕدراویش تەنها بریتییە لە کۆترێکی پەڕوباڵ کراو، بریتییە لە جۆری دەریاکە بە زەبری هێز لە چوارچێوە سروشتییەکەی خۆی دەرهێنراوە. شیعری وەرگێڕدراو لەو دورخراوانە دەچێ کە لەسەر کەناری روبارە بیانیەکاندا ڕاوەستاون و خەفەت بۆ ئەوە دەخۆن کە لە نیشتیمانی خۆیاندا نین)

دواتر "مارگرێت یۆرسنار" بەردەوام دەبێ و دەڵێ: (بەڵام بەرهەمە پەخشان ئامێزەکانی و نامە تایبەتیەکانی و هەندێ لەو شیعرانەی ڕاستەوخۆ بە زمانی فەرەنسی نوسراون، هەروەها ئەو بەسەرهاتانەی کە خەڵکی لەسەر ریلکە بۆیان گێڕاومەتەوە، خەڵکانێك کە ریلکەیان ناسیوەو خۆشیان ویستووە، هەموو ئەوانە وایانکرد هەستێکی خۆشەویستی برایانەی بێکۆتایم لە بەرامبەر ریلکەدا هەبێت).

"ریلکە" هەستیدەکرد لەم جیهانەدا تەنهایە، بابەتی تەنهایی یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە زۆر جەختی لەسەر کردووە. ئەو لە نێو ئاپۆرەی خەڵکیدا خۆی بە تەنها دەزانی. بەڵام لە نێو ئەو بونەوەرانەی کە لە تەنهاییەکەیدا یارمەتیان دەداو باری سەرشانیان سوك دەکرد، دەتوانین ناوی خوداو بەهار و منداڵی و با بێنین، بەڵێ (با) بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەو بایەی پێش ئەوەی بگات بە ئێمە بەسەر درەختی چەندین وڵاتدا تێپەڕیوە. ئێستا یادکردنەوەی "ریلکە" بوەتە شنەیەکی سوك و هێمن کە جار جارە و تاوناتاوێك بەسەرماندا گوزەردەکات،تاکو تەنهاییە دڵتەنگەکەمان یاخود دڵەڕاوکە



ترسێنەرەکەمان بڕەوێنێتەوە.

"ریلکە" بۆ خۆی دڵەڕاوکەیەکی شێتانە و نەخۆشی هەبوو کە ناکرێ هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێ چونکە ئەو دڵەڕاوکەیە ڕۆچوبووە قوڵایی منداڵییەوە. ئەوە شیعر بوو دڵەڕاوکە ناوخۆییەکەی دەمژی، شیعر بۆ ڕیلکە وێستگەی ئیسراحەتکردن بوو: واتە مێرگێك بوو لە بیابانی ژیاندا.

هەموو ژیانی ریلکە بریتییە لەو گرژی یاخود هەڵچون و داچونە بەردەوامەی نێوان دڵەڕاوکەیەکی کوشندە و دڵنەواییەکی ماندو: واتە ئەو دڵنەواییەی بەزۆری زۆرداری دێت، ئەمەش دوای ئەوەی دڵەڕاوکە لێدانە کوشندەکەی خۆی دەوەشێنێت و دەگاتە دوا سنوری خۆی. لەبەرئەم هۆیەیە شیعرەکانی "ریلکە" مۆرکێکی ئارامبەخش و خۆبەدەستەوەدانی تێدایە. ئەمەش وەك ئەوە وایە شیعر قەرەبوی ژیان بکاتەوە یاخود ڕامکردنی ژیانە یان خۆدورخستنەوەیە لە مەترسیەکانی ژیان. شیعر ترس و دڵەڕاوکەمان، ئازارمان، خەم و خەفەتمان دەمژێ. لە شیعردا ڕزگاربوون، گەر کاتیش بێت دەدۆزینەوە، شیعر بە مانای تەواوی وشە وێستگەی ئیسراحەتکردنە.

گەر شیعر نەبوایە، ئەوا دڵەڕاوکە شێتانەییەکە بەرەو خەرەندی چاڵەکە فڕێیدەداین. گەر شیعر نەبوایە ئەوا شتگەلێکمان جێبەجێ دەکرد کە کەس تەحەمولی دەرئەنجامەکەی نەدەکرد. بەڵام یارییە دۆزەخیانەکەی دڵەڕاوکە سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە، تاکو شیعرێکی دیکە دێت و ئەو دڵەڕاوکە دۆزەخیانە لە سنوری خۆیدا ڕادەگرێ، ئیدی

ئا بەم جۆرە، نە دڵەڕاوکە کۆتایی دێت و نەشیعر.

گەر شیعر بۆ شاعیر چارەسەر بێت، ئەوا بۆ خوێنەریش چارەسەرە. شیعر بریتییە لە موسەکنێك یاخود هێورکەرەوەیەك بۆ گرژی هەڵچونە دەمارییەکان، لەبەرئەوە لە جیاتی ئەوەی بڕۆم بۆ دەرمانخانە تاکو هەندێ حەب و دەرمانی پزیشکی بکڕم، دەچم شیعر دەخوێنمەوە. هەر شاعیرێکیش یارمەتیمان نەدا بەرگەی تاڵی و ناخۆشی ژیان بگرین، تەنانەت گەر یارمەتیمان نەدا بۆ ئەوەی ساتێکی کەمیش دڵخۆش بین، ئەوا شایەنی ئەوە نییە بیخوێنینەوە. هەر شاعیرێك پانتاییەکی بچوك بۆ ژیان زیاد نەکات یاخود دەلاقەیەك نەکاتە دیواری داخراوی ژیان، ئەوا پشتگوێ دەخرێ و بێبایەخ دەبێ.

بەم مانایە شیعر سەبورییەکە لە جیهانێکدا کە سەبوری تێیدا نییە. لەم گۆشە نیگایەوە پەیوەندییەك لە نێوان شیعر و موقەدەسدا هەیە. لێکچونێکی ئاشکرا هەیە لە نێوان زمانی شیعری و زمانی ئایینی. بێگومان هەندێ جیاوازیش هەیە لە نێوانیاندا کە نامەوێ — یاخود ناتوانم — لێرەدا لەسەریان بوەستم.

هەردوو ڕەخنەگرەکە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەسودا کە هاوپێچە لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا دەڵێن: بابەتی شەو لای "ریلکە" هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە تاکو دوا ڕۆژەکانی ژیانی بریتی بووە لە هاجسێك. ئەمەش شیعرەکانی "نۆڤالسیس"مان بیر دەخاتەوە.

"ریلکە" لە کۆتایی ١٩١٢و سەرەتای ١٩١٣ لە ئیسپانیا نیشتەجێ بوو، سودێکی زۆریشی لەو نیشتەجێ بوونە وەرگرتووە. لەوێ دەرفەتی



ئەوەی بۆ ڕەخسا متەسەوفە ئیسپانیەکان بناسێ، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی قورئانی پیرۆزی خوێندوەتەوە، بەڵێ قورئانی پیرۆز! "ریلکە" لەو گەشتەیدا بۆ ئیسپانیا بۆ یەکەمجار قورئانی ناسی. قورئانی پیرۆز کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دروستکرد.

دیوانی (شیعر بۆ شەو) لە دیوانە بەناوبانگەکەی (لاواندنەوەی دۆمینۆ) جیاوازترە، لەم دیوانەیدا — شیعر بۆ شەو — باس لە بابەتێکی تایبەت دەکات و تێیدا قووڵ و قوڵتر دەبێتەوە و بە چەندین شێوە پیشانی دەدات. "ریلکە" لە میانەی بابەتی شەو یاخود لە میانەی زوڵمەتی شەوەوە بە شوێن ئەو شتەدا دەگەڕێ کە لە دیوانی (لاواندنەوەی دۆمینۆ)دا ناوی ناوە کرانەوە یاخود ئاسۆی کرانەوە، دەکرێ بڵێین کرانەوە لە ناوجەرگەی داخستندا. گەر داخران نەبوایە، ئەوا هیچ پێویستییەك بۆ کرانەوە نەدەبوو.

شیعریش بەمانایەك لە ماناکان واتە کردنەوەی کونێك لە دیواری داخراو. کەشفی شیعری گەر بۆ ساتێکیش بێت مانای سەرکەوتن و ئازادی دەگەیەنێ. لێرەوە (لەم شیعرەی ڕیلکەدا)ئاخاوتنی شیعری لە هەندێ وشەی بنەڕەتیدا چڕ دەبێتەوە، هەندێ وشە لە جۆری: (سیما، فریشتە، پانتایی، شەو، ئەستێرە، مانگ). بەڵام لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی دیکە تێبینی هەندێ بەلەکۆنە یاخود پەنجەرە دەکرێ کە بە شێوەیەکی کز رۆشنکراوەتەوە، هەروەها هەندێ گردۆڵکە و گڵۆپ و شەقام و چرا دەبینرێ. ئا ئەمەیە چوار چێوە گشتییەکەی ئەم شیعرانە.

لەم سەروبەندەشدا شتێکی بنەڕەتی روودەدات کە ناکرێ دەستبگری بەسەریدا، شتێك پەیوەندی بە خۆشەویستیەوە هەیە: یاخود ناتەواوی خۆشەویستی یان پێویستی بۆ خۆشەویستی..هتد. کاتێ شیعر باڵدەگرێ وەك پەرجوویەك دەردەکەوێ، وەك شتێکی لەڕادەبەدەر، ئەمە کەمترین حاڵەتە کە هەستی پێدەکەین کاتێ شیعری شاعیرە مەزنەکانی وەك "ریلکە" و "ڕامبۆ" و "بۆدلێر" و "رینیە شار" و "موتەنەبی" و "بەدەوی خەلیل"... هتد دەخوێنینەوە.

ئێستا با هەوڵدەین هەندێ لە شیعرەکانی "ریلکە" بخوێنینەوە، لە وەرگێڕانێکەوە وەرمانگێڕاوە!

**بازنەکانی شەو**

*کاتێ لە خەو هەڵدەستم و ئەستێرەکانی شەو دەبینم*
*تۆبڵێی لەو بەرزاییەوە تەنها بەسەر روخسارمی مندا هەڵدێن*
*مەبەستم روخساری ئێستامە.*
*یاخود لە هەمان کاتدا بەسەر سەرجەم ساڵەکانمدا هەڵدێن*
*ساڵەکانم*
*ئەو پردانەی بەسەر عەمودی رۆشناییەوە هەڵواسراون.*

* * *



*ئەوە کێیە دەیەوێ لەوێوە ڕێگا ببڕێ*
*ئەوەی وا دەزانێ من بۆ ئەو*
*تەنها پردی رووبارێکم*
*ئەوەی هەروا بەسەرمدا دەپەڕێتەوەو*
*بازنەیەکی فراوان دروستدەکات*
*ئەوەی باز دەدا بەسەرمدا و دەمبا*
*دەمبا وەك چۆن دێوانەیەك روقعەی شەترەنجێك دەباو*
*سورە لەسەر ئەوەی بردویەتییەوە؟*

"ریلکە" لە دیوانێکی دیکەی بەناوی (کتێبی کاتژمێرەکان) دەڵێ:

*ژیانم لە نێو کۆمەڵێ بازنەی فراواندا دەگوزەرێنم*
*لەنێو کۆمەڵێ شتدا کە درێژدەبنەوە*
*ڕەنگە نەتوانم بازنەی کۆتایی تەواو بکەم*
*بەڵام هەوڵدەدەم*
*ئاه*
*جارێك لەسەر پردەکە*
*کەوتنە خوارەوەی نەیزەکێکم بینی*
*نابێ هەرگیز ئەوە لە بیر بکەین. هەرگیز!*

پاشان ئەم شیعرە کە ڕاستەوخۆ بە فەرەنسی نوسراوە و من لێرەدا تەنها پارچەیەکی پێشکەش دەکەم:

*ڕێگاکان لە نێوان دوو پێدەشتا*
*دەچنەوە سەر ناشوێن*

*لەو باوەڕەدایین*
*ڕێگاکان لە ڕێگا ڕاستەقینەکانی خۆیان لایانداوە*
*ڕێگاکان هیچ شتێك لە بەرامبەریاندا نییە*
*تەنها بۆشاییەکی سپی و وەرزەکان نەبێت*

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٢٠٠٢/٧/٧

# نامەكانی ریلكە بۆ كچێكی هاوڕێی



وای هەستدەكرد دەرونی خاڵییە و توانای نوسینی هیچ شتێكی نییە. لەوانەیە ئەو وەك شاعیرە عەرەبەكان نەبێت، ئەوانەیان بە شیعرەكانیان دەورەتدەدەن گەرچی عەیامێكە شیعر وازی لەوان هێناوەو بەجێیهێشتون، ئەو هیچ شتێكی نەنوسی، چاوەڕوانی كۆتایی هاتنی جەنگی دەكرد، تاكو لەنێو ئەو هەراوزەنایەدا شتێك بەدیبكات، پاشان لە سویسراوە دەعوەتنامەیەكی پێگەشت كە كەڵكەڵەی حەزە كۆنەكەی بۆ سەفەركردن تێدا خستەوەگەڕ. ئەودەم بیریكەوتەوە ئەو گەڕیدە و موسافرێكی ڕەسەنی سەرتاپای ئەوروپایە، بگرە سەفەركردن دوای ئەندەلوس و باشوری ئیسپانیا گەیاندیە ئەفریقای باكور و میسر.

لە واقیعدا "ڕیلكە" كەسێكی وێڵ بوو، ماڵێكی جێگیری نەبوو، بێ ئاشنا یاخود بێ پەیوەندی بوو. جۆرێك لە (ئازادی ئازاد) دەژیا، واتە ئازادی ڕەها كە ئەو شێتەی دیكە "ئارسەر ڕامبۆ" لەبارەیەوە دواوە، ئەم ئازادییەش تەنها حاڵەتێكی گونجاوە بۆ نوسینی شیعر و بگرە بۆ هەموو نوسینێكی دیكەش. "ڕیلكە" وەك پیشەی هەموو جارەی بۆ ئەوەی كورسییەكی گونجاوی دەسكەوێت كە بڕوانێت بەسەر پەنجەرەكەدا و لێیەوە بەدرێژایی ڕێگاكە دەرفەتی بینینی دیمەنە سروشتیە دڵڕفێنەكانی هەبێت، زۆر زوو گەشتە وێستگەی شەمەندەفەرەكە. ناخۆشترین شت بەلای ڕیلكەوە ئەوەبوو لە گەشتەكەیدا بترنجێتە نێوان دوو كەسەوە! ئیدی ئەودەم هەستی بە هەناسەسواربون دەكرد یاخود هەستی بە شپرزەییەكی زۆر دەكرد، نەخێر، باشترین شت ئەوەیە چ لە ناوەوەی شەمەندەفەرەكە و چ لە دەرەوەی ئازاد بێت: واتە جەستەت

لەناوەوە بێت و چاو و ڕۆحت هەمووی لەدەرەوەبێت.

بەخت بەدەم "ڕیلکە"وە پێکەنی، ئافرەتێکی گەنجی قەشەنگ هات تاکو لە پاڵیدا دانیشێت، با بۆ ساتێك بیهێنینە پێش چاوی خۆمان، فەرمانبەرێکی گەورە بە ورگێکی زلەوە لەباتی ئافرەتەکە هاتو لە تەنیشتیەوە دانیشت.. چی ڕوودەدات؟ بێگومان "ڕیلکە" هەناسەی سواردەبوو، بە درێژایی ڕێگاکەش نەفرەتی لە بەختی خۆی دەکرد، لەوانەوش بوو لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێبدایە. پاش ئەوەی شەمەندەفەرەکە پڕ دەبێت، لەناکاو ژنێکی نەخۆش دێتە ژورەوە و لە ڕاڕەوەکەدا و لە تەنیشت هەردوکیانەوە ڕادەوەستێ، کچە شۆخەکە، دراوسێکەی "ڕیلکە"، دەمودەست هەڵدەستێ تاکو شوێنەکەی خۆی بداتێ، "ڕیلکە" یەکەمجار ئاگاداری مەسەلەکە نەبوو، بەڵام کاتێ تێگەشت کە چی ڕوودەدات، یەکسەر لەجێی خۆی بەرزدەبێتەوە و کورسیەکەی خۆی دەدات بە نەخۆشەکە و داوای لێبوردنیشی لێدەکات چونکە درەنگ کورسیەکەی پێداوە، "ریلکە" لەگەڵ کچە قەشەنگەکە ڕێدەکەوێت بەنۆرە لەسەر کورسییەکەی دیکە دانیشن، کاتێ کچەکە دادەنیشێ "ڕیلکە" بەپێوە ڕادەوەستێ و بە پێچەوانەشەوە، خۆشبەختانە ئەم حاڵەتە زۆر ناخایەنێت، کورسیەك بۆ نەخۆشەکە دەدۆزنەوە.. هەربۆیە ڕیلکە جارێکی دیکە لە تەنیشت دراوسێکەیەوە دادەنیشێتەوە.. ئیدی گفتوگۆیەکی ئاسایی لەوجۆرەی لە نێوان دوو ڕێبواردا و لە گەشتێکی درێژخایەندا ڕوودەدات، دێتە ئاراوە.

"ڕیلکە" بە خانمەکە دەڵێ کەوا هەست بە خۆشی و بە کرانەوە



دەکات، دوای ئەوەی جەنگ بە درێژایی پێنج ساڵ لە میونخ لە جوڵەی خستبوو، ئێستا هەست بە خۆشی و بە هەژان دەکات چونکە سەرلەنوێ توانانی هەیە سەفەر بکات، پاشان گفتوگۆکە لە بابەتێکەوە دەچێتە سەر بابەتێکی دیکە تا دەگاتە سەر ئەدەب، ئافرەتەکە پێی دەڵێ ئەو ئێستا ڕۆمانێکی "ڕۆمان ڕۆلان" کە تازەکی دەرکەوتووە دەخوێنێتەوە، "ڕیلکە" وەڵامی دەداتەوە "ڕۆمان ڕۆلان" دەناسێ کە ساڵی ١٩١٢ لە ئیسپانیا دەقێکی نوسیوە و تێیدا ئەم پەراگرافە گرنگە هاتووە کە دەربارەی (هەستە قوڵەکانی بوون) دەدوێت، واتە حاڵەتە یەکلایکەرەوە توندڕەوەکان کە تەنها (شێتەکان) پەیپێدەبەن.

دواتر گفتوگۆکە قوڵتر و چڕتر دەبێت بەبێ ئەوەی یەك وشە لەسەر کارەکانی "ڕیلکە" بێتەگۆڕێ، لە واقیعدا "ڕیلکە" هەستی بە خۆشییەکی ناوەکی دەکرد چونکە بەلای خانمەکەوە ئەو کەسێکی نەناسراوە، کەسێکی ئاساییە وەك ئەو کەسانەی دیکە کە دەکرێ بە ڕێکەوت لە سەفەرێکدا پێیبگەی، لەناکاو "ڕیلکە" ئەم پرسیارەی لێدەکات:

- خانمەکەم ئایا بایەخ بە شیعر دەدەی؟

دوای دوودڵی و زمانتێکئاڵانێك وەڵامی دەداتەوە: بایەخ بە هاوڕێ کۆنەکانم دەدەم، وەك "گۆتە" و "مۆریك" کە شاعیرێکی بەناوبانگە لە ئەڵمانیا کەچی لە دەرەوە نەناسراوە، بەڵام لە تازەکان تەنها سەرسامم بە "ڕینیە ماریا ڕیلکە!"

"ڕیلکە" لەسەر کورسییەکەی دادەچڵەکێ و هەڵدەچێ، بەڵام

بێئەوەی خۆی ئاشکرا بکات، ئەو دەیویست بە نەناسراوی لای خانمەکە بمێنێتەوە تاکو گفتوگۆکەیان بە درێژایی ڕێگاکە بە سروشتی و بە هەڕەمەکی بمێنێتەوە.

کاتێ شەمەندەفەرەکە لە سنوری سویسرا نزیك دەبێتەوە، "ڕیلکە" هەست بە دڵەڕاوکە دەکات، چونکە پۆلیس ئەوراقی گەشتیارەکان دەپشکنن. "ڕیلکە" بە شپرزەییەکی ناوەکی بەناوبانگ بوو، کە بە هۆ و بێ هۆ دەردەکەوت، "ڕیلکە" بەردەوام مۆتەکەیەك لەگەڵیدا بووە و نەیتوانیوە خۆی لێ ڕزگاربکات و بەسەریدا زاڵ بێت، هەربۆیە بۆ نمونە لەوە دەترسا پەساپۆرتەکەی ناتەواو بێت یاخود ڕەتکرابێتەوە، لەوکاتەدا ئافرەتەکە ئاوڕێکی دڵنیاییانە و لوتبەرزانەی لێدەداتەوە و دەڵێ دوامکەوە، گوێی مەدەرێ. دواتر خانمەکە دەڕوات بۆ ئەوەی شتێك بخوات و "ڕیلکە" لەدوای خۆیەوە جێدەهێڵێ، کاتێ ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە، یان لەڕێگای گەڕانەوەیدا، یەکێك ڕێیپێدەگرێ و لێیدەپرسێ: چۆن "ڕینیە ماریا ڕیلکە" دەناسی؟ بەسەرسوڕمانەوە وەڵامی دەداتەوە: بەڵام من بە هیچ شێوەیەك نایناسم! لە ژیانمدا نەمبینیوە.. پیاوەکە وەڵامی دەداتەوە: مەحاڵە، تۆ بە درێژایی گەشتەکە لەگەڵیا دانیشتبوی، من بینیمن پێکەوە چوبونە نێو گفتوگۆیەکی قوڵەوە.. ئەو دەم خانمەکە تێدەگات ئەو کەسە کێیە کە لە پاڵیدا دانیشتبوو، بە پەلە بەرەوڕوی کورسییەکەی ڕادەکات، دەبینێ "ڕیلکە" ڕاوەستاوە و بە خەندەوە پێشوازی لێدەکات، ئیدی دوای ئەوەی "ڕیلکە"هەستدەکات ئاشکرا بووە، لەگەڵ خانمەکە پێکەوە دەدەنە قاقای



پێکەنین.

بەکورتی ئەمە چیرۆکی ئەو نامانەبوو کە بۆ هاوڕێیەکی سەفەر نوسراوە، بەمدوایانە فەرەنسیەکان وەریانگێڕاوە و بۆ یەکەمجار بڵاویانکردۆتەوە و "مارك بێتی" ڕەخنەگریش لێکۆڵینەوەیەکی نایابی لە ژێر ناونیشانی (شاعیریەتی دیدار) بۆ نوسیوە، ئایا دیدارێکی بە ڕێکەوت جوانتر نییە لە دیدارێکی ئامادەکراو؟

"ڕیلکە"، وەك "هۆڵدەرلین" جیهانی خستۆتە ناو شیعرەوە، هەموو شتێکی دەگۆڕی بۆ شیعر، بۆ ساتێکی گرژبوو، ساتێکی چڕ. تۆبڵێی "ڕیلکە" خەونی بە پەیوەندییەکی سێکسیەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا بینیبێ؟ یان تەنها خەونی بە پەیوەندییەکی سۆزئامێزی ڕۆحییەوە بینیوە؟ یاخود خەونی بە هەردوکیانەوە بینیوە؟ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو خەونی بە پەیوەندیەکی ئازادەوە دەبینی تا ڕادەی ئەوەی بگاتە (نا پەیوەندی-اللاعلاقە-) گەر ئەم گوزارشتە ڕاستبێت، پەیوەندییەك بەندبێت لەسەر شتی کوتوپڕ و سەرسوڕهێن، پەیوەندییەك لە توانایدا هەبێ لە پەرشوبڵاوی جیهان بیهێنێتە دەرەوە. لە واقیعدا پەیوەندیەکە بە گەشتنی شەمەندەفەرەکە بە دوا وێستگەی کۆتایی پێهات، یاخود بڵێ دوای ئەوە بۆ ماوەیەکی کورت بەشێوەیەکی ڕۆحانی پاك و بێگەرد بەردەوام بوو، دواتر بە یەکجاری کۆتایی پێهات و هیچی لێنەمایەوە تەنها ئەو نامانە نەبێت کە لە دوورەوە دەیانگۆڕییەوە، لەوانەیە هەر ئەمەش بێت کە "ڕیلکە" حەزیپێکردبێت، ئەو دەیویست تەنها وەك خاڵێك یاخود فاسیلەیەکی

بچوك لە ژیانی ئەو ئافرەتە نەناسراوەدا بمێنێتەوە کە چیتر تا هەتاهەتایە نەیبینیەوە.

نامەکان تاقە کەناڵی پەیوەندی نێوان خۆی و ئەو بوون، حاڵەتی شیعریش هەر ئەمەیە، شیعر تەنها بە لێکدابڕان گەشە دەکات، هەرگیز بەیەکگەشتن شیعرێکی بەرهەم نەهێناوە مانای هەبێت.

ئەو ئافرەتە ڕۆشناییەك یاخود درەوشانەوەیەکی کتوپڕ بوو لە ژیانی ئەو شاعیرەدا کە جگە لە مۆتەکە و پێچوپەنا ناوەکیەکانی خۆی هیچی دیکەی نەدەزانی، ئەمەش بەسە، پێویستە پەیوەندییەکە لەوە زیاتر ئاڵۆز نەکرێ یاخود چیتر گەشەی پێنەدرێ. پێویستە بگۆڕدرێ بۆ "ناپەیوەندی"، واتە بگۆڕدرێ بۆ یادەوەری، بۆ شیعر.. هەموو پەیوەندیەکان ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگۆڕدرێن بۆ پەیوەندیەکی: هەڵوەشاوە، ڕەوینەوە، توانەوە و هیچی لێنامێنێتەوە تەنها پاشماوەیەك نەبێت لەنێو قوڵایی دڵێکی جێماودا.

شاعیر بەم مانایە، گەورەترین (خۆپەرستە-انتهازی-) لەسەر ڕوی زەوی، ئەو هەموو شتێ دەگۆڕێ بۆ شیعر، یان بڵێ ئەو هەموو شتێ لە پێناو کردنی بە سوتەمەنی شیعر بەکاردەهێنێ.

"مارك بێتی" لە پێشەکی گشتی کتێبەکەدا ئاوا دەڵێ: (شاعیر پێویستی بە تێکەڵی و بە کەڵەکەکردنی ئەو تێکەڵییەیە، دواتر ئەم تێکەڵییە دەخەملێ و لە قوڵایی یادەوەریدا یاخود لە قوڵایی نەستدا چڕ دەبێتەوە، پاشان وەك ئەوەی بە قودرەتی قادر، لە ناکاو لەسەر شێوەی شیعر دێتەدەرێ و دەتەقێتەوە، لەبەر ئەم هۆیەشە هاتنی شیعر



بەلامانەوە وەك موعجیزە وایە، کاتێ شاعیر شیعرێك دەخاتە سەر کاغەز بەلامانەوە وەك موعجیزە وایە، بەم مانایە شیعر بەختێکی دەگمەنە، هەڵەیەکە، یاخود دەرپەڕینێکە، کە ڕۆژگار زۆر بەکەمی ڕێگای پێدەدات).

شیعر بریتیە لە کارلێکێکی کیمیایی کە ژیانی پێکەوەیی و یادگارە لەبیر کراوەکان تێیدا دەتوێتەوە، دواتر لە ساتێکدا دەیانگۆڕێت بە حەقیقەتێکی شیعری کە نازانین کەی دێتە دی، بەم مانایە ئەوە شاعیر نییە کە شیعر دەنوسێ، بەڵکو ئەوە شیعرە کە لە میانەی شاعیرەوە خۆی دەنوسێ، یاخود خۆی ساغ دەکاتەوە بەسەریدا.

لێرەوە یەکەم شت کە لەسەر شاعیر پێویستە دەستڕەنگین بێت تێیدا بریتیە لە : لەبیرچونەوە. پێویستە هەموو پەیوەندیەکان و یادەوەریەکان هەزمبکات و لە میانەی کارلێکە کیمیاییەکانەوە وردوخاشیان بکات و بیانتوێنێتەوە، دواتر لەسەریەتی چاوەڕوانی هاتنی یاخود نەهاتنی شیعرەکە بکات، ئەم قسانە تەنها وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی ئەو پەرەگرافە بەناوبانگەیە کە "ڕیلکە" لە کتێبێکیدا (دەفتەرەکانی ماڵت لۆریدز برێج) وتویەتی، "ڕیلکە" لەو کتێبەیدا دەڵێ: (بۆ ئەوەی یەك دێڕ شیعر بنوسی پێویستە چەندین شارت بینیبێ، مرۆگەلێکی زۆر و شتگەلێکی بێشومارت بینیبێ، پێویستە تەنانەت ئاژەڵەکانیش بناسیت، پێویستە بزانیت یان (هەستبکەیت) باڵندەکان چۆن دەفڕن و بزانیت گوڵەکان لە بەرەبەیاندا چۆن دەکرێنەوە، پێویستە بتوانیت بیر لەو ڕێگایانە بکەیتەوە کە لە شوێنە

نادیارەکانن و، بیر لە بەیەکگەشتنی چاوەڕواننەکراو بکەیتەوە، بیر لەو کۆچکردنە بکەیتەوە کە عەیامێکە دەیبینین نزیك دەبێتەوە، پێویستە بیر لە ڕۆژانی منداڵی بکەیتەوە کە هێشتا پێچ و پەناکانی ڕوننەبوەتەوە.. پێویستە بیر لە بەیانیانی دەم ڕوبار بکەیتەوە، بگرە بیر لە خودی ڕوبار بکەیتەوە، لە دەریاکان، لە شەوانی سەفەر و لە فڕینی ئەستێرەکان بکەیتەوە، بەڵام تەنها بیرکردنەوە یاخود بەیادهێنانەوەی ئەوانە بەس نییە، بەڵکو پێویستە یادگارییە زۆرەکانی شەوانی خۆشەویستییە جیاوازەکان لەلات کۆببێتەوە، پێویستە بزانیت مردووەکان چۆن گیاندەدەن، دەبێ لە تەنیشتیانەوە دانیشی تاکو بزانی چۆن دەمرن، پێویستە پەنجەرەکە بەڕوی ئەو هەراوزەنایەی لەدوورەوە دێن کراوەبێت.. بگرە ئەوە بەس نییە کە یادگاریت هەبێت.. بەڵکو کاتێ زۆر دەبن پێویستە بزانیت چۆن لە بیریان دەکەیت. پێویستە توانای دانبەخۆتاگرتنت هەبێت تاکو دوای بیرچونەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەیان بیت، ئەمەش لەبەرئەوەی یادگاری مانای نییە تەنها دوای ئەوەی لە ناخماندا دەتوێتەوە، دوای ئەوەی تێکەڵ بە خوێن و بە ئێسکمان دەبێت، کاتێکیش نە ناو نە ناسنامەی نامێنێت و لە ناخماندا بە تەواوی دەتوێتەوە، ئەودەم، تەنها ئەو دەم، دەتوانی یەکەم وشەی دێڕە شیعرێك بنوسی..)

بێگومان ئەم قسانە قسەکانی "ئەبو تەمام" یاخود "ئەبو نەواس"مان بیردەخاتەوە، کاتێ گەنجێك دێت بۆلای و دەیەوێ ببێت بە شاعیر داوای لێدەکات ئامۆژگاری بکات، ئەویش پێی دەڵێ: هەزار دێڕ



شیعر لەبەربکە، دواتر لەبیریان بکە، پاش ئەوە شیعر بنوسە..(ئەم قسانە لە یادەوەرەییەکی دورەوە دەگوێزمەوە).

کەواتە بیرچونەوە پرۆسەیەکی بنچینەییە: مانای هەزمکردن، بەراوردکردن، ئیستیعاب کردنە. ئەو کەسەی کە (دەڕاخە) و توانای لەبیرچونەوەی نییە ناتوانێ داهێنەربێت. ڕەنگە ببێتە ئەکادیمییەکی گەورە، بەڵام ناتوانێ ببێتە شاعیرێکی بلیمەت. بلیمەت کەسێکە شتەکان لە ناوەوەی خۆیدا وردوخاش دەکات و قوڕقوشم دەکاتە زێڕ و شیعریش دەرەنجامی کارلێکردنێکی کیمیاوی ئاڵۆزە کە تەنها خواوەند پەی بە نهێنییەکەی دەبات.

**با گوێ لە هەندێ پارچە شیعری ڕیلکە بگرین**

*١-دەشێ هەندێ جار لەناخی شەودا*
*ڕەشەبایەك وەك منداڵ خەبەری بێتەوە*
*دواتر بەلەنجەولار دێتە نێو ڕاڕەوەکە و*
*دەکەوێتە ڕێ تادەگاتە نێو گوند*
*پاشان ڕەشەباکە دەچێتە پێش یاخود ساتمە دەکات*
*تادەگاتە گۆماوەکە، لەوێ ڕادەوەستێ*
*بۆ ئەوەی گوێ لەوەبگرێ کە لە دەوروبەری ڕودەدات:*
*خانوەکان هەمویان زەرد هەڵگەڕاون و دار بەڕوەکانیش بێدەنگن.*
*٢- هاژەی پاکی ڕوبار، ئەی کزەی شەوانەی دەریا*
*تۆ لە پێناو کەسدا نایەیت بۆلام*
*لە پێناو ئەوەی بێدارە دێیت، تاکو بتبینێت چۆن پێتدەگات.*

***ئەی کزە پاکەکەی دەریا***

***ئێوە وەك دەڵێن تەنها لە پێناو ڕەگەزی یەکەم هەڵدەکەن***

***لەدوورەوە، لەو فەزا سپیە بێ کۆتاییە، پەرش دەبنەوە..***

***ئاه! لەوێ و لە بەرزاییەکانەوە***

***لە ژێر پرشنگی مانگدا***

***چەند بۆنی دارهەنجیری پڕ لە ئاورنگت هەڵگرتووە.***

**سەرچاوە**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط٢٠٠٣/١١/٢٣